زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست
(٣٤)

پوختەیەك
لە
بیروباوەڕی ئیسلامەتی

نووسینی : شێخ محمد صالح العثیمین

وەرگێڕانی : مامۆستا محمد عبد الرحمن لطیف
وتارخوێنی مزگەوتی ئیمامی عەلی / کەلار

===================================

سایتی بەهەشت
www.ba8.org
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

مافی بڵاوکردنەوەی بۆ هەموو کەسێکە بەمەرجێ وەکو خۆی بڵاوبکرێتەوە و ئاماژە بەسایتی بەهەشت بکرێت

چاپی یەکەم ١٤٣٠ کۆچی

ناوی کتێب : **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ...

ناوی نووسەر : **شێخ محمد صالح العثیمین** .

ناوی وەرگێڕ : مـــحمد عبد الرحمن لطیف .

پێداچوونەوەی : مامۆستا خلیل أحمد .

ژمارەی سپاردن : ژمارە (٣٤٦)ی ساڵی (٢٠٠٢) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

زنجیرە : زنجیرەی (٣٤) سی و چوارەم لە زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست .

نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ـ (١٤٣٠ هـ / ٢٠٠٩) .

چاپ خانە : چاپەمەنی سیڤا / سلێمانی .

بنکەی بڵاوکردنەوە :

کتێبخانەی سوننە ــ سلێمانی .

کتێبخانەی زانست ــ کەلار .

کتێبخانەی سیما ــ چەمچەماڵ .

ناوەڕۆكی ئەم كتێبەیە بریتی یە لە :

پێشەكی وەرگێڕ

پێشەكی دانەر

ئاینی ئیسلام

ئاینی ئیسلام هەموو ئەو بەرژەوەندیانەی تێدایە كەوا لە ئاینەكانی پێشوودا هەبووە و پێشكەوتویشە بەسەریاندا

ئاینی ئیـــــسلام شیاوە بۆ هەموو كات و شوێن و ئوممـەتێك و واتای ئەم رستەیە

ئاینی ئیسلام : بیروباوەڕ و شەریعەتە و چەند نموونەیەك لە فەرمانەكان و قەدەغەكراوەكانی

پایەكانی ئیسلام روون كردنەوەی و بەرهەمەكانی

بنەماكانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی و بەڵگەكانیان

باوەڕبوون بە خوا

باوەڕبوون بە خوا چوار بوار دەگرێتەوە

بەڵگەكانی بوونی خوای گەورە : فیترەت و عەقڵ و شەرع و هەست

واتای پەروەردگار

نەزانراوە هیچ كەسێك (ئینكاری) پەروەردگارتی خوای گەورەی كردبێت بە بیروباوەڕەوە

واتای پەرستراوێتی

پوچەڵـێـتی پەرستراوێـتی جگە لە خـــوای گەورە بە چەندیـــــن بەڵگەی عەقڵی

واتای باوەڕبوون بە ناوەكانی خوا و سیفەتەكانی

لە بواری ناوەكانی خوا و سیفەتەكانی دوو تاقم گومڕا بوون و وەڵامدانەوەیان

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە خوای گەورە

باوەڕبوون بە فریشتە

باوەڕبوون بە فریشتە چوار بوار دەگرێتەوە

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە فریشتە

وەڵامـدانەوەی ئەوانەی كە ئیـنكاری ئەوە دەكەن كەوا فریشـــــــتە بەرجەستەن

باوەڕبوون بە كتێبەكان

باوەڕبوون بە كتێبەكان چوار بوار دەگرێتەوە

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە كتێبەكان

باوەڕبوون بە پێغەمبەران : یەكەمینیان و دواهەمینیان

هیچ نەتەوەیەك (ئوممەتێك) نەبووە پێغەمبەرێك (رسول) یان هەواڵپێدراوێكی (نَبِي) تێدا نەبووبێت

باوەڕبوون بە پێغەمبەران چوار بوار دەگرێتەوە

باوەڕ نەبون بە یەكێك لە پێغەمبەران باوەڕ نەبوونە بە هەموویان

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە پێغەمبەران

گومانی بەدرووخەرەوانی پێغەمبەران و پوچەڵكردنەوەی

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی سێ بوار دەگرێتەوە

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

گومانی نكۆڵیـــكەرانی زیندووبوونەوە و پوچەڵكردنەوەی بە شەرع و هەست و عەقڵ

هەندێك نموونەی هەستی بۆ زیندووكردنەوەی خوا بۆ مردووان

بە بەڵگە بوونــی عەقڵ لەسەر ئەوەی كە دەنگونجــێت زینـــــــدووبوونەوە هەبێت

ئەوانەی كە دەدرێنە پاڵ باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

گومانی نكۆڵــیكەرانی سزا و خۆشی گۆڕ و پوچەڵكردنەوەی بە شەرع و هەست و عەقڵ

وەڵامدانەوەی وتەكەیان كە دەڵێن : ئەگەر مردووەكە سەرهەڵدرێتەوە و دەربخرێت لە نێو گۆڕەكەیدا ... هتد .. لە چوار ڕووەوە

باوەڕبوون بە قەدەر

باوەڕبوون بە قەدەر چوار بوار دەگرێتەوە

باوەڕبوون بە قەدەر ئەوە ڕەد ناكاتەوە كەوا بەندە ویست و توانای هەیە بەسەر ئەو كردارانەیدا كە هەڵبژاردەی خۆیین

باوەڕبوون بە قەدەر بەڵگە و بیانو نابەخشێت بە بەندە بۆ وازهێنانی لە پێویستكراوەكان و ئەنجامدانی تاوانەكان

پوچەڵكردنەوەی ئەوە كردن بە بەڵگە و بیانو لە حەوت ڕووەوە

بەرهەمەكانی باوەڕبوون بە قەدەر

لە بواری قەدەردا دوو تاقم گومڕا بوون و وەڵامدانەوەیان

مەبەستەكانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز : ناوەڕۆكی ئەم كتێبە بریتی‌یە لە هەندێك زانیاری سەرەتایی زۆر گرنگ سەبارەت بە (بیروباوەڕی ڕاستی ئیسلام : بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە) كە بە بەڵگەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشتڕاستكراونەتەوە بە شێوازێكی زۆر پوخت و ئاسان .

بۆیە بە پێویستم زانی وەریبگێڕمە سەر زمانی كوردی بۆ ئەوەی ببێت بە دەروازەیەك بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت ئاشنا بن بە بابەتەكانی بیروباوەڕی ڕەسەنی ئیسلامەتی كە بە هۆی لادان و چەواشەكاری و لاسایی كردنەوەی كوێرانە و بێئاگایی زۆرێك لە خەڵك غەریب و نامۆ بووە لە نێو كۆمەڵگای موسڵماناندا بە گشتی !

وە بە باشی دەزانم لەم پێشەكی‌یەدا سێ خاڵت بۆ ڕوونبكەمەوە :

یەكەم : پێناسەی بیروباوەڕ (**العقيدة**) كە بریتی‌یە لە :

زانیاری بە حوكمە شەرعی‌یە گرێدراوەكان لە دڵدا كە وەرگیراون لە قورئان و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح .. وەك باوەڕبوون بە خوا و فریشتەكانی و كتێبەكانی و پێغەمبەرانی و بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر خێر و شەڕی ، هەروەها باوەڕبوون بە هەموو بوارەكانی غەیب .. و ڕەتكردنەوە و بەرپەرچدانەوەی بیدعە و شوبهات و بیروباوەڕە پووچەڵەكان .

كەواتە بیروباوەڕ ـ لای ئەهلی سوننە ـ بەو زانیاری‌یە ڕاستانە دەوترێت كە لە دڵدا جێگیربوون و دڵی لە سەر گرێدراوە و قەبوڵی گومان ناكەن .

دووەم : سەرچاوەی وەرگرتنی بیروباوەڕ كە بریتی‌یە لە :

ئایەتەكانی قورئان و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح و پێشەوایانی ئوممەت .

ئەمەیە سەرچاوەی وەرگرتنی بیروباوەڕی ڕاست و ڕەسەنی ئیسلامەتی ، جا هەر كەسێك لە هەر كات و شوێنێك بێت بیروباوەڕی لەم سەرچاوەیەوە وەرنەگرێت ئەوا دووچاری لادان (انـحراف) و گومڕابوون (ضَلال) و تیاچوون (هَلاك) دەبێت ، پەنا بە خوا .

سێیەم : هەر زانیارییەك كە لە پەراوێزی ئەم كتێبەدا نووسراوە ئەوە لە لایەن وەرگێڕەوەیە بە مەبەستی ڕوونكردنەوە و زانیاری زیاتر بۆ خوێنەر خراونەتە سەری .

داواكارم لە خوای پەروەردگار لە سەر بیروباوەڕی ڕاست و دروستی ئیسلام دامەزراومان بكات تاوەكو مردن و پاشان لە سەری حەشرمان بكات لە گەڵ پێغەمبەران و پیاوچاكان و پێشەوایانی ئوممەت و زانایانی ڕەسەنی ئیسلام ...

وەرگێڕ :

محمد عبد الرحمن لطيف

كەلار : (٠٧٧٠١٩٨٨٦٢٣)

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی دانەر :

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَتُوبُ إِلِيْهِ ، وَنَعُوْذُ باللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحسَانٍ وَسَلَّمَ تَسْلِماً .

أَمَّا بَعْدُ :

بەڕاستی (**زانستی یەکخوا پەرستی / علم التوحید**) بەڕێزترینی زانستەکانە و لە هەمووشیان پایەدارترە و فێربوون و گەڕان بەدوایدا لە زانستەکانی تر پێویست و واجب ترە ، چونکە (**زانستی یەکخوا پەرستی**) بریتی‌یە لە بوونی زانیاری بە خوای گەورە و ناو و سیفەتەکانی و مافەکانی بە سەر بەندەکانیەوە ، وە کلیلی ڕێگای بەرەو لای خوا چوونە ، وە بنچینە و بنەوای شەریعەتەکانیەتی .

لە بەر ئەمە هەموو پێغەمبەران کۆبوون لە سەر بانگەوازکردن بۆ (**یەکخوا پەرستی / التوحید**) ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾ [سورة الأنبياء] .

واتە : **هیچ پێغەمبەرێکمان لە پێش تۆ نە ناردووە ئیللا وەحیمان بۆ ناردووە کەوا هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە من نەبێت بۆیە تەنها من بپەرستن .**

وە خوای پایەبەرز شایەتی داوە بە تاك و تەنهایی خۆی ، هەروەها فریشتەکانی و زانایانیشی کردووە بە شاهید لە سەر ئەمە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴿١٨﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : **خوا شایەتی داوە بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت هەروەها فریشتەکان و زانایانیش شایەتیەکی ڕاوەستاو لە سەر دادپەروەریان داوە ، هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت خوا دەسەڵاتدار و دانایە .**

جا لە بەر ئەوەی پلە و بایەخی (**یەکخوا پەرستی**) ئاوەهایە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێك کەوا گرنگی و بایەخی پێبدات بە فێربوونی و فێرکردنی و تێفکران تێیدا و باوەڕ پێبوونی بۆ ئەوەی دین و ئاینەکەی بنیات بنێت لە سەر بنەمایەکی ڕاست و دڵنیا و ئارام و ملکەچبوون ، وە بەختەوەر و دڵشاد بێت بە بەروبووم و دەرئەنجامەکانی .

دانەر

ئاینی ئیسلام

ئاینی ئیسلام : ئەو ئاینەیە کەوا خوا پێغەمبەر (موحەمەدی ﷺ) پێ ناردووە ، و هەموو ئاینەکانی پێ کۆتایی هێناوە ، و کاملّی کردووە بۆ بەندەکانی و نیعمەتی خۆیی پێ تەواو کردووە بە سەریاندا ، ڕازیش بووە ببێت بە ئاینیان ، وە لە هیچ کەسێك هیچ ئاینێکی تر قەبولّ ناکات جگە لە ئاینی ئیسلام نەبێت .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ [الأحزاب] .

واتە : موحەمەد باوکی هیچ یەکێك لە پیاوانی ئێوە نەبووە بەڵکو پێغەمبەری خوایە و کۆتاهێنەری پێغەمبەرانە ، و خوا زانیاری بە هەموو شتێك هەیە .

وە فەرموویەتی : ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِى وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ ﴿٣﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : ئەمڕۆ من دینەکەتانم بۆ کاملّ کرد و نیعمەتی خۆمم بە تەواوی دابەسەرتانا و بە ئیسلامیش ڕازی بووم ببێت بە دین و ئاینتان .

وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ۗ ﴿١٩﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : بەڕاستی ئاین لە لای خوا بریتی‌یە لە ئیسلام .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ [آل عمران] .

واتە : هەر کەسێك بەدوای هەر ئاینێکی تردا بگەڕێت جگە لە ئیسلام ئەوا لێی قەبولّ ناکرێت و ئەو کەسەش لە ڕۆژی دوایدا لە دۆڕاو و زەرەرمەندانە .

وە خوای پایەبەرز لە سەر هەموو خەڵکی فەرز کردووە کەوا دینداری بۆ بکەن بە پێی ئاینی ئیسلام ، بۆیە قسە لە گەڵ پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) دەکات و دەفەرموێت : ﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴿١٥٨﴾ ﴾ [الأعراف] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ ئەی خەڵکینە من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەر هەمووتان ئەو خوایەی کەوا موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت مردوو زیندوو دەکاتەوە و زیندوویش دەمرێنێت لە بەر ئەمە باوەڕ بێنن بە خوا و پێغەمبەرە هەواڵپێدراوە نەخوێندەوارەکەی کەوا باوەڕی هەیە بە خوا و وتەکانی و ئێوەش شوێنی بکەون بەڵکو هیدایەت دراوبن .

وە لە (صحيح مُسلم)دا هاتووە (أبو هريرة ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی : ((والذي نفس محمد بيده لا يسمع بِي أحدٌ من هذه الأمة يهودي ولا نصراني ثُمَّ يَموتُ ولم يؤمن بالذي أُرسِلْتُ به إلاَّ كان من أصحاب النار))[1].

واتە : سوێند بەو خوایەی کە گیانی منی بەدەستە هیچ کەسێك نی‌یە لەم ئوممەتەدا هاتنی من ببیسێت (واتە ئاینی ئیسلامی پێبگات) : جوولەکە بێت یاخود گاور ئەنجا بمرێت و باوەڕی بەو ئاینە نەهێنابێت کەوا منی پێ

---

(1) رواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب وجوب الإيمان برسالة نبينا محمد ﷺ رقم : (٣٨٤) .

نێردراوە ئیللا ئەو کەسە دەبێتە خەڵکی ئاگری دۆزەخ .

وە باوەڕ بوون پێی بریتی‌یە لە : بەڕاست زانینی ئەو ئاینەی کە پێی هاتووە لە گەڵ قەبوڵ کردن و ملکەچ بووندا ، نەك تەنها بەڕاست زانین ، لە بەر ئەمە (أبو طالب)ی مامی پێغەمبەر (ﷺ) باوەڕدار نەبوو بە پێغەمبەر (ﷺ) لە گەڵ بەڕاست زانینی ئەو ئاینەش کە پێی هاتبوو ، وە لە گەڵ شایەتی دانیشی بەوەی کەوا باشترینی ئاینەکانە .

وە ئاینی ئیسلام : هەموو ئەو بەرژەوەندیانەی تێدایە کەوا لە ئاینەکانی پێشوودا هەبووە ، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو تایبەتمەندی و چاکەیەی تێدایە کەوا شیاو و گونجاوە بۆ هەموو کات و شوێن و ئوممەتێك ، خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ ﴿٤٨﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆ تۆ بە حەق و ئەو کتێبانەی پێش خۆی بەڕاست دەخاتەوە و هەموو ئەو بەرژەوەندیانەشی تێدایە کەوا لە کتێبەکانی پێشوودا هەبووە و زاڵیشە بەسەر هەموویاندا .

وە مەبەست لە شیاوێتی ئاینی ئیسلام بۆ هەموو کات و شوێن و ئوممەتێك ئەوەیە کەوا دەست گرتن بە ئاینی ئیسلامەوە بەرژەوەندیەکانی ئوممەت ڕەد ناکاتەوە لە هەر کات و شوێنێکدا بێت ، بەڵکو چاکێتی ئوممەتی پێوە بەندە ، وە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا ئیسلام ملکەچە بۆ هەموو کات و شوێن و ئوممەتێك هەروەکو هەندێك لە خەڵك دەیانەوێت .

ئاینی ئیسلام : ئاینی حەق و ڕاستی‌یە کەوا ئەگەر هەر کەسێك بەڕاستی دەستی پێوەبگرێت ئەوا خوا ئەوەی بۆ مسۆگەر دەکات کەوا سەری بخات و زاڵی بکات بەسەر جگە لە خۆیدا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾ [الصف] .

واتە : ئەو خوایەی کەوا پێغەمبەرەکەی ناردووە بە هیدایەت (زانستی بەسوود) و دینی حەق (کردەوەی چاك) بۆ ئەوەی سەری خات بە سەر هەموو ئاینەکاندا ئەگەر چی هاوەڵبڕیاردەرەکانیش پێیان ناخۆش بێت .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾ [النور] .

واتە : خوا بەڵێنی داوە بەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن کەوا جێنشینیان بکات لە زەویدا هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەوانی جێنشین کرد ، وە ئەو ئاینەشیان بۆ جێگیر و بەرقەرار کات کەوا پێی ڕازی بووە بۆیان و ترسەکەشیان بۆ بگۆڕێتەوە بە ئەمن و ئاسایش بوون بۆ ئەوەی من بە تەنها بپەرستن و بە هیچ شتێك هاوەڵ و شیرك ئەنجام نەدەن بۆم ، وە هەر کەسێك لە دوای ئەوە بێباوەڕی بکات ئەوا ئەوانە فاسق و لە ڕێدەرچوون .

وە **ئاینی ئیسلام** : **بیروباوەڕ و شەریعەتە** (واتە : لە گەڵ ئەوەدا کە بیروباوەڕە لە هەمان کاتدا دەستوری بەڕێوەبردنی ژیانیشە) ، وە کامڵیشە لە بیروباوەڕ و هەموو بڕیارەکانیدا :

١ ـ فەرمان دەکات بە یەکتاپەرستی خوای گەورە ، وە ڕێگری دەکات لە شیرك و هاوەڵبڕیاردان بۆ خوا .

٢ ـ فەرمان دەکات بە ڕاستگۆیی ، وە ڕێگری دەکات لە درۆکردن .

٣ ـ فەرمان دەكات بە دادپەروەری ، وە ڕێگری دەكات لە ستەم كردن ، وە دادپەروەری بریتی‌یە لە یەكسانی لە نێوان شتە هاوشێوەكان و جیاكردنەوەی نێوان شتە جیاوازەكان ، وە دادپەروەری بریتی نی‌یە لە یەكسانیەكی ڕەها هەروەكو چۆن هەندێك لە خەڵك دەریدەبڕن لە كاتێكدا كە دەڵێن : ئاینی ئیسلام ئاینی یەكسانیە بە ڕەهایی ، چونكە بەڕاستی یەكسانی لە نێوان شتە جیاوازەكاندا ستەمە و ئاینی ئیسلامی پێ نەهاتووە و دەست خۆشیش لە ئەنجامدەری ئەم كارە ناكرێت .

٤ ـ فەرمان دەكات بە دڵپاكی و سەرڕاستی و ئەمانەت پارێزی ، وە ڕێگری دەكات لە ناپاكی و خیانەت كردن .

٥ ـ فەرمان دەكات بە وەفاداری و پەیمان پارێزی ، وە ڕێگری دەكات لە غەدر كردن و ناپاكی و پەیمان شكاندن و بێوەفایی .

٦ ـ فەرمان دەكات بە چاكە كردن لە گەڵ باوك و دایكدا ، وە ڕێگری دەكات لە ئەزێت و ئازار دانیان .

٧ ـ فەرمان دەكات بە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی ، وە ڕێگری دەكات لە پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە .

٨ ـ فەرمان دەكات بە چاكەكاری لە گەڵ دراوسێدا ، وە ڕێگری دەكات لە خراپەكاری لە گەڵیاندا .

بەگشتی دەڵێم : بەڕاستی ئیسلام فەرمان دەكات بە هەموو ڕەوشتێكی بەرز و چاك ، وە ڕێگری دەكات لە هەموو ڕەوشتێكی سووك و خراپ .

وە فەرمان دەكات بە هەموو كردەوەیەكی چاك ، وە ڕێگری دەكات لە هەموو كردەوەیەكی خراپ .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ وَٱلۡإِحۡسَٰنِ وَإِيتَآيِٕ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَيَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ وَٱلۡبَغۡيِۚ يَعِظُكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٩٠﴾ [النحل] .

واتە : بەڕاستی خوا فەرمان دەكات بە دادپەروەری و چاكەكاری و بەخشینی ماڵ بە خزمانی نزیك و ڕێگریش دەكات لە خراپەكاری و تاوان و ستەم ، بەمە ئامۆژگاریتان دەكات بۆ ئەوەی بیربكەنەوە .

پایەكانی ئیسلام

پایەكانی ئیسلام : بریتی‌یە لەو بنچینانەی كەوا ئاینی ئیسلامی لە سەر بنیات نراوە و بریتی‌یە لە پێنج پایە كە باسكراون لەو فەرموودەیەی كە (ابن عمر ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیگێڕێتەوە كەوا فەرموویەتی : ((بُنِيَ الإسلامُ على خمسة : على أنْ يُوَحَّدَ اللهُ ـــ وفي رواية على خمس ـــ : شهادةِ أنْ لا إله إلاَّ الله وأنَّ مُحمَّداً عبده ورسوله ، وإقامِ الصلاة ، وإيتاءِ الزكاة ، وصيامِ رمضان ، والحج)) ، فقال رجل : الحج وصيامِ رمضان ، قال : لا ، ((صيامِ رمضان ، والحج)) هكذا سمعته من رسول الله (ﷺ)[٢] .

واتە : ئیسلام بنیات نراوە لە سەر پێنج پایە : لە سەر ئەوەی كەوا خوا بە تەنها بپەرسترێت ـ وە لە ریوایەتێكی تردا هاتووە : شایەتی دان بەوەی كەوا هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ، وە بەڕاستی (مُحمَّد ﷺ) عەبد و پێغەمبەری خوایە ، و ئەنجامدانی نوێژ ، و زەكات دان ، و ڕۆژووی ڕەمەزان ، و حەج

---

[٢] رواه البخاري ، كتاب الإيمان ، باب الإيمان وقول النبي ﷺ : "بُنِيَ الإسلام على خمس" ، رقم : (٨) ، ورواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب بيان أركان الإسلام ودعائمه العظام ، رقم : (١١١) .

کردن ، پیاوێك وتی : حەج کردن و ڕۆژووی ڕەمەزان ، (ابن عمر) فەرمووی : نەخێر ، ڕۆژووی ڕەمەزان و حەج کردن ، بەم شێوە بیستوومە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) .

١ ـ شایەتی دان بەوەی کەوا **هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا** ، **وە بەڕاستی** (مُحمَّد ﷺ) **عەبد و پێغەمبەری خوایە** : بریتییە لە باوەڕێکی یەکلا و بێگومان کەوا بە شایەتی دان بە زمان دەریدەبڕێت ، ئەوەندە یەکلا و بێگومانە لەو باوەڕەیدا وەکو بڵێی بە چاو دەیبینێت ، وە ئەم شایەتی دانە کراوە بە یەك پایە لە گەڵ ئەوەی کە شایەتی پێدراو لە دانەیەك زیاترە :

ئەمەش یان لە بەر ئەوەیە کەوا پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیەنەرە لە لایەن خوای گەورەوە ، ئەوا شایەتی دان بۆی بە عەبدایەتی و پێغەمبەرایەتی لە تەواوکەری شایەتی دانە بەوەی کە **هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا** .

وە یان لە بەر ئەوەیە کەوا ئەم دوو شایەتی دانە بنچینە و بنەمای ڕاست و دروستێتی و قەبوڵکردنی کردەوەکانە ، چونکە هیچ کردەوەیەك ڕاست و دروست نییە و قەبوڵیش ناکرێت ئیللا بە نیەت پاکی بۆ خوای گەورە و شوێنکەوتنیش بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبێت :

چونکە بە (نیەت پاکی بۆ خوای گەورە / الإخلاص لله) شایەتی (**هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا**) بە دی دێت ، وە بە (شوێنکەوتن بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ) شایەتی (**بەڕاستی** مُحمَّد ﷺ **عەبد و پێغەمبەری خوایە**) بە دی دێت .

وە لە بەرهەمەکانی ئەم شایەتومانە گەورەیە : ئازادکردنی دڵ و دەروونە لە بەندایەتی کردن بۆ دروستکراوەکان و هەروەها لە شوێنکەوتنیش بۆ جگە لە پێغەمبەران .

٢ ـ وە ئەنجامدانی نوێژ بە ڕێکوپێکی بریتییە لە : پەرستنی خوای گەورە بە کردنی نوێژەکان لە سەر شێوازێکی ڕێك و ڕاست و بەردەوام و تەواو و کامڵ لە ڕووی کاتەکان و شێوەی ئەنجامدانیەوە .

وە لە بەرهەمەکانی نوێژ کردن : فراوان بوونی سنگ و ئۆقرەگرتنی چاو و ڕێگری کردن لە خراپەکاری و تاوان .

٣ ـ زەکات دان بریتییە لە : پەرستنی خوای گەورە بە بەخشینی ئەندازەی واجب کراو لەو ماڵانەدا کەوا حەقی زەکاتی تێدایە .

وە لە بەرهەمەکانی زەکات دان : پاك کردنەوەی دەروونە لە ڕەوشتی سوکی ڕەزیلی و چاوچنۆکی ، هەروەها پڕکردنەوەی پێداویستی ئیسلام و موسڵمانان .

٤ ـ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بریتییە لە : پەرستنی خوای گەورە بە خۆگرتنەوە لە بەتاڵکەرەوەکانی ڕۆژوو لە ڕۆژی ڕەمەزاندا .

وە لە بەرهەمەکانی ڕۆژوو : ڕاهێنانی دەروونە لە سەر وازهێنان لە شتە خۆش و خوازراوەکان بە مەبەستی دەستخستنی ڕەزامەندی خوای گەورە .

٥ ـ حەج کردنی ماڵی خوا بریتییە لە : پەرستنی خوای گەورە بە ڕۆیشتن بۆ ماڵە حورمەتگیراوەکەی بۆ ئەنجامدانی دروشمەکانی حەج .

وە لە بەرهەمەکانی حەج کردن : ڕاهێنانی دەروونە لە سەر بەخشینی توانای ماڵی و جەستەیی لە گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە ، لە بەر ئەمە

حەج کردن جۆرێکە لە جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورە .

ئەم بەرهەمانەی کە باسمان کردن بۆ ئەم پایە و بنەمایانەی ئیسلام و ئەوانەش کە باسمان نەکردوون ئەم ئوممەتە وا لێدەکات کەوا ببێت بە ئوممەتێکی موسڵمانی پاك و بێگەرد و دینداری ئەنجامبدات بۆ خوا بە دینی حەق و ڕاستی ، وە ڕەفتار بکات لە گەڵ دروستکراوەکانی خوادا بە دادپەروەری و ڕاستگۆیەتی ، چونکە دروشم و ئەحکامە شەرعیەکانی تری جگە لەم پایانە چاك دەبێت بە چاك بوونی ئەمانە ، وە بارودۆخ و حاڵی ئوممەت چاك دەبێت بە چاك بوونی باری ئاینی ئوممەت ، وە بە ئەندازەی لە دەست چوونی چاکێتی باری ئاینی ئوممەت چاکێتی و باش بوونی حاڵ و بارودۆخی لە دەست دەچێت و دەفەوتێت .

جا هەر کەسێك دەیەوێت ئەمەی بۆ ڕوونببێتەوە ئەوا با ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە :

خـــــوای گـــــەورە فەرموویـــــەتی : ﴿وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْقُرَىٰٓ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَفَتَحْنَا عَلَيْهِم بَرَكَٰتٍ مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ وَلَٰكِن كَذَّبُوا۟ فَأَخَذْنَٰهُم بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ ﴿٩٦﴾ أَفَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا بَيَٰتًا وَهُمْ نَآئِمُونَ ﴿٩٧﴾ أَوَأَمِنَ أَهْلُ ٱلْقُرَىٰٓ أَن يَأْتِيَهُم بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ ﴿٩٨﴾ أَفَأَمِنُوا۟ مَكْرَ ٱللَّهِ ۚ فَلَا يَأْمَنُ مَكْرَ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴿٩٩﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : بەڕاستی ئەگەر خەڵکی شار و دێهاتەکان باوەڕبێنن و لە خوا بترسن و خۆپارێزی بکەن لە تاوان ئەوا ئێمە دەرگاکانی خێر و فەڕی ئاسمان و زەوییان بۆ دەکەینەوە بەڵام ئەوان حەق و ڕاستیان بە درۆ خستەوە بۆیە ئێمەش لەناویانمان برد بە هۆی کردەوەکانی خۆیانەوە ، ئایا خەڵکی شار و دێهاتەکان دڵنیان لەوەی کەوا لە شەودا سزامان نایانگرێتەوە لە کاتێکدا کە خەوتوون ؟ یان ئایا خەڵکی شار و دێهاتەکان دڵنیان لەوەی کەوا لە کاتی چێشتەنگاودا سزامان نایانگرێتەوە لە کاتێکدا کە یاری دەکەن ؟ ئایا ئەوان دڵنیان لە مەکری خوا بەڕاستی کەس دڵنیا نییە لە مەکری خوا ئیللا خەڵکانێکی خەسارۆمەند نەبن .

وە با بڕوانێتە مێژووی خەڵکانی ڕابردوو ، چونکە بەڕاستی مێژوو پەند و ئامۆژگارییە بۆ خاوەن بیر و هۆشەکان ، وە چاو ڕۆشنییە بۆ ئەوانەی کەوا پەردە سەر دڵی نەگرتوون ، خواش یارمەتیدەرە .

بنەماكانی بیروباوەڕی ئیسلامی

ئاینی ئیسلام ـ وەك لە پێشەوە باسمان كرد ـ بریتییە لە بیروباوەڕ و شەریعەت ، وە ئاماژەشمان كرد بۆ هەندێك لە دروشمەكانی و باسی ئەو پایانەی ئیسلامیشمان كرد كەوا بە بنچینە و بنەمای هەموو دروشم و ئەحكامەكانی تر دادەنرێن .

بنەماكانی بیروباوەڕی ئیسلامی بریتین لە : باوەڕبوون بە خوا و فریشتەكانی و كتێبەكانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر بە خێر و شەڕیەوە .

وە قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەن لە سەر ئەم بنەمایانە .

خوای گەورە لە كتێبەكەیدا فەرموویەتی : ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴿١٧٧﴾﴾ [البقرة] .

واتە : چاكە بەوە نییە كەوا ڕوو بكەن لە ڕووەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵكو چاكە بەوەیە كە باوەڕت هەبێت بە خوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەكان و كتێبەكان و پێغەمبەران .

خوای گەورە سەبارەت بە قەدەریش فەرموویەتی : ﴿إِنَّا كُلَّ شَىْءٍ خَلَقْنَٰهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾ وَمَآ أَمْرُنَآ إِلَّا وَٰحِدَةٌ كَلَمْحٍۭ بِٱلْبَصَرِ ﴿٥٠﴾﴾ [القمر] .

واتە : ئێمە هەموو شتێكمان دروست كردووە بە قەدەر و ئەندازە ، وە فەرمانی ئێمە تەنها یەك فەرمانە وەك چاوتروكانێك وایە .

وە لە فەرموودەكانی پێغەمبەریشدا (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە وەڵامی (جبریل)دا كاتێك كە پرسیاری لێكرد سەبارەت بە ئیمان فەرمووی : ((الإيمان : أنْ تُؤْمِنَ بالله وملائكته وكُتبه ورُسله واليوم الآخر وتُؤْمِنَ بالقدرِ خيره وشره))[٣].

واتە : ئیمان بریتییە لەوەی كە : باوەڕ بێنیت بە خوا و فریشتەكانی و كتێبەكانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی و باوەڕ بێنیت بە قەدەر بە خێر و شەڕیەوە .

باوەڕ بوون بە خوای گەورە

باوەڕبوون بە خوای گەورە چوار بوار دەگرێتەوە :

بواری یەكەم : باوەڕبوون بە بوونی خوای گەورە :

بەڵگەیش لە سەر بوونی خوای گەورە بریتییە لە : فیترەت و عەقڵ و شەرع و هەست پێكردن :

١ ـ بەڵگەی فیترەت لە سەر بوونی خوای پاك و بێكەموكوڕی ئەوەیە كە : بەڕاستی هەموو دروستكراوێك هەمواركراوە و بەدیهێنراوە لە سەر باوەڕبوون بە خوای بەدیهێنەر و دروستكاری بە بێ بیرلێكردنەوە یان فێركردنی پێش وەخت ، وە لاش نادات لە خواستراوی ئەم فیترەتە ئیللا كەسێك نەبێت كەوا شتێك هاتبێت بە سەر دڵیدا كە

---

[٣] رواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب بيان الإيمان والإسلام والإحسان ، رقم : (٩٣) .

لەم ڕاستىيە لايدابێت و گۆڕیبێتی ، ئەمەش لە بەر فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((ما من مولود إلاَّ ويولد على الفطرة ، فأبواهُ يهودانه ، أو ينصرانه ، أو يُمجسانه))[٤].

واتە : هیچ منداڵێك نىيە لە دایك ببێت ئیللا لە سەر فیترەت* لە دایك دەبێت ، دوای ئەوە باوك و دایکی دەیکەن بە جوولەکە یان بە گاور یان بە ئاگر پەرست .

٢ ـ بەڵگەی عەقڵ لە سەر بوونی خوای گەورە ئەوەیە :

کەوا ئەم دروستکراوانە ئەوانەی ڕابوردوو و ئەوانەی داهاتوویشیان پێویستە بەدیهێنەرێك هەبێت کەوا دروستیانی کردبێت و هێنابێتیانە دی ، چونکە مومکین نىیە کە خۆیان خۆیانیان بەدیهێنابێت ، وە مومکینیش نىیە کە بە ڕێکەوت بەدیهاتبێتن .

مومکین نىیە کە خۆیان خۆیانیان بەدیهێنابێت : لەبەر ئەوەی شت خۆی خۆی دروست ناکات چونکە ئەو شتە لە پێش بەدیهاتنی و هەبوونی نەبوو (عەدەم) بووە جا چۆن دەبێت بەدیهێنەر و دروستکار بێت ؟!

وە مومکینیش نىیە کە بە ڕێکەوت بەدیهاتبێتن : لەبەر ئەوەی هەموو بەدیهێنراوێك پێویستە بەدیهێنەرێکی هەبێت ، وە چونکە هەبوونی ئەم دروستکراوانە بەم شێوازە ڕێکخراوە سەرسوڕهێنەر و یەکخستنە پێکهاتوو و پەیوەندىیە یەکگرتووە کە لە نێوان هۆکارەکان و ئەوانەی کە لە پشتیانەوەن هەیە ، وە ئەوەش کە لە نێوان بونەوەران هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا هەیە ڕێگر دەبێت ڕێگرتنێکی یەکلایی کەوا بوونیان بە ڕێکەوت بێت ، چونکە ئەوەی کە بە ڕێکەوت دێتە بوونەوە ڕێکخراو نىیە لە بنچینەی هەبوونیەوە جا چۆن ڕێکخراو دەبێت لە کاتی مانەوە و پێشکەوتنیدا ؟!

وە ئەگەر مومکین نەبێت ئەم دروستکراوانە خۆیان خۆیانیان بەدیهێنابێت ، وە بە ڕێکەوتیش بەدینەهاتبێتن ، ئەوا تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کە بەدیهێنەرێکیان هەبێت ئەویش خوای پەروەردگاری هەموو جیهانە .

وە خوای گەورە ئەم بەڵگە عەقڵی و یەکلاکەرەوەییەی باس کردووە لەوێدا کە فەرموویەتی : ﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ٣٥﴾ [الطور] .

واتە : ئایا ئەو دروستکراوە بێباوەڕانە بە بێ هیچ دروست کراون یان خۆیان بەدیهێنەر و دروستکاری خۆیانن ؟*

کەواتە ئەو بێباوەڕانە دروست نەکراون بە بێ دروستکار و بەدیهێنەر ، وە خۆشیان خۆیان دروست نەکردووە ، بۆیە تەنها ئەوە دەمێنێتەوە کەوا دروستکار و بەدیهێنەریان خوای کار پڕبەرەکەت و پایە بەرز بێت ، لە بەر ئەمە کاتێك (جبير بن مطعم رضي الله عنه) گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو سورەتی (الطور)ی دەخوێندەوە و گەیشتە ئەم ئایەتانە کە خوای گەورە فەرموویەتی :

---

[٤] رواه البخاري ، كتاب الـجنائز ، باب ما قيل في أولاد الـمشركين ، رقم : (١٣١٩) .

* فیترەت واتە : خواناسی و ئیسلامەتی .

* بێ گومان نە ئەوەیانەتانێ کە بێ هیچ دروست کرابێتن چونکە عەقڵ هەرگیز تەصەوری ئەوە ناکات کەوا شتێك لە خۆڕا و بە بێ بەدیهێنەر دروست بوو بێت و هاتبێتە بوونەوە ، بەڕاستی ئەمە مەحاڵە !

وە نە ئەوەشیانە کەوا خۆیان خۆیانیان دروست کردبێت چونکە بە هەمان شێوە عەقڵ هەرگیز تەصەوری ئەوە ناکات کەوا دروستکراوێك کە خۆی لە خۆیدا دروستکراوە بتوانێت خۆی دروست بکات ، بەڕاستی ئەمە مەحاڵە !

کەواتە دەبێت کەسێك هەبێت ئەو دروستکراوانەی دروست کردبێت کە بریتىیە لە خوای بەدیهێنەر و خولقێنەری هەموو بوونەوەر و دروستکراوەکان .

﴿أَمۡ خُلِقُواْ مِنۡ غَيۡرِ شَيۡءٍ أَمۡ هُمُ ٱلۡخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمۡ خَلَقُواْ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ أَمۡ عِندَهُمۡ خَزَآئِنُ رَبِّكَ أَمۡ هُمُ ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ ﴿٣٧﴾﴾ [الطور] .

واتە : ئایا ئەو بێباوەڕانە لە هیچەوە دروست کراون یان خۆیان دروستکارن و خۆیان دروست کردووە ؟ یان ئاسمانەکان و زەویان دروست کردووە ؟ ئەوان دەزانن ئەمانە هیچیان وا نیە و تەنها خوا بەدهێنەریانە بەڵام دڵنیا نا بن ، ئایا خەزێنەکانی ڕەحمەتی خوا لای ئەوانە یان ئەوان دەسەڵاتیان هەیە بە سەر دروستکراوەکانی خوادا ؟ بێگومان نە هیچیان بە دەستە و نە دەسەڵاتیشیان بە سەر دروستکراوەکانی خوادا هەیە .

(جبير ﷺ) کاتێك گوێی لەم ئایەتانە بوو بێباوەڕ و موشریك بوو لە گەڵ ئەوەشدا وتی : نزیك بوو دڵم بفڕێت ، وە ئەوەش سەرەتای جێگیر بوونی ئیمان بوو لە نێو دڵمدا[٥] .

با نموونەیەك بهێنینەوە کە ئەمەمان بۆ ڕوون بکاتەوە :

بەڕاستی ئەگەر کەسێك باسی باڵاخانەیەکی بەرزت بۆ بکات ، کە چواردەور درابێت بە چەندین باخچە ، وە چەندین ڕووبار بە نێویدا بڕوات ، وە پڕ کرابێت بە چەندین فەرش و ڕاخراو ، وە ڕازێنرابێتەوە بە جۆراوجۆرترین شتی ڕازاوە لە بنەماکانی و تەواوکەرەکانی ، ئەنجا ئەو کەسە پێت بڵێت : بەڕاستی ئەم باڵاخانەیە و ئەوەشی کە تێیدا هەیە لە کاملێتی خۆی خۆیی بەدیهێناوە ! یان هەروا بە ڕێکەوت هاتووەتە بوونەوە بە بێ بەدیهێنەر ! ئەوا تۆ دەستپێشخەری دەکەیت لە نکۆڵی کردنی ئەو قسەیە و بە درۆ خستنەوەی ، وە ئەو قسەیەی بە قسەیەکی گێلانە دەژمێریت ، ئایا دوای ئەوە دەبێت ئەم گەردوونە فراوانە : بە زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکان و بوارەکان و ڕێکخستنە سەیرە زۆر جوان و سەرسوڕهێنەرە خۆی خۆیی بەدیهێنابێت یان بە ڕێکەوت هاتبێتە بوونەوە بە بێ بەدیهێنەر ؟!

٣ ـ بەڵگەی شەرع لە سەر بوونی خوای گەورە ئەوەیە :

کەوا هەموو کتێبە ئاسمانییەکان ئەمە دەردەبڕن و ئاشکرای دەکەن ، وە ئەوەی کە پێی هاتوون لە حوکمە دادپەروەریانەکان کەوا بەرژەوەندییەکانی بوونەوەر دەگرنە خۆیان بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا لە لایەن پەروەردگارێکی دانا و زانا بە بەرژەوەندییەکانی دروستکراوەکانی هاتوون ، وە ئەوەی کە پێی هاتوون لە هەواڵە گەردوونیەکان کەوا ڕۆژگار شایەتی دا بە ڕاستێتیان بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کەوا ئەو کتێبانە لە لایەن پەروەردگارێکی بەتوانا بە سەر بەدیهێنانی ئەوانەی کە هەواڵی پێداون هاتوون .

٤ ـ بەڵگەی هەست پێکردن لە سەر بوونی خوای گەورە لە دوو ڕووەوەیە :

یەکەمیان : بەڕاستی ئێمە ئەوەندە دەبیستین و دەبینین لە وەڵامدانەوەی پاڕانەوەی ئەوانەی کەوا لە خوا دەپاڕێنەوە ، وە لە فریاکەوتنی داماو و لێقەوماوەکان کەوا بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بن لە سەر بوونی خوای گەورە ، خوای پاك و بێکەم و کوڕی فەرموویەتی : ﴿وَنُوحًا إِذۡ نَادَىٰ مِن قَبۡلُ فَٱسۡتَجَبۡنَا لَهُۥ ﴿٧٦﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : وە لە پێشەوە نوح بانگی کردین ئێمەش وەڵامیمان دایەوە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِذۡ تَسۡتَغِيثُونَ رَبَّكُمۡ فَٱسۡتَجَابَ لَكُمۡ ﴿٩﴾﴾ [الأنفال] .

[٥] رواه البخاري مفرقاً ، كتاب التفسير ، باب تفسير سورة الطور ، رقم : (٤٥٧٣) .

واتە : لە کاتێکدا کە ئێوە داوای فریاکەوتنتان دەکرد لە خوای پەروەردگارتان و ئەویش وەڵامی دانەوە و فریاتان کەوت .

وە لە (صحيح البخاري)دا هاتووە (أنس بن مالك ﷺ) فەرموویەتی : ((إنَّ أعرابياً دخل يوم الجمعة والنبي (ﷺ) يخطب فقال : يا رسول الله هلك المال ، وجاع العيال ، فادعُ الله لنا ، فرفع يديه ودعا ، فثار السَّحاب أمثال الجبال ، فلم ينزل عن منبره حتى رأيتُ المطر يتحادر على لحيته (ﷺ) .

وفي الجمعة الثانية : قام ذلك الأعرابي أو غيره فقال : يا رسول الله تهدم البناء ، وغرق المال ، فادعُ الله لنا ، فرفع يديه وقال : اللهُمَّ حوالينا ولا علينا ، فما يشير بيده إلى ناحية إلاَّ انفرجت))[٦] [صحيح البخاري رقم : (٨٩١)] .

واتە : پیاوێکی دەشتەکی لە ڕۆژی جومعەدا هاتە ژوورەوە لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەخوێندەوە ، ئەنجا وتی : ئەی پێغەمبەری خوا سەروەت و سامانمان تیاچو ، خێزانمان برسی بوو ، کەواتە لە خوا بپاڕێرەوە بۆمان ، پێغەمبەریش (ﷺ) هەردوو دەستی بەرز کردەوە و لە خوا پاڕایەوە ، جا کوتوپڕ پەڵە هەور بڵاوەی کرد و تەقیەوە لە شێوەی شاخەکان ، وە پێغەمبەر (ﷺ) لە مینبەرەکەی دانەبەزیە خوارەوە تاوەکو بینیم باران بە ڕیشیدا دەچۆڕایە خوارەوە .

وە لە جومعەی دووەمدا هەمان پیاوی دەشتەکی یان کەسێکی تر هەستا و وتی : پێغەمبەری خوا خانووەکان رووخان ، ماڵ و سامان لە نێو ئاودا نقوم بوون ، کەواتە لە خوا بپاڕێرەوە بۆمان ، پێغەمبەریش (ﷺ) هەردوو دەستی بەرز کردەوە و وتی : خوایە بیبارێنە بە سەر دەوروبەرماندا نەك بە سەر سەرماندا ، جا ئاماژەی نەدەکرد بۆ هەر لایەك ئیللا بەو لایەدا دەتەقیەوە .

وە بەردەوام وەڵامدانەوەی پاڕانەوەی ئەوانەی کەوا لە خوا دەپاڕێنەوە شتێکی بینراوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ، ئەوەش بۆ کەسانێك کە بەڕاستی هانا بۆ لای خوای گەورە ببەن ، وە مەرجەکانی وەڵامدانەوەی دوعا لە خۆیاندا جێبەجێ بکەن .

ڕووی دووەمیان : بەڕاستی نیشانەی پێغەمبەران کە ناو نراون بە (المعجزات) و خەڵك دەیانبینن یان دەیانبیستن ، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەن لە سەر هەبوونی ئەو کەسەی کە ناردوونی ، ئەویش خوای گەورەیە ، چونکە ئەوانە شتانێکن بەدەر لە توانای مرۆڤ ، خوای گەورە بەڕێیان دەکات و بە دیان دەهێنێت بۆ ئەوەی ببنە پشتگیرییەك و سەرخستنێك بۆ پێغەمبەرانی .

نموونەی ئەمە : نیشانەی پێغەمبەر (موسی ﷺ) کاتێك کە خوای گەورە فەرمانی پێکرد بەوەی کە بە گۆچانەکەی بدات لە دەریاکە ، ئەویش لێی دا ، ئەنجا دوانزە ڕێگای وشکی لێ تەقیەوە و ئاو بە نێویاندا کەوتە ڕێ وەکو شاخەکان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰ مُوسَىٰٓ أَنِ ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْبَحْرَ ۖ فَٱنفَلَقَ فَكَانَ كُلُّ فِرْقٍ كَٱلطَّوْدِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٦٣﴾ ﴾ [الشعراء] .

واتە : سروشمان نارد بۆ موسا کەوا بە گۆچانەکەت بدە لە دەریاکە ئەویش لێی دا ، ئەنجا دەریاکە تەقیەوە بۆ دوانزە تەپۆڵکە کە هەر تەپۆڵکەیەکیان وەکو شاخێکی گەورە وابو .

[٦] رواه البخاري ، كتاب الجمعة ، باب الاستسقاء في الخطبة يوم الجمعة ، رقم : (٨٩١) .

نموونەی دووەم : نیشانەی پێغەمبەر (عیسی ﷺ) کەوا مردووی زیندوو دەکردەوە و لە گۆڕەکانیان دەریانی دەهێنایە دەرەوە بە ئیزنی خوا ، خوای گەورە لەبارەیەوە فەرموویەتی : ﴿وَأُحۡيِ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۖ ٤٩﴾ [آل عمران] .

واتە : وە مردوو زیندوو دەکەمەوە بە ئیزنی خوا .

وە فەرموویەتی : ﴿وَإِذۡ تُخۡرِجُ ٱلۡمَوۡتَىٰ بِإِذۡنِيۖ ١١٠﴾ [المائدة] .

واتە : وە تۆ مردوو لە گۆڕ دەهێنیتە دەرەوە بە ئیزنی من .

نموونەی سێیەم : نیشانەی پێغەمبەر (محمد ﷺ) کاتێك کەوا قورەیشیەکان لە مەککەدا داوای نیشانەیەکیان لێ کرد ، پێغەمبەریش (ﷺ) ئاماژەی کرد بۆ مانگ ، ئەویش بوو بە دوو لەتەوە و خەڵکیش بینیان ، وە لەم بارەیەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ١ وَإِن يَرَوۡاْ ءَايَةً يُعۡرِضُواْ وَيَقُولُواْ سِحۡرٌ مُّسۡتَمِرٌّ ٢﴾ [القمر] .

واتە : ڕۆژی دوایی نزیك بووەتەوە و مانگیش لەت بوو ، وە ئەگەر بێباوەڕەکان نیشانەیەك ببینن پشتهەڵدەکەن و دەڵێن ئەمە سیحرێکی بەردەوامە .

جا ئەم نیشانە هەست پێکراوانە کەوا خوای گەورە بەڕێیان دەکات و بە دییان دەهێنێت بۆ ئەوەی ببنە پشتگیرییەك و سەرخستنێك بۆ پێغەمبەرانی ، بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەن لە سەر هەبوونی خوای گەورە .

بواری دووەم کە باوەڕبوون بە خوای گەورە دەیگرێتەوە :

باوەڕ بوونە بە پەروەردگارێتی خوای گەورە واتە باوەڕبوون بەوەی کە تەنها خوای گەورە پەروەردگارە و نە هاوبەشی هەیە و نە یارمەتیدەر .

وە **پەروەردگار** : ئەوەیە کەوا دروست کردن و خاوەنێتی و بڕیار دانی بە دەست بێت ، جا دروستکار (بەدیهێنەر) نییە تەنها الله نەبێت ، وە خاوەنی ڕەها نییە تەنها الله نەبێت ، وە بڕیار دان بە دەستی کەسەوە نییە تەنها الله نەبێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ ٥٤﴾ [الأعراف] .

واتە : بزانە کەوا دروست کردن و بڕیار دان تەنها بۆ خوایە .

وە فەرموویەتی : ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣﴾ [فاطر] .

واتە : ئەوە خوای پەروەردگارتانە کەوا موڵك هی ئەوە و ئەوانەش کە ئێوە دەیانپەرستن و هاواریان تێدەکەن جگە لە خوای پەروەردگار خاوەنی توێژاڵی سەر ناوکە خورمایش نین و تەنانەت ئەوەشیان بە دەست نییە .

وە نەشزانراوە کەوا هیچ کەسێك لە دروستکراوەکان نکوڵی (ئینکاری) کردبێت لە پەروەردگارێتی خوای پاك و بێکەم وکوڕی ، ئیللا مەگەر کەسێکی ملنەدەر نەبێت کە خۆشی باوەڕی نییە بەوەی کە دەیڵێت ، هەر وەکو چۆن لە (فیرعەون)ەوە رووی دا ، لە کاتێکدا کە بە گەلەکەی خۆیی وت : ﴿أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ٢٤﴾ : من پەروەردگاری گەورەی ئێوەم [النازعات] .

وە (فیرعەون) وتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَأُ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي ٣٨﴾ [القصص] .

واته : ئەی خەڵكینە* وا نازانم پەرستراوێكی ترتان هەبێت جگە لە من .

بەڵام ئەمەی (فیرعەون) لە باوەڕپێبوونەوە نەبوو ، خوای گـەورە فەرمـوویەتـی : ﴿وَجَحَدُواْ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴿١٤﴾﴾ [النمل] .

واتە : (فیرعەون و گەلەكەی) لە رووالەتدا دانیان نەنا بـە ئایەتـەكانی خـوا بۆیـان و لـە ناخیشەوە دڵنیـا بـوون لێیان كەوا لە لایەن خواوە هاتوون ئەمەش بە هۆی ستەمكاری و خۆبەگەورە زانینیانەوە بوو** .

وە پێغەمبەر (موسـى ﷺ) بـە فیرعـەونی وت ـ وەك خـوای گـەورە لێیـەوە دەیگێـڕێتەوە ـ : ﴿لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴿١٠٢﴾﴾ [الإسراء] .

واتە : بەدڵنیاییەوە تۆ دەزانیت ئـەم ئایەتانـە كـەس داینەبەزاندوون ئـیللا پـەروەردگاری ئاسمانـەكان و زەوی نەبێت كە بەڵگەن لە سەر ڕاستێتی ئەو بەرنامەیەی كە من پێی هاتووم ، وە بەڕاستی من دڵنیام ئەی فیرعەون كەوا تۆ تیاچوویت و بەر لەعنەتی خوا كەوتویت .

لەبەر ئەمە هاوبەش ئەنجامدەرەكان (موشریكەكان) دانیان دەنـا بـە پـەروەردگارێتی خـوای گـەورەدا (يُقـرُّون بالربوبيَّة) ، لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەشیان بۆ بڕیادەدا لە پەرستراوێتیدا (ويُشركون في الألوهيَّة) خوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ [المؤمنون] .

واتە : ئەی پێغـەمبـەر بە هاوبەشبڕیادەرەكان بڵێ : ئایا زەوی و ئەوەشی كە تێیدا هەیە موڵكی كێن ؟ ﴿٨٤﴾ ئەوانیش دەڵێن : موڵكی خوان ، بڵێ : ئایا ئەی بۆ بیر ناكەنەوە ﴿٨٥﴾ بڵێ : كێ پـەروەردگاری حـەوت ئاسمانەكەیە و پـەروەردگاری عەرشی گەورەیە ﴿٨٦﴾ ؟ ئەوانیش دەڵێن : خوایە ، بڵێ : ئایا ئەی بۆ لە خوا ناترسن و خۆپارێزی ناكەن لە تاوان ﴿٨٧﴾ بڵێ : موڵكی هەموو شتێك بـە دەسـتی كێیـە و ڕێگری دەكات و ڕێگری لـێناكرێت ئەگـەر ئێـوە دەزانـن ﴿٨٨﴾ ؟ ئەوانیش دەڵێن : ئەوە بۆ خوایە ، بڵێ : ئایا ئەی بیر و هۆشتان بۆ كوێ دەچێت وەكو بڵـێی سـیحرتان لـێكرابێت ؟

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ ٱلْعَزِيزُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٩﴾﴾ [الزخرف] .

---

* وشەی (مَلَأ) لە زمانی عەرەبیدا بۆ خەڵكێكی تایبەت بە كار دەهێنرێت كە لە زمـانی كوردیـدا پێیـان دەوترێت : (پیاوماقوڵان یان ڕاوێژكاران و پیـاوانی دەوروبەری كاربەدەستان) .

** دوو ڕوونكردنەوەی كورت

١ ـ (**جَحَدُوا بِهَا**) واتە : بە زمان نكۆڵیان لـێ كرد و دانیان پێدا نەنا ، چونكە (**جَحَدَ**) ئینكاری كرد (**فعلُ اللسان**)ـە كـاری زمانـە ، بـەڵام (**اسْتَيْقَنَتْهَا**) واتە : بە دڵ دڵنیا بوون لێیان ، چونكە (**اسْتَيْقَنَ**) دڵنیا بوو (**فعلُ القلب**)ـە كاری دڵـە ، كەواتـە فیرعـەون و شـوێنكەوتەكانی ئینكـاری كردنیـان بـۆ خـوا و ئایەتەكانی تەنها بە زمان بووە چونكە ئەوان لە ناخەوە دڵنیا بوون لە هەبوونی خوای پەروەردگار.

٢ ـ هۆی ئەم ئینكاری كردن و دان پێدا نەنانەی فیرعەون و شـوێنكەوتەكانی دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو هۆكـار كـە لێرەدا خـوای گـەورە باسـی كـردوون : ﴿**ظُلْمًا وَعُلُوًّا**﴾ واتە : بۆ ئەوەی بتوانن ستەم بكەن و خۆیان بەرز ڕاگرن بە سەر خەڵكدا و دەست درێژیان بكەنە سەر ، كەواتە وشەی (**ظُلْمًا**) و (**عُلُوًّا**) بـە (مفعول لأجلهِ) (إعراب) شیدەكرێنەوە ، چونكە ئەگەر بێتوو ئەوان دانیان بە هەبوونی خوادا بهێنایەت ئەوا نەیاندەتوانی ستەم بكەن و خۆیان بـەرز ڕاگـرن چونكە دەربڕینی باوەڕبوون بە خوا و ستەم كردن و خۆ بەرزڕاگرتن پێكەوە ناگونجێن و نەسازن .

واتە : ئەگەر پرسیار بکەیت لە هاوبەش ئەنجامدەرەکان ئایا کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە ؟ بەدڵنیایی دەڵێن : خوای بەدەسەڵات و زانا دروستی کردوون .

وە خوای پاك و بێ کەم وکوڕی فەرمووییەتی : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ [الزخرف] .

واتە : ئەگەر پرسیار بکەیت لە هاوبەش ئەنجامدەرەکان ئایا کێ ئێوەی دروست کردووە ؟ بەدڵنیایی دەڵێن : خوا ، ئایا بۆ جگە لە خوا دەپەرستن و بە ناحەق شەریکی بۆ بڕیار دەدەن .

وە بڕیار و فەرمانی خوا بڕیار و فەرمانی گەردوونی و شەرعیش دەگرێتەوە ، جا هەر وەکو چۆن بەڕێوەبەری گەردوونە و فەرمانڕەوایە تێیدا بەوەی کە خۆی ویستی لێی هەبێت بە پێی ئەوەی کە دانایەتی خوا دەیخوازێت ، بە هەمان شێوە فەرمانڕەوایشە تێیدا بە دانانی پەرستشەکان (العبادات) و ئەحکامەکانی مامەڵەکان (المعاملات) بە پێی ئەوەی کە دانایەتی خوا دەیخوازێت ، جا هەر کەسێك لەگەڵ خوای گەورەدا بەرنامەداڕێژێك هەڵبژێرێت لە پەرستشەکاندا یان بڕیاردەرێك هەڵبژێرێت لە بواری مامەڵەکاندا ، ئەوا بەڕاستی ئەو کەسە شەریکی بۆ خوا بڕیارداوە ، و ئیمانی بە دی نەهێناوە .

بواری سێیەم کە باوەڕبوون بە خوای گەورە دەیگرێتەوە :

باوەڕبوونە بە پەرستراوێتی خوا (الإيمان بألوهيته) ، واتە : باوەڕبوون بەوەی کە بەڕاستی تەنها خوا پەرستراوی حەقە و هاوبەشی نییە ، وە [(الإله) بمعنَى : (المألوه) أي : (المعبود) حُبًّا وتعظيماً] واتە : پەرستراو لە بەر خۆشەویستی و گەورەیی .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ۖ لَّا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَٰنُ الرَّحِيمُ ﴿١٦٣﴾﴾ [البقرة] .

واتە : پەرستراوی ئێوە تەنها یەك پەرستراوە هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت ئەویش میهرەبان (خاوەنی ڕەحمەتێکی فراوانە) و بە بەزەییە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْمِ قَائِمًا بِالْقِسْطِ ۚ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١٨﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : خوا شایەتی داوە بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت هەروەها فریشتەکان و زانایانیش شایەتیەکی ڕاوەستاو لە سەر دادپەروەری ، هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها ئەو نەبێت خوا دەسەڵاتدار و دانایە .

وە هەر کەسێك پەرستراوێك هەڵبژێرێت لەگەڵ خوادا ، بیپەرستێت جگە لە خوا ، ئەوا ئەو پەرستراوێتییە پوچەڵە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِن دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ وَأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْعَلِيُّ الْكَبِيرُ ﴿٦٢﴾﴾ [الحج] .

واتە : ئەوە لەبەر ئەوەیە کەوا بەڕاستی تەنها پەرستراوێتی خوا حەق و ڕاستە ، وە بەڕاستی ئەو پەرستراوانەی کە هاوبەش ئەنجامدەرەکان دەیانپەرستن و لێیان دەپاڕێنەوە جگە لە خوا ئەوە پوچەڵە ، وە بەڕاستی تەنها خوا بەرز و گەورەیە .

وه ناونانیان به (پەرستراو / خوداوەند) مافی پەرستراوێتیان پێنابەخشێت ، خوای گەورە سەبارەت بە ـ سێ بتە پەرستراوەکان لە لایەن هاوبەش ئەنجامدەرەکانی مەککە و دەوروبەری ـ (ٱللَّٰتَ وَٱلۡعُزَّىٰ وَمَنَوٰةَ) فەرموویەتی : ﴿إِنۡ هِيَ إِلَّآ أَسۡمَآءٞ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ ٢٣﴾ [النجم] .

واتە : ئەمانە هیچ نین تەنها چەند ناوێك نەبێت كەوا ئێوە و باوباپیرانتان ناوتان لێناون و خوا هیچ بەڵگەیەكی لە بارەیانەوە دانەبەزاندووە .

وە خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەر (هود عليه السلام) كە بە گەلەكەیی وتووە : فەرموویەتی : ﴿أَتُجَٰدِلُونَنِي فِيٓ أَسۡمَآءٖ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٖۚ ٧١﴾ [الأعراف] .

واتە : مشتومڕم لەگەڵ دەكەن سەبارەت بە ناوانێك كەوا ئێوە و باوباپیرانتان ناوتان لێناون و خوا هیچ بەڵگەیەكی لە بارەیانەوە دانەبەزاندووە .

وە خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەر (يوسف عليه السلام) كە بە دوو هاوەڵی ناو سجنەكەی وتووە : فەرموویەتی : ﴿ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ٣٩ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍ ٤٠﴾ [يوسف] .

واتە : ئایا چەند پەرستراوێكی پەرتەوازە ـ لە نێوان دار و بەرد و گۆڕ و مردوو و خۆر و فریشتە ... هتد ـ باشترن یاخود خوای تەنها و بەدەسەڵات ٣٩ ؟ ئێوە هیچ ناپەرستن جگە لە خوا تەنها چەند ناوێك نەبێت كەوا ئێوە و باوباپیرانتان ناوتان لێناون و خوا هیچ بەڵگەیەكی لە بارەیانەوە دانەبەزاندووە .

لەبەر ئەمە پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) بە گەلەكانیان فەرمووە : ﴿ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ٥٩﴾ [الأعراف] .

واتە : خوا بپەرستن بە تەنها هیچ پەرستراوێكتان نییە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو .

بەڵام هاوبەش ئەنجامدەرەكان خۆیان گرتەوە لە ئەمە و قەبوڵیان نەكرد و چەندین پەرستراوی تریان هەڵبژارد جگە لە خوا و دەیانپەرستن لەگەڵ خوای پاك و بەرزدا و داوای سەركەوتن و فریاكەوتنیان لێیان دەكرد .

وە بەڕاستی خوای گەورە هەڵبژاردنی هاوبەش ئەنجامدەرەكانی بۆ ئەم پەرستراوانە پوچەڵ كردووەتەوە بە دوو بەڵگەی (عەقڵی) :

یەكەم : بەڕاستی ئەم پەرستراوانەی كە ئەوان هەڵیانبژاردوون هیچ تایبەتمەندێتی پەرستراوێتیان تێدا نییە ، چونكە ئەم پەرستراوانە دروستكراون و هیچ دروست ناكەن ، وە هیچ سوودێك ناهێنن بۆ ئەوانەی كە دەیانپەرستن و هیچ زیانێكیشیان لێدوور ناخەنەوە ، وە نە ژیانیان بە دەستە و نە مردنیش ، وە خاوەنی هیچ شتێك نین لە ئاسمانەكان و هاوبەشیش نین تێیدا .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةٗ لَّا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ وَلَا يَمۡلِكُونَ لِأَنفُسِهِمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗا وَلَا يَمۡلِكُونَ مَوۡتٗا وَلَا حَيَوٰةٗ وَلَا نُشُورٗا ٣﴾ [الفرقان] .

واتە : هاوبەش ئەنجامدەرەكان چەند پەرستراوێكیان هەڵبژاردووە جگە لە خوا كە ناتوانن هیچ شتێك دروست بكەن و خۆیان دروستكراون و بۆ خودی خۆشیان نەزیان و نەسوودیشیان بە دەست نییە و نە مردن و نە ژیان و نە زیندووكردنەوەشیان بە دەست نییە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ﴿٢٢﴾ وَلَا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ عِندَهُۥٓ إِلَّا لِمَنۡ أَذِنَ لَهُۥ ﴿٢٣﴾ ﴾ [سبأ] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ بە موشریکەکان : بانگ کەنە ئەوانەی کە دەیانپەرستن جگە لە خوا و داوایان لێدەکەن کەوا سوودتان پێبگەیەنن و زیانتان لێدوورخەنەوە تا بۆتان دەرکەوێت کە ئەوانە : خاوەنی سەنگی مێرولەیەکیش نین لە ئاسمانەکان و زەویدا ، وە شەریکی خواش نین تێیاندا ، وە یاریدەدەر و جێگری خواش نین لە هیچ شتێکدا ، وە تکا و ڕجا و شەفاعەتیش سوودی نی‌یە لای خوا ئیللا بۆ کەسێك نەبێت کە ئیزن و روخسەتی پێدابێت * .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَيُشۡرِكُونَ مَا لَا يَخۡلُقُ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ﴿١٩١﴾ وَلَا يَسۡتَطِيعُونَ لَهُمۡ نَصۡرٗا وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ﴿١٩٢﴾ ﴾ [الأعراف] .

واتە : ئایا کەسانێك و شتانێك دەکەن بە شەریکی خوا و دەیانپەرستن و هاواریان تێدەکەن کەوا هیچ شتێك دروست ناکەن و خۆیان دروست دەکرێن ﴿١٩١﴾ وە ناتوانن سەریان بخەن و نە خودی خۆشیان سەردەخەن .

جا ئەگەر ئەمە حاڵی ئەو پەرستراوانە بێت ئەوا بەڕاستی کردنیان بە پەرستراو گێلانەترین گێلێتی‌یە و پوچەڵترین پوچەڵێتی‌یە .

دووەم : بەڕاستی ئەو هاوبەش ئەنجامدەرانە خۆیان دانیان بەوەدا دەنا کەوا بە تەنها خوای گەورە پەروەردگار و دروستکارە و موڵکی هەموو شتێك بە دەستی ئەوە و ڕێگری دەکات و ڕێگری لێناکرێت ، ئەمەش ناچارکارە بۆ ئەوەی کە یەکتای بکەنەوە بە پەرستراوێتی هەروەکو چۆن یەکتایان کردووەتەوە بە پەروەردگارێتی ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾ [البقرة] .

واتە : ئەی خەڵکینە پەروەردگارەکەتان بپەرستن کە ئێوە و ئەوانەی

---

* واتە بۆ ئەوەی ناشیاوێتی و ناشایستەیەتی پەرستراوێتی غەیری خوا نیشانی موشریکەکان بدەیت و بەڵگەی ڕوون بخەیتە بەردەستیان لەسەر ئەوەی کە پەرستراوەکانیان بە هیچ شێوەیەك هیچ لە سود و زیانیان بەدەست نی‌یە ، کەوابو شایستەی ئەوە نین ڕەجای دەست خستنی خێر و لادانی زیانیان لێ بکرێت و هاواریان بکرێتێ لەبەر ئەوەی هیچیان بەدەست نی‌یە ، چونکە ئەوانە :

- خاوەنی سەنگی مێرولەیەکیش نین سەربەخۆ لە ئاسمانەکان و زەویدا.
- وە لەوەش کەمتر بە شەراکەتیش لەگەڵ خوا هیچ بەشێکیان نی‌یە.
- وە لەشەراکەتیش کەمتر یاریدەدەر و جێگری خواش نین لە هیچ شتێکدا .
- وە هەروەها لەوەش کەمتر ناتوانن تکا و ڕجاو شەفاعەتیش بکەن لای خوا بێ ئیزن و ڕوخسەتی ئەو بە تەواوی .

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە غەیری خوا هیچی بەدەست نی‌یە ، کە هیچیشی بەدەست نەبێت بێ عەقڵی و بێ شەرعی‌یە مرۆڤ دڵی بەوان خۆش بێت و پشتیان پێببەستێت ، چونکە مرۆڤ کاتێك داوا لە یەکێك دەکات لەبەر ئەوە داوای لێ دەکات باوەڕی وایە کە شتێکی بەدەست بێت لە هێنانی خێر و لادانی زیان بە یەکێك لەم چوار شێوەیە :

(١) بەشێوەی سەربەخۆیی خاوەنی سوڵتە بێت (علی وجه الاستقلال) .

(٢) یاخود کە سەربەخۆییش نەبێت بە هاوبەشی و شەراکەت لەگەڵ یەکێکی تری خاوەن دەسەڵاتدا (علی وجه الاشتراك) .

(٣) یاخود ئەگەر شەریکی دەسەڵات دارەکەش نەبوو ، ئەوە یارمەتیدەر و جێگیر و ژێر دەست و وەزیری بێت .

(٤) یاخود کە ئەو مافەشی نەبوو ، مافی ئەوەی هەبێت کە داوا لە خاوەن سوڵتە بکات بۆ هەر کەسێك و لە هەر کاتێکدا بێت.

بەڵام پەروەردگار لەم دوو ئایەتەی (سورەتی سبأ)دا ڕوونی کردووەتەوە کە غەیری خوا هەر چەند پلەوپایەشی بەرز بێت ، وەك پێغەمبەرانی نێردراوی خوا و فریشتەکانی لە خوا نزیك و پیاوچاکانیش ، هیچ کام لەم چوار مافەیان نی‌یە و ناتوانن داوای شەفاعەتیش بکەن مەگەر خوا ئیزنیان بدات و شەفاعەتەکەش بۆ کەسێك بێت کە خوا ڕازی بێت بە شەفاعەت کردن بۆی . بڕوانە کتێبی : (**خوا پەرستی نەك شەخس پەرستی**) لاپەڕە : (٤١ ـ ٤٢) .

پێش ئێوەشی دروست کردووە بۆ ئەوەی لێی بترسن ـ بە ئەنجامدانی کردارە چاکە فەرمان پێکراوەکان و خۆپاراستن لە کردارە خراپە قەدەغەکراوەکان ـ ﴿٢١﴾ ئەو پەروەردگارەی کە زەوی ڕاخستوە و ئاسمانی بینا کردووە بۆتان و لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ هێناونەتە خوارەوە پاشان بەو ئاوە بەروبوومی بۆ دەرهێناون بۆ ئەوەی ببێت بە ڕزقی ئێوە ، کەواتە هاوشێواز و شەریك بۆ خوا دامەنێن لە پەرستندا چونکە ئێوە دەزانن خوا هاوشێواز و شەریکی نیە و تەنها ئەوە بەدیهێنەر و ڕۆزیدەر و بەڕێوەبەری هەموو دروستکراوەکان .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ [الزخرف] .

واتە : ئەگەر پرسیار بکەیت لە هاوبەش ئەنجامدەرەکان ئایا کێ ئێوەی دروست کردووە ؟ بەدڵنیایی دەڵێن : خوا ، ئایا بۆ جگە لە خوا دەپەرستن و بە ناحەق شەریکی بۆ بڕیار دەدەن .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ ۚ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ ۚ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾ فَذَٰلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمُ الْحَقُّ ۖ فَمَاذَا بَعْدَ الْحَقِّ إِلَّا الضَّلَالُ ۖ فَأَنَّىٰ تُصْرَفُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [يونس] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بە هاوبەش ئەنجامدەرەکان بڵێ : کێ ڕۆزیتان دەدات لە ئاسمان و زەویدا ؟ ئایا کێ توانای بیستن و بینینی بەدەستە ؟ و کێ زیندوو لە مردوو دەهێنێتە دەرەوە و مردووش لە زیندوو دەهێنێتە دەرەوە ؟ و کێ فەرمانڕەوایە و بوونەوەر بە ڕێوە دەبات ؟ ئەوانیش دەڵێن : خوا ، بڵێ : ئایا ئەی بۆ لە خوا ناترسن و خۆپارێزی ناکەن لە تاوان ﴿٣١﴾ ؟ ئەو خوایە پەروەردگاری حەقی ئێوەیە ، ئایا چ شتێك هەیە لە دوای حەق ئیللا گومڕایی نەبێت ؟ ئیتر بۆ خۆتان لادەدەن لە پەرستنی ئەو خوایە بە تەنها و جگە لە ئەو دەپەرستن کە هیچیان بە دەست نیە و هیچیان لە دەست نایەت ؟!

بواری چوارەم کە باوەڕبوون بە خوای گەورە دەیگرێتەوە : باوەڕبوونە بە ناو و سیفەتەکانی :

واتە : سەلماندنی ئەوەی کە خوا بۆ خۆیی سەلماندووە لە قورئاندا یان لە سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) لە ناو و سیفەتەکان ، بەو شێوازەی کە شیاوە بۆ خوا بە بێ (تحریف) و (تعطیل) و (تکییف) و (تمثیل)[1].

---

[1] بۆ تێگەیشتن لەم زاراوانە پێویستە پێناسەیان بکەین، بۆیە بە کورتی دەڵێم :

ـ (**تحريف** : هو صَرفُ اللفظ عن معناهُ الظاهر إلى معنًى مَرجوح بغير دليل) .

واتە : (**تحريف**) بریتییە لە : گۆڕینی واتای ووشەکان لە مانا ڕاست و ڕواڵەتەکانیان بۆ واتایەکی دوور و نەگونجاو بە بێ بەڵگە .

ـ (**تعطيل** : هو عدم إثبات الصفات ، أو إثبات بعضها ونَفي الباقي) .

(**تعطيل**) بریتییە لە : نە سەلماندنی سیفاتەکانی خوا ، یان سەلماندنی هەندێکیان و نە سەلماندنی باقیەکەی .

ـ (**تكييف** : هو حكاية كيفية أو صورة ذات الله وصفاته) .

واتە : (**تكييف**) بریتییە لە : گێڕانەوەی چۆنێتی یان شێوەی خودی خوا و سیفاتەکانی .

ـ (**تمثيل** : هو إثبات المثل للشيء ، مُشتبهاً لـهُ من كُلِّ الوجوه) .

واتە : (**تمثيل**) بریتییە لە : سەلماندنی نموونە بۆ شتێك ، کە لە هەموو ڕوویەوە وەك یەك بن .

سودێك : هەروەها (ئەهلی سوننە و جەماعە) ناو و سیفاتەکانی خوا پاکڕادەگرن لە (**تشبيه**) و (**تفويض**)یش ، کە ئەمە پێناسەکەیانە :

ـ (**تشبيه** : هو إثبات المثل للشيء ، مُشتبهاً لـهُ من بعض الوجوه) .

واتە : (**تشبيه**) بریتییە لە : سەلماندنی نموونە بۆ شتێك ، کە لە هەندێك ڕووەوە وەك یەك بن .

ـ (**تفويض** : هو إثبات مُجرد اللفظ ، وتفويض العلم بِمعناه إلـى الله وحده).

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَـٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٨٠﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : ناوە چاك و جوانەكان تەنها شایستەی خوان بۆیە بەو ناوانە داوا لە خوا بكەن و بە خاتری ئەو ناوانە لە خوا بپاڕێنەوە و وازبێنن لەوانەی كەوا بێباوەڕ و لاڕێدەبن لە ناوەكانی خوادا ، ئەوانە پاداشتی كردەوەكانیان وەردەگرنەوە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٢٧﴾﴾ [الروم] .

واتە : نموونەی بەرزی لە نێو ئاسمانەكان و زەویدا تەنها بۆ خوایە و ئەویش بەدەسەڵات و دانایە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١١﴾﴾ [الشورى] .

واتە : هیچ شتێك وەكو خوا نییە و خواش بیسەر و بینەرە .

*** وە لەم بوارەدا دوو تاقم گومڕا بوون :**

یەكەمینیان : (المعطلة* / نەسەلمێنەرەكان)ن ، ئەوانەی كەوا ئینكاری هەموو ناو و سیفەتەكانی خوا دەكەن یان ئینكاری هەندێكیان دەكەن و باوەڕیان پێیان نییە ، چونكە بۆچوونیان وایە كەوا سەلماندنی ناو و سیفەتەكان ناچاركارە بۆ وێكچواندن (التشبیه) ، واتە : وێكچواندنی خوای گەورە بە دروستكراوەكانی ، ئەم بۆچوونەش پوچەڵە لە چەند ڕوویەكەوە ، لەوانە :

یەكەم : بەڕاستی ئەم بۆچوونە ناچاركارە بۆ چەندین ناچاركاری تری پوچەڵ (یستلزم لوازم باطلة) ، وەكو هەبوونی نەسازی (تناقض) لە نێو كەلامی خوای پاك و بێكەموكوڕیدا ، چونكە خوای گەورە ناو و سیفاتی بۆ خۆی سەلماندووە و ئەوەشی ڕەدكردووەتەوە كەوا هیچ شتێك وەكو ئەو بێت (أنَّ الله أثبت لنفسه الأسماء والصفات ، ونفى أنْ یكون كمثله شيء) ، جا ئەگەر سەلماندنیان ناچاركار ببوایە بۆ وێكچواندن ، ئەوا ناچاركار دەبوو بۆ نەسازی (تناقض) لە نێو كەلامی خوادا ، وە هەندێكی تری بە درۆ دەخستەوە ـ ئەمەش مەحاڵە ـ.

دووەم : بەڕاستی ڕێكەوتنی دوو شت لە ناودا یان لە سیفەتدا ناچاركار نییە بۆ ئەوەی كەوا وەكو یەك بن ، چونكە تۆ دەبینیت دوو كەس ڕێكدەكەون لەوەدا كە هەردووكیان مرۆڤن و بیسەرن و بینەرن و قسە دەكەن ، ئەمەش ناچاركار نییە بۆ ئەوەی كەوا هەردووكیان وەكو یەك بن لە ماناكانی مرۆڤایەتی و بیستن و بینین و قسە كردندا ، وە دەبینیت زیندەوەرەكان (الحیوانات) دەست و پێ و چاویان هەیە ، وە ئەم ڕێكەوتنەش ناچاركار نییە بۆ ئەوەی كە دەست و پێ و چاوەكانیان وەكو یەك بن .

جا ئەگەر دەركەوت كە جیاوازی هەیە لە نێو دروستكراوەكاندا لەو شتانەدا كەوا تێیدا ڕێكدەكەون لە ناوەكاندا یان لە سیفەتەكاندا ، ئەوا جیاوازی لە نێوان دروستكار و دروستكراودا ڕوون تر و گەورە ترە .

واتە : (**تفویض**) بریتییە لە : سەلماندنی خودی ووشەكان بە تەنها و گێڕانەوەی زانینی واتاكانیان بۆ لای خوا بە تەنها .

* (**المعطلة**) بەرامبەرەكەی لە زمانی كوردیدا بریتییە لە : (**پەكخەرەكان**) واتە : ئەوانەی كە دەقەكانی قورئان و سوننەت پەكدەخەن و واتاكانیان ناسەلمێنن ، كەواتە مەبەست لە لای ئەم تاقمە گومڕایە نەسەلماندنی واتای ئەو دەقانەیە كەوا سەبارەت بە ناو و سیفەتەكانی خوای گەورەوە هاتوون ، بۆیە بە واتایەكی تر دەتوانین پێیان بڵێین : (**نەسەلمێنەرەكان**) ، چونكە (پەكخستن) دەرئەنجامەكەی (نەسەلماندن)ـە .

تاقمی دووەمیان : (المشبهة* / وێکچوێنەرەکان)ن ، ئەوانەی کەوا ناو و سیفەتەکانی خوا دەسەلمێنن لەگەڵ وێکچواندنی (شوبهاندنی) خوای گەورە بە دروستکراوەکانی‌یەوە ، چونکە بۆچوونیان وایە کەوا ئەمە داخوازیکاری بەڵگەخوازی دەقەکانە (زاعمين أنَّ هذا مُقتضَى دَلالة النصوص) ، چونکە خوای گەورە بەوە دەدوێت لەگەڵ بەندەکانیدا کە لێی تێبگەن ، ئەم بۆچوونەش پوچەڵە لە چەند ڕوویەکەوە ، لەوانە :

یەکەم : بەڕاستی لەیەکچوونی خوای گەورە بە دروستکراوەکانی شتێکە عەقڵ و شەرع پوچەڵی دەکەنەوە ، وە ناشکرێت و مەحاڵە کەوا داخوازیکاری (مُقتضَى) دەقەکانی قورئان و سوننەت شتێکی پوچەڵ بێت .

دووەم : بەڕاستی خوای گەورە دواوە لەگەڵ بەندەکانیدا بەوەی کە لێی تێدەگەن لە رووی بنچینەی واتاوە (أصل المعنى) ، بەڵام (الحقيقة والكُنْه) حەقیقەت و خود و ناوەڕۆك کەوا ئەو واتایەی لەسەر وەستاوە ، ئەوا ئەمەیان لەو شتانەیە کە خوای گەورە زانینی تایبەت کردووە بە خۆیەوە لەوەدا کە پەیوەندی هەیە بە خودی خوا و سیفەتەکانیەوە (ذاتِه وصفاتِه) .

جا ئەگەر خوا سەلماندی بۆ خۆی کەوا بیسەرە ، ئەوا بیستن زانراوە لە رووی بنچینەی واتاوە (کە هەست کردنە بە دەنگەکان) ، بەڵام حەقیقەت و خودی ئەوە بە نیسبەت بیستنی خوای گەورەوە نەزانراوە ، چونکە حەقیقەت و خودی بیستن جیاوازە تەنانەت لە نێوان زیندەوەرەکانیشدا ، کەواتە جیاوازی تێیدا لە نێوان دروستکار (خالق) و دروستکراو (مَخلوق)دا ڕوون تر و گەورە ترە .

وە ئەگەر خوای گەورە هەواڵی‌دا سەبارەت بە خۆی کەوا بەرزبووەتەوە* بەسەر عەرشەکەیدا (استوى على عرشِه) ، ئەوا بەڕاستی (الاستواء) لە رووی بنچینەی واتاوە زانراوە ، بەڵام حەقیقەت و خودی (الاستواء) کەوا ئەو واتایەی لەسەر وەستاوە بۆ ئێمە نەزانراوە بە نیسبەت بەرزبوونەوەی خوادا بەسەر عەرشەکەیدا (استواء الله على عرشِه) ، چونکە حەقیقەت و خودی بەرزبوونەوە (الاستواء) جیاوازە لە ئاستی دروستکراودا ، بەرزبوونەوە بەسەر تەختێکی دامەزراودا وەکو بەرزبوونەوە نی‌یە بەسەر کۆپانی وشترێکی نارەحەتی هەڵچودا ، جا ئەگەر بەرزبوونەوە (استواء) جیاواز بێت لە ئاستی دروستکراودا ، ئەوا جیاوازی تێیدا لە نێوان دروستکار و دروستکراودا ڕوون تر و گەورە ترە .

وە **باوەڕبوون بە خوای گەورە** بەو شێوازەی کە باسمان کرد چەندین بەرهەمی گەورە بۆ باوەڕدار بەرهەم دێنێت ، لەوانە :

یەکەم : بەدیهێنانی یەکتاپەرستی خوای گەورە ، بە شێوەیەك کەوا نە ئومێدپێبوون و نە ترسانی پەیوەست ببێت بە جگە لە خواوە ، وە جگە لە خواش نەپەرسترێت .

دووەم : کامڵێتی خۆشەویستی خوای گەورە و بە گەورەدانانی بە پێی داخوازیکاری ناوە جوانەکانی و سیفاتە بەرزەکانی .

سێیەم : بەدیهێنانی پەرستنی خوای گەورە بە جێبەجێ کردنی ئەوەی کە فەرمانی پێکردووە ، وە بە دوور کەوتنەوە لەوەش کە قەدەغەی کردووە .

---

* (**المشبهة**) بەرامبەرەکەی لە زمانی کوردیدا بریتی‌یە لە : (**وێکچوێنەرەکان**) واتە : ئەوانەی کە سیفەتەکانی خوای گەورە دەشوبهێنن بە سیفەتی دروستکراوەکانی ، مەبەست لە لای ئەم تاقمە گومڕایە سەلماندنی واتای ئەو دەقانەیە کەوا سەبارەت بە ناو و سیفەتەکانی خوای گەورەوە هاتوون لەگەڵ شوبهاندنی بە سیفەتی دروستکراوەکان .

* [بروانە : فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١٣ / ٤٩٣)] .

باوەڕبوون بە فریشتە

فریشتە : جیهانێکی نادیارن ، دروستکراون ، بەندایەتی دەکەن بۆ خوای گەورە و دەیپەرستن ، هیچ تایبەتمەندێتی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتیان نییە ، خوای گەورە دروستیانی کردووە لە روناکی (نور) ، وە پابەندبوونی تەواو و توانای جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی پێبەخشیون .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمَنْ عِندَهُۥ لَا يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِهِۦ وَلَا يَسْتَحْسِرُونَ ۝١٩ يُسَبِّحُونَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ لَا يَفْتُرُونَ ۝٢٠﴾ [الأنبياء] .واتە : ئەو فریشتانەی کە لای خوای گەورەن خۆیان بەگەورەدانانێن لە پەرستنیدا و ماندوویش نابن ۝١٩ بە شەو و بە ڕۆژ بەردەوام تەسبیحاتی دەکەن بە بێدابڕان .

فریشتەکان ژمارەیان زۆرە ، کەس ناتوانێت بیانژمێرێت تەنها خوای گەورە نەبێت .

لە هەردوو (صحيح البخاري ومسلم)دا لە فەرموودەی (أنس)ەوە (ﷺ) لە بەسەرهاتی (بەرزبوونەوەی پێغەمبەردا ﷺ بۆ ئاسمان / قصة المعراج) هاتووە : کەوا پێغەمبەر ﷺ ماڵی ئاوەدانکراوەی (البيت المعمور) لە ئاسماندا بۆ بەرز کرایەوە بینی هەموو ڕۆژێك (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار فریشتە نوێژی تێدا دەکات ، ئەگەر دەرچوون تێیدا ناگەڕێنەوە بۆی تا دوا دانەیان[٧] .

*** وە باوەڕبوون بە فریشتە چوار بوار دەگرێتەوە :**

یەکەم : باوەڕبوون بە هەبوونیان .

دووەم : باوەڕبوون بەوانەیان کە ناویان دەزانین بە ناوەکانیانەوە وەکو (جبريل) ، وە ئەوانەشیان کە ناوەکانیان نازانین باوەڕمان پێیان هەیە بە گشتی .

سێیەم : باوەڕبوون بەوەی کە دەیزانین لە سیفەتەکانیان ، وەکو سیفەتی (جبريل) کە پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە بەوەی کەوا بینیویەتی لەسەر ئەو سیفەت و شێوازەی کە دروست کراوە لەسەری کەوا (٦٠٠) شەسەد باڵی هەبووە بەری ئاسۆی گرتبوو .

وە هەندێك جار فریشتە بە فەرمانی خوا دەگۆڕێت و دەچێتە سەر شێوازی پیاو ، هەروەکو چۆن روویدا بۆ (جبريل) کاتێك کە خوای گەورە ناردی بۆ لای (مەریەم) کەوا خۆی نواند بۆی لە شێوەی مرۆڤێکی ڕێك و کامڵدا ، وە کاتێك کە هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لە کاتێکدا کە دانیشتبوو لە نێو هاوەڵەکانیدا ، هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لە شێوەی پیاوێکی جل و بەرگ زۆر سپی و موو زۆر ڕەش ، کەوا شوێنەواری سەفەر کردنی پێوە نە دەبینرا ، و کەسیش لە هاوەڵان نەیدەناسی ، ئەنجا لە لای پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشت و هەردوو ئەژنۆی دایە پاڵ هەردوو ئەژنۆی پێغەمبەرەوە ، و هەردوو لەپی خستە سەر هەردوو ڕانییەوە ، وە پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بە ئیسلام و ئیمان و ئیحسان و ڕۆژی دوایی و نیشانەکانی ، پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی دایەوە و ڕۆیشت ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەمە (جِبْرِيل) بوو هات بۆ لاتان بۆ ئەوەی ئاینەکەتانتان فێر بکات[٨] .

هەروەها ئەو فریشتانەش کە خوای گەورە ناردیانی بۆ لای (إبراهيم ولوط) لەسەر شێوەی پیاوان بوون .

---

[٧] رواه البخاري ، كتاب فضائل الصحابة ، باب المعراج ، رقم : (٣٦٧٤) ، ورواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب الإسراء برسول الله ﷺ إلى السماوات وفرض الصلوات ، رقم : (٤٠٩) .

[٨] رواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب الإيمان والإسلام والإحسان ، رقم : (٩٣) .

بڕوانە کتێبی : (سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان) لاپەڕە : (٢٧ - ٢٩) .

بواری چوارەم کە باوەڕبوون بە فریشتە دەیگرێتەوە :

باوەڕبوونە بەوەی کە دەیزانین لە کردەوەکانیان کە پێیهەڵدەسن بە فەرمانی خوای گەورە ، وەکو تەسبیحات کردنی و پەرستن بۆی بە شەو و بە ڕۆژ بە بێ ماندوو بوون و دابڕان .

وە هەندێکیان کردەوەی تایبەتی خۆیان هەیە .

وەکو : (جبْرِيل الأمين على وحي الله) : واتە سەرپەرشتیار بەسەر سروشی (وحي) خوای گەورەوە ، خوا سروشی پێدا دەینێرێت بۆ (الأنبياء والرسل) هەواڵپێدراو و نێردراوانی .

وە (ميكائيل الــموكل بالقطر والنبات) : واتە ڕاسپاردەکراو بە باران و ڕووەك .

وە (إسرافيل الــموكل بالنفخ في الصور) : واتە ڕاسپاردەکراو بە فووکردن بە کەڕەنادا لە کاتی هاتنی قیامەت و زیندووبوونەوەی دروستکراوەکاندا .

وە (مَلَك الــمَوت الــموكل بقبض الأرواح) : واتە فریشتەی گیان کێشان کە ڕاسپاردەکراو بە دەرهێنانی گیانەکان لە کاتی مردندا .

وە (مالِك الــموكل بالنار) : واتە ڕاسپاردەکراو بە ئاگر ، کە بەرپرسی دۆزەخە .

وە (الــملائكة الــموكلين بالأجِنَّة في الأرحام) : واتە فریشتە ڕاسپاردەکراوەکان بە کۆرپەلەکان لە منداڵدانی دایکدا ، کاتێك کە مرۆڤ چوار مانگ تەواو دەکات لە سکی دایکیدا خوای گەورە فریشتەیەکی بۆ دەنێرێت و فەرمانی پێدەکات بە نووسینی ڕۆزیی و ماوەی تەمەنی و کردەوەی و بەدبەختیی یان بەختەوەریی .

وە (الــملائكة الــموكلين بِحفظ أعمال بنــي آدم) : واتە فریشتە ڕاسپاردەکراوەکان بە چاودێری و پارێزگاری کردن لە کردەوەی ئادەمیزادەکان و تۆمار کردن و نووسینەوەیان ، هەموو مرۆڤێك دوو فریشتەی هەیە ، یەکێکیان لای ڕاستیدایە و دووەمیشیان لای چەپیدایە .

وە (الــملائكة الــموكلين بــسؤال الــميت) : واتە فریشتە ڕاسپاردەکراوەکان بە پرسیار کردن لە مردوو لە کاتێکدا کە دەخرێتە گۆڕەوە ، دوو فریشتە دێن بۆ لای ، پرسیاری لێدەکەن سەبارەت بە پەروەردگاری و ئاینی و پێغەمبەری* .

وە **باوەڕبوون بە فریشتە** چەندین بەرهەمی گەورە بەرهەم دێنێت ، لەوانە :

یەکەم : زانینی گەورەیی و توانا و دەسەڵاتی خوای پایەبەرز ، چونکە بەڕاستی گەورەیی دروستکراو (الــمخلوق) بەڵگەیە لەسەر گەورەیی دروستکار (الــخالق) .

دووەم : سوپاس کردنی خوای پایەبەرز لەسەر بایەخدانی بە ئادەمیزاد ، کەوا هەندێك لەو فریشتانەی ڕاسپاردووە بەوەی کە هەستن بە پاراستنیان ، وە تۆمار کردن و نووسینەوەی کردەوەکانیان ، وە جگە لەمانەش لە بەرژەوەندیەکانیان .

سێیەم : خۆشویستنی فریشتەکان لە بەرامبەر ئەوەی کەوا پێیهەڵدەسن لە پەرستنی خوای گەورەدا .

* بڕوانە کتێبی : (سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان) لاپەڕە : (٤٣ ـ ٥٦) .

* وە **خەڵكانێك لە لاڕێیووان** نكوڵی (ئینكاری) ئەوە دەكەن كەوا فریشتە بەرجەستەن ، وە دەڵێین : فریشتە بریتین لە توانای چاكەكاری كە لە ناخی دروستكراوەكاندا هەن ، وە ئەمەش بە درۆ خستنەوەیە بۆ كتێبەكەی خوای گەورە و فەرموودەی پێغەمبەرەكەی (ﷺ) و كۆڕا و یەكدەنگی موسڵمانان .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١﴾ [فاطر] .

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی كە دروستكاری ئاسمانەكان و زەویە و فریشتەكانی كردووە بە نێردراوی خاوەن باڵی دوانی و سیانی و چواری و لە دروستكراوەكاندا زیاد دەكات ئەوەندەی ویستی لێبێت ، بەڕاستی خوا بە توانایە بەسەر هەموو شتێكدا .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذۡ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡحَرِيقِ ٥٠﴾ [الأنفال] .

واتە : وە ئەگەر ببینیت لە كاتێكدا كە فریشتەكان ئەوانەی بێباوەڕبوون دەمرێنن و دەدەن لە ڕوومەتیان و دواوەیان و پێیان دەڵێن : بیچێژن سزای سوتێنەر .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوۡ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي غَمَرَٰتِ ٱلۡمَوۡتِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓاْ أَيۡدِيهِمۡ أَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ٩٣﴾ [الأنعام] .

واتە : وە ئەگەر ببینیت لە كاتێكدا كە ستەمكارەكان لە ناڕەحەتی و ناهەمواریەكانی سەرەمەرگدان و فریشتەكان باڵەكانیان ڕاخستووە بۆ لێدانیان تاوەكو گیانیان بێتەدەرەوە و پێیان دەڵێن : گیانتان بهێننە دەرەوە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُزِّعَ عَن قُلُوبِهِمۡ قَالُواْ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمۡۖ قَالُواْ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ٢٣﴾ [سبأ] .

واتە : لە كاتێكدا كە ترس لادەچێت لەسەر دڵی فریشتەكان دەڵێن : ئەوە پەروەردگارتان چی فەرموو ؟ دەڵێن : حەق و ڕاستی فەرموو ، وە خوا بەرز و گەورەیە .

وە خوای گەورە سەبارەت بە خەڵكی بەهەشت فەرموویەتی : ﴿وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَدۡخُلُونَ عَلَيۡهِم مِّن كُلِّ بَابٖ ٢٣ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ٢٤﴾ [الرعد] .

واتە : وە فریشتەكان لە هەموو دەرگایەكەوە دەچنە ژوورەوە بۆ لای باوەڕدارەكان لە بەهەشتدا ﴿٢٣﴾ پێیان دەڵێن : سەلامی خواتان لەسەر بێت لە بەرامبەر ئەوەدا كە لە دونیادا ئارامتان گرت ، ئەمماڵە باشترین سەرئەنجامە .

وە لە (صحيح البخاري)دا هاتووە لە (أبـي هريرة)وە (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ الْعَبْدَ نَادَى جِبْرِيلَ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحْبِبْهُ . فَيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ ، فَيُنَادِى جِبْرِيلُ فِى أَهْلِ السَّمَاءِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلاَنًا فَأَحِبُّوهُ ، فَيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ، ثُمَّ يُوضَعُ لَهُ الْقَبُولُ فِى الأَرْضِ))[٩] .

---

[٩] رواه البخاري ، كتاب بدء الخلق ، باب ذكر الملائكة ، رقم : (٣٠٣٧) .

واتە : ئەگەر خـوا بەندەیەكی خۆشویست بانگی جبریل دەكات و دەفەرموێت : بەڕاستی خوا فلانە كەسی خۆشدەوێت تۆیش خۆشت بوێ ، (جبریل)یش خۆشی دەوێت ، ئەنجا (جبریل) بانگ دەكات لە نێو خەڵكی ئاسماندا و دەفەرموێت : بەڕاستی خوا فلانە كەسی خۆشدەوێت ئێوەش خۆشتان بوێت ، ئەنجا خەڵكی ئاسمانیش خۆشیان دەوێت ، پاشان پەسەند كردنی لە لای خەڵكەوە بۆ دادەنرێت لەسەر زەویدا .

هەروەها تێیدا هاتووە لە (أبي هريرة)وە (ﷺ) فەرموویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : «إِذَا كَانَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ كَانَ عَلَى كُلِّ بَابٍ مِنْ أَبْوَابِ الْمَسْجِدِ الْمَلاَئِكَةُ ، يَكْتُبُونَ الأَوَّلَ فَالأَوَّلَ ، فَإِذَا جَلَسَ الإِمَامُ طَوَوُا الصُّحُفَ وَجَاءُوا يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ»[١٠] .

واتە : ئەگەر ڕۆژی جومعە بوو لە پێش هەموو دەرگایەك لە دەرگاكانی مزگەوتدا فریشتە هەیە یەكەمین كەس و ئەوەی بە دوایدا دێت بۆ مزگەوت دەنووسن ، جا ئەگەر پێشنوێژ دانیشت ئەوان تیانووسەكانیان دەپێچنەوە و دێن گوێ‌دەگرن بۆ زیكرەكە .

باوەڕبوون بە كتێبەكان

كتێبەكان (الكُتُب) كۆی كتێبە (كتاب) بە واتای نووسراو (مكتوب) .

وە مەبەست پێی لێرەدا : ئەو كتێبانەیە كە خوای گەورە دایبەزاندوون بۆ سەر پێغەمبەرانی لە بەزەیی هاتنەوەیدا بە دروستكراوەكانی ، بۆ ئەوەی ببێت بە ڕێنمایی بۆیان ، تاوەكو بە هۆیەوە بگەن بە بەختەوەری دونیا و دوارۆژ .

*** وە باوەڕبوون بە كتێبەكان چوار بوار دەگرێتەوە :**

یەكەم : باوەڕبوون بەوەی كە بەڕاستی دابەزینیان لە لایەن خواوەیە .

دووەم : باوەڕبوون بەوانەیان كە ناویان دەزانین بە ناوەكانیانەوە وەكو (القرآن) كە دابەزیوە بۆ سەر (مُحمَّد ﷺ) ، وە (التوراة) كە دابەزیوە بۆ سەر (مُوسى ﷺ) ، وە (الإنـجيل) كە دابەزیوە بۆ سەر (عيسى ﷺ) ، وە (الزَّبور) كە دراوە بە (داود ﷺ) ، بەڵام ئەوانەیان كە ناوەكانیان نازانین ئەوا باوەڕمان پێیان هەیە بە گشتی .

سێیەم : بە ڕاست دانانی ئەوەی كە (صحيح)ـە لە هەواڵەكانیان ، وەكو هەواڵەكانی قورئان ، وە ئەو هەواڵانەش كە نەگۆڕاون یان دەستكاری نەكراون لە كتێبەكانی پێشوو .

چوارەم : كردەوە كردن بەو حوكمانەی كە هەڵنەوەشێنراونەتەوە تێیاندا ، وە ڕازی بوون و ملكەچ بوون پێیان ئەگەر لە مەبەستەكانیان تێبگەین یان تێنەگەین یەكسان بێت بە لامانەوە ، وە هەموو كتێبە پێشووەكان هەڵوەشێنراونەتەوە بە قورئانی گەورە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴿٤٨﴾ ﴾ [المائدة] .

واتە : ئێمە قورئانمان دابەزاندووە بۆ تۆ بە حەق و ئەو كتێبانەی پێش خۆی بەڕاست دەخاتەوە و یەكلاكەرەوەشە بەسەریاندا .

[١٠] رواه البخاري ، كتاب بدء الـخلق ، باب ذكر الـملائكة ، رقم : (٣٠٣٩) .

بە پێی ئەمە دروست نییە کردەوە بکرێت بە هیچ حوکمێك لە حوکمەکانی کتێبەکانی پێشوو تەنها ئەوانەیان نەبێت کە ڕاستن و قورئانیش هێشتونیێتەوە .

وە **باوەڕبوون بە کتێبەکان** چەندین بەرهەمی گەورە بەرهەم دێنێت ، لەوانە :

یەکەم : زانینی بایەخدانی خوای گەورە بە بەندەکانی کەوا بۆ هەموو گەلێك کتێبێکی دابەزاندووە بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکات پێی .

دووەم : زانینی دانایەتی خوای گەورە لە بەرنامە (شەرعە)کەیدا ، کەوا بۆ هەموو گەلێك بەرنامەیەکی داڕشتووە کە گونجاو بێت لەگەڵ بار و حاڵیاندا ، هەروەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿لِكُلٍّ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ﴿٤٨﴾﴾ [المائدة] .

واتە : بۆ هەر گەلێك لە ئێوە شەریعەت و ڕێبازێکمان داناوە .

سێیەم : سوپاس کردنی نیعمەتەکانی خوا لەمەدا .

باوەڕبوون بە پێغەمبەران

پێغەمبەران* (الرُّسل) کۆی پێغەمبەرە (رسول) بە واتای نێردراو (مُرسَل) واتە نێردراو بە گەیاندنی شتێك .

وە مەبەست پێی لێرەدا : ئەو کەسەیە کەوا سروشی بۆ کراوە (أوحِيَ إليه) لە مرۆڤدا بە شەریعەتێك و فەرمانیشی پێکراوە بە گەیاندنی** .

---

* **تێبینی** : وشەی (پێغەمبەر) لە (پەیام + بەر)ەوە هاتووە ، چونکە (رسول) ئەو کەسەیە کە پەیامێکی پێیە لە کەسێکەوە و دەیگەیەنێت بە کەسێك یان کەسانێکی تر ، بەڵام لەبەر زۆری بەکارهێنانی وشەی (پەیام + بەر) بووە بە (پێغەمبەر) . (وەرگێڕ) .

** **دوو تێبینی تر** :

یەکەم : جیاوازی نێوان (نبـي) و (رسول) :

النَّبِي : رجلٌ أوحى اللّهُ إليهِ وأمرهُ بتبليغ شريعة رسولٍ قبلهُ .

واتە : هەواڵپێدراو : پیاوێکە خوا وەحیی بۆ ناردووە و فەرمانی پێکردووە بە گەیاندنی شەریعەتی پێغەمبەرێکی پێش خۆی .

الرَّسول : رجلٌ أوحى اللّهُ إليهِ وأنزل عليهِ شريعةً وأمرَهُ بتبليغها .

واتە : نێردراو : پیاوێکە خوا وەحیی بۆ ناردووە و شەریعەتێکی بۆ دابەزاندوو و فەرمانیشی پێکردووە بە گەیاندنی .

قال رسول الله (ﷺ) : ((إِنَّهُ لَمْ يَكُنْ نَبِيٌّ قَبْلِي إِلاَّ كَانَ حَقًّا عَلَيْهِ أَنْ يَدُلَّ أُمَّتَهُ عَلَى خَيْرِ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ وَيُنْذِرَهُمْ شَرَّ مَا يَعْلَمُهُ لَهُمْ ...)) [صحيح مسلم رقم : (١٨٤٤) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٤١)] .

واتە : بەڕاستی هیچ پێغەمبەرێك نەبووە لە پێش من ئیللا پێویست بووە لەسەری کەوا ڕێنمایی نەتەوەکەی بکات بۆ هەموو چاکەیەك کە دەیزانێت بۆیان ، وە ئاگاداریانی کردووەتەوە لە هەموو خراپەیەك کە دەیزانێت بۆیان .

سودێك : قال الإمام الألباني رحمه الله مُعلقاً على هذا الحديث : (وفي الحديث فوائدُ كثيرة ، من أهمها **أنَّ النبيَّ يَجِبُ عليه أنْ يدعو أُمَّتَهُ إلى الخير ، ويدلَّهم عليه ، وينذرهم شر ما يعلمهُ لهم** ، ففيهِ ردٌّ صريح على ما ذُكِرَ في بعض كتب الكلام أنَّ النبيَّ : مَـنْ أُوحِيَ إليه **ولَمْ يُؤمر بالتبليغ**) السلسلة : (١ / ٤٨٦) .

واتە : ئەم فەرموودەیە سودی زۆری تێدایە ، گرنگترینیان ئەوەیە : کە بەڕاستی هەواڵپێدراویش (النَّبـي) پێویستە لەسەری بانگەوازی نەتەوەکەی بکات بۆ چاکە و ڕێنماییان بکات بۆی و ئاگاداریان بکاتەوە لەو خراپانەی کە دەیزانێت بۆیان ، ئەمەش بەرپەرچدانەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەوەی کە باس کراوە لە هەندێك کتێبەکانی (کەلامدا) کەوا هەواڵپێدراو (النَّبي) : ئەو کەسەیە کە وەحیی بۆ هاتووە و فەرمانی پێنەکراوە بە گەیاندنی .

ئەم پێناسەیە هەڵەیە ! چونکە هەواڵپێدراویش (النَّبي) فەرمانی پێکراوە بە گەیاندن ، بەڵام شەریعەتی بۆ نەهاتووە و شەریعەتی پێغەمبەرێکی (رسول) پێش خۆی یان شەریعەتی پێغەمبەرێکی تر کە لەگەیدایە دەگەیەنێت .

دووەم : پێویستە ئەوە بزانرێت کەوا هەموو پێغەمبەران پیاو بوون ، بۆیە هیچ پێغەمبەرێك لە ئافرەتان نەهاتووە بە بەڵگەی ئەم ئایەتە : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ ﴿٤٣﴾﴾ [النحل] .

وه (نوح) یەکەمین*** پێغەمبەرە (علیهِ السلام) ، و (مُحَمَّد)یش (ﷺ) دوایین پێغەمبەرە (ﷺ) .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ ١٦٣﴾ [النساء] .

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی ئێمە سرووش (وەحیی)مان ناردووە بۆ تۆ هەر وەکو چۆن سرووش (وەحیی)مان ناردووە بۆ (نوح) و پێغەمبەرانی دوای ئەو .

وە لە (صحیح البخاري)دا هاتووە لە (أنس بن مالك)ەوە (رضي الله عنه) لە فەرموودەی تکاکردن (الشَّفاعة)دا کەوا پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەوەی کردووە کە خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا دەڕۆن بۆ لای ئادەم بۆ ئەوەی تکایان بۆ بکات لای خوا ، ئەویش بیانویان بۆ دێنێتەوە کە ئەو ناتوانێت تکایان بۆ بکات و پێیان دەفەرموێت : ((ائتوا نوحاً أول رسولٍ بعثهُ الله))[11] .

واتە : بڕۆن بۆ لای (نوح) یەکەم پێغەمبەرە خوا ناردویەتی .

وە خوای گەورە سەبارەت بە (مُحَمَّد ﷺ) فەرموویەتی : ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٖ مِّن رِّجَالِكُمۡ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَۗ ٤٠﴾ [الأحزاب] .

واتە : (مُحَمَّد ﷺ) باوکی هیچ یەکێك لە پیاوانی ئێوە نەبووە ، بەڵکو پێغەمبەری خوا و کۆتایی پێهێنەری هەموو هەواڵپێدراوانی (پێغەمبەرانی) خوایە .

وە هیچ نەتەوەیەك (ئوممەتێك) نەبووە (نێردراو / رسـول) پێغەمبەرێکی تێدا نەبووبێت کە خوای گەورە ناردبێتی بە شەریعەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلەکەی ، یان هەواڵپێدراوێك (نَبـي) کە خوا وەحیی بۆ ناردووە بە شەریعەتی پێغەمبەرێکی پێش خۆی بۆ ئەوەی نوێی بکاتەوە بۆیان .

واتە : ئەی (مُحمَّد) لە پێش تۆ هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە ئیللا پیاوانێك نەبێت کە سروش (وەحیی)مان بۆ ناردوون .

کەواتە هاتنی سروش (وەحیی) بۆ هەندێك ئافرەت وەکو لە قورئاندا باس کراوە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەو ئافرەتانەش پێغەمبەر بن .

بۆ نموونە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ٧﴾ [القصص] .

واتە : سروش (وەحیی)مان نارد بۆ دایکی (موسی) وتمان : شیری بدەرێ ، وە ئەگەر ترست هەبوو لەسەری ئەوا فڕێی دەرە ناو دەریاکەوە و نە ترست هەبێت و نەخەمیش بخۆ ، چونکە بەڕاستی ئێمە دەیگێڕینەوە بۆت و دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەران .

*** نوح سەلامی خوای لەسەر بێت یەکەم پێغەمبەرە ڕەوانە کرابێت [دوای ڕودانی هاوبەشدانان بۆ خوا لەسەر زەویدا]* بە بەڵگەی قورئان وسوننەت .

* ئەم بەندە پێویستە ، چونکە باوکە ئادەم لەم باسە بەدەرە لە بەر ئەوەی ئادەم ـ سەلامی خوای لێبێ ـ یەکەم پێغەمبەرە ڕەوانە کرابێت بۆ نەوەکانی بۆ ئەوەی شەریعەتی خوایان پێڕابگەیەنێت و فێری چۆنێتی خواپەرستیان بکات ، ئەنجا نەوەکانی بەردەوام بوون لە سەر خواپەرستی بە تەنها تا نەوەی دەیەم وەك (ابن عباس) دەفەرموێت : (كان بين آدم ونوح عشرة قرون كلهم على التوحيد) واتە : کۆمەڵگەی ئادەمیزاد هەر لە ئادەمەوە تا سەردەمی نوح هەموویان خواپەرست بوون و شیرك ئەنجامدان نەبوو .

ئەنجا دوای ئەوەی شیرك ئەنجامدان سەری هەڵدا ـ بە هۆی زیادەڕەوی کردن لەو پێنج پیاوچاکەدا کە لە ئایەتی (٢٣)ی (سورة نوح)دا باس کراون ـ خوای گەورە پێغەمبەر نوحی ڕەوانە کرد بۆیان بۆ ئەوەی بانگەوازی خواپەرستیان پێڕابگەیەنێت و ڕێگریان لێبکات لە شیرك .

شێخ (ابن باز ـ ڕەحمەتی خوای لێبێ ـ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : (هەموو پێغەمبەران نێردراون بۆ ئوممەتەکانیان مژدەدەر و وریاکەرەوەیان بوون ، لە یەکەمیانەوە تا دواهەمینیان ، یەکەمیان (نوح)ە خوا ناردوویەتی بۆ قەومەکەی کاتێك شیرك تێیاندا ڕوویدا ، وە لە پێشیەوە ئادەم بوو کە بەڕاستی ئەویش هەواڵ پێدراو (نَبـي) و نێردراو (رسول) و ئەرکی گەیاندنیشی لەسەر بووە ، خوا ناردویەتی بۆ نەوەکەی بۆ ئەوەی خوا بپەرستن بەو شەریعەتەی کە باوکە ئادەمیان پێی هاتبوو درود و سەلامی خوای لێبێ ، ئەوانیش بەردەوام بوون لەسەر ئیسلام و ڕێگای ڕاست تاوەکو شیرك ڕویدا لە نێو قەومەکەی نوح دا درود و سەلامی خوای لێبێ ، پاشان کاتێك شیرك ڕویدا لە نێو قەومەکەی نوح دا خوای گەورە نوحی بۆ ڕەوانە کردن درود و سەلامی خوای لێبێ ، کەواتە نوح یەکەم پێغەمبەرە خوا ناردویەتی بۆ خەڵکی سەر زەوی دوای ڕودانی شیرك).

بڕوانە : (شرح ثلاثة الأصول) للشيخ ابن باز لاپەڕە : (٧٢) .

[11] رواه البخاري ، كتاب الرقاق ، باب صفة الجنة والنار ، رقم : (٦٥٦٥) .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾﴾ [النحل] .

واتە : بەدڵنیایی لە هەموو ئوممەتێك (کۆمەڵە مرۆڤـێك)دا پێغەمبەرێکمان ناردووە بۆ ئەوەی پێیان بڵێ : بە تاك و تەنها خوای گەورە بپەرستن و خۆتان دوور بخەنەوە لە تاغوت (پەرستنی جگە لە خوا) .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾﴾ [فاطر] .

واتە : هیچ ئوممەتێك نەبووە ئیللا پێغەمبەرێکی ئاگادارکەرەوەی تێدا بووە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا ﴿٤٤﴾﴾ [المائدة] .

واتە : ئێمە (تەورات)مان دابەزاندووە ڕێنمایی و ڕوناکی تێدایە ئەو هەواڵپێدراوانەی (پێغەمبەرانەی) کە موسڵمان و ملکەچبوون بۆ خوا فەرمانڕەوایی پێدەکەن بەسەر ئەوانەدا کە بوون بە جوولەکە (یەهودی) .

وە پێغەمبەران مرۆڤن و دروستکراون ، هیچ تایبەتمەندێتی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتیان نییە ، خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەرەکەی (مُحمَّد ﷺ) کە سەروەری پێغەمبەرانە و لە هەموویان حورمەتی گەورەترە لای خوا فەرموویەتی : ﴿قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ۚ وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ ۚ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ ﴿١٨٨﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ : من هیچ سود و زیانم بە دەست نییە بۆ خۆم تەنها ئەوە نەبێت کە خوا ویستی لێبێت ، وە ئەگەر من پەنهانیم (غەیبم) بزانیایەت ئەوا خێرێکی زۆرم دەستی خۆم دەخست و هیچ خراپەیەکم تووش نەدەبوو ، من هیچ نیم تەنها ئاگادارکەرەوە و مژدەدەر نەبێت بۆ خەڵکانێك کە باوەڕبێنن .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴿٢١﴾ قُلْ إِنِّي لَن يُجِيرَنِي مِنَ اللَّهِ أَحَدٌ وَلَنْ أَجِدَ مِن دُونِهِ مُلْتَحَدًا ﴿٢٢﴾﴾ [الجن] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ : من هیچ زیان و ڕێنماییم بە دەست نییە بۆ ئێوە ﴿٢١﴾ بڵێ : من کەس نییە پەنام بدات لە خوا ئەگەر بیەوێت سزام بدات و کەسیش نییە جگە لە ئەو پشت و پەنام بێت .

وە پێغەمبەران تایبەتمەندێتی مرۆڤایەتیان پێدەگات : لە نەخۆشی و مردن و پێویست بوون بە خواردن و خواردنەوە و جگە لەمانەش ، خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەر (إبراهيم عليه الصلاة والسلام) لە وەسف کردنیدا بۆ پەروەردگاری فەرموویەتی : ﴿وَالَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ ﴿٧٩﴾ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ﴿٨٠﴾ وَالَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ ﴿٨١﴾﴾ [الشعراء] .

واتە : پەروەردگاری من ئەوەیە کە خواردن و خواردنەوەم دەداتێ ﴿٧٩﴾ وە ئەگەر نەخۆش بکەوم ئەو شیفام دەدات و چاکم دەکاتەوە ﴿٨٠﴾ وە ئەوەیە کە دەمرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : «إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ أَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ ، فَإِذَا نَسِيتُ فَذَكِّرُونِي»[١٢] .

واتە : بەڕاستی منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە شتم لە بیر دەچێتەوە هەروەکو چۆن ئێوەش شتان لە بیر دەچێتەوە ، بۆیە ئەگەر لە بیرم چووەوە ئەوا ئێوە بیرمی خەنەوە .

[١٢] رواه البخاري ، كتاب أبواب القبلة ، باب التوجه إلى القبلة حيث كان ، رقم : (٣٩٢) .

وە خوای گەورە وەسفی پێغەمبەرانی کردووە بە بەندایەتی (عەبدایەتی) کردن بۆی لە بەرزترین جێگەیاندا ، ئەوەتا سەبارەت بە (نوح ﷺ) فەرموویەتی : ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا ۝٣﴾ [الإسراء] .

واتە : بەڕاستی نوح بەندەیەکی شوکرانەبژێر بوو .

وە سەبارەت بە (مُحمَّد ﷺ) فەرموویەتی : ﴿تَبَارَكَ ٱلَّذِي نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ لِيَكُونَ لِلۡعَٰلَمِينَ نَذِيرًا ۝١﴾ [الفرقان] .

واتە : پڕ خێر و بە پیت بێت کاری ئەو خوایەی کە قورئانی (جیاکەرەوەی نێوان حەق و باتڵی) دابەزاندووەتە سەر بەندەکەی بۆ

ئەوەی ببێت بە ئاگادارکەرەوە بۆ هەموو خەڵکی جیهان .

وە سەبارەت بە (إبراهيم وإسحاق ويعقوب صلى الله عليهم وسلّم) فەرموویەتی : ﴿وَٱذۡكُرۡ عِبَٰدَنَآ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ أُوْلِي ٱلۡأَيۡدِي وَٱلۡأَبۡصَٰرِ ۝٤٥ إِنَّآ أَخۡلَصۡنَٰهُم بِخَالِصَةٖ ذِكۡرَى ٱلدَّارِ ۝٤٦ وَإِنَّهُمۡ عِندَنَا لَمِنَ ٱلۡمُصۡطَفَيۡنَ ٱلۡأَخۡيَارِ ۝٤٧﴾ [سورة ص] .

واتە : باسی بەندەکانمان (إبراهيم وإسحاق ويعقوب) بکە کە خاوەنی کردەوەی چاك و زانستی بە سوود بوون ۝٤٥ بەڕاستی ئێمە پاڵفتەیانمان کردبوون بە خۆیەکلاکردنەوە بۆ بیرکردنەوە لە بەهەشت و کردەوە و بانگەواز کردن بۆی (یان بەڕاستی ئێمە بەهەشتمان تایبەت کردبوو بۆیان لە بەرامبەر بیرلێکردنەوە و باس کردنیان بۆی) ۝٤٦ وە بەڕاستی ئەمانە لای ئێمە لە هەڵبژێردراو و چاکەکانن .

وە سەبارەت بە (عيسى بن مَرْيَم ﷺ) فەرموویەتی : ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا عَبۡدٌ أَنۡعَمۡنَا عَلَيۡهِ وَجَعَلۡنَٰهُ مَثَلٗا لِّبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ۝٥٩﴾ [الزخرف] .

واتە : (عيسى) هیچ نییە تەنها بەندەیەك نەبێت کە نیعمەتی خۆمانمان داوە بەسەریدا بە پێغەمبەرایەتی و زانست و دانایەتی و کردووەمانە بە نیشانە و بەڵگەیەك بۆ بەنی ئیسرائیل (واتە : نەوەکانی پێغەمبەر یعقوب) .

*** وە باوەڕبوون بە پێغەمبەران چوار بوار دەگرێتەوە :**

یەکەم : باوەڕبوون بەوەی کە پەیامەکانیان حەق و ڕاستن و لە لایەن خوای گەورە هاتوون ، جا هەر کەسێك بێباوەڕ ببێت بە پەیامی یەکێکیان ئەوە بێباوەڕ بووە بە هەر هەموویان ، وەکو چۆن خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿كَذَّبَتۡ قَوۡمُ نُوحٍ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝١٠٥﴾ [الشعراء] .

واتە : گەلەکەی (نوح) پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە .

خوای گەورە کردوویانێتی بە بەدرۆخەرەوە بۆ هەموو پێغەمبەران ، لە کاتێکدا کە لەو سەردەمەدا کە ئەوان بەدرۆیان خستەوە هیچ پێغەمبەرێکی تر نەبووە جگە لە (نوح) ، کەواتە بە پێی ئەمە ئەو گاورانەی کە پێغەمبەر (مُحمَّد)یان (ﷺ) بە درۆ خستەوە و شوێنی نەکەوتن ئەوانە بەدرۆخەرەوەشن بۆ (مسيح بن مَـرْيَم ﷺ) و بەهەمان شێوە شوێنی ئەویش نەکەوتوون ، بە تایبەتی کە مژدەی پێداون بە هاتنی (مُحمَّـد ﷺ) ، وە مژدە پێدانیان بە (مُحمَّد ﷺ) هیچ مانایەکی نییە تەنها ئەوە نەبێت کە بەڕاستی پێغەمبەرە بۆیان ، خوا بە هۆیەوە ڕزگاریان دەکات لە گومڕایەتی و ڕێنماییان دەکات بۆ ڕێگای ڕاست .

دووەم : باوەڕبوون بەوانەیان کە ناویان دەزانین بە ناوەکانیانەوە وەکو (مُحمَّد وإبراهيم وموسى وعيسى ونوح عليهم الصلاة والسلام) ، وە ئەم پێنجە بریتین لە خاوەنەکانی توانا و خۆڕاگرتن (أولوا العـزم) لە پێغەمبەران ، کە خوای

گەورە لە قورئاندا لە دوو شوێندا باسی کردوون لە فەرمایشتی : ﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ ۝٧﴾ [الأحزاب] .

واتە : ئەی (مُحمَّد) ئێمە بەڵێنمان وەرگرتووە لە پێغەمبەران و لە تۆ و لە (إبراهیم وموسی وعیسی بن مـــریَم)یش کەوا هەستن بە جێبەجێکردن و گەیاندنی ئاینی خوا .

وە لە فەرمایشتی : ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ۝١٣﴾ [الشوری] .

واتە خوای پەروەردگار : بۆتانی داناوە لە ئایندا ئەوەی کە ئامۆژگاری (نوح)ی پێکردووە و ئەوەش کە بە وەحیی ناردوومانە بۆ تۆ و ئەوەش کە ئامۆژگاری (إبراهیم وموسی وعیسی)مان پێکردووە : کەوا ئاین بە ڕێك و ڕاستی جێبەجێ بکەن و پەرتەوازە نەبن تێیدا * .

بەڵام ئەوانەشیان کە ناوەکانیان نازانین لێیان باوەڕمان پێیان هەیە بە گشتی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلٗا مِّن قَبۡلِكَ مِنۡهُم مَّن قَصَصۡنَا عَلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّن لَّمۡ نَقۡصُصۡ عَلَيۡكَۗ ۝٧٨﴾ [غافر] .

واتە : وە بەدڵنیایی ئێمە چەندین پێغەمبەرمان ناردووە لە پێش تۆ بەسەرهاتی هەندێکیانمان باس کردووە بۆت و بەسەرهاتی هەندێکیانمانیش نەگێڕاوەتەوە بۆت .

سێیەم : بەڕاست دانانی ئەوەی کە ڕاستە (صەحیحە) لە بەسەرهات و هەواڵەکانیان .

چوارەم : کردەوە کردن بە شەریعەتی ئەوەیان کە نێردراوە بۆ ئێمە ئەویش کۆتایی پێهێنەریانە (مُحمَّد ﷺ) کە نێردراوە بۆ هەموو خەڵکی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ۝٦٥﴾ [النساء] .

واتە : سوێند بە پەروەردگارت ئەی پێغەمبەر ئەو خەڵکە باوەڕ ناهێنن و بێباوەڕن تاوەکو تۆ نەکەن بە دادوەر لەو شتانەدا کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە تێیدا و ئەنجا لە ناخیانەوە دڵگران نەبن بەو بڕیارەی تۆ و ملکەچ بن بە تەواوی .

وە **باوەڕبوون بە پێغەمبەران** چەندین بەرهەمی گەورەی هەیە ، لەوانە :

یەکەم : زانینی بەزەیی خوای گەورە و بایەخدانی بە بەندەکانی ، کەوا پێغەمبەرانی بۆ ناردوون ، بۆ ئەوەی ڕێنماییان بکەن بۆ ڕێگای خوای گەورە ، و ڕوونی کەنەوە بۆیان کە چۆن خوا بپەرستن ، چونکە عەقڵی مرۆڤ سەربەخۆ ئەوە نازانێت .

دووەم : سوپاس کردنی خوای پایەبەرز لەسەر ئەم نیعمەتە گەورەیە .

---

* ئەم ئایەتە ڕوون ترین بەڵگەیە لەسەر **حەرامێتی حزبایەتی** کە موسڵمانانی پەرتەوازە و پارچەپارچە کردووە ، بڕوانە کتێبی : (فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی) ئامادەکردن و وەرگێڕانی وەرگێڕ : (محمد عبد الرحمن).

سێیەم : خۆشویستنی پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و بەگەورەزانینیان و ستایش کردنیان بەوەی کە شایەنە پێیان ، چونکە ئەوانە پێغەمبەرانی خوای گەورەن ، وە لەبەر ئەوەی کە هەستاوون بە پەرستنی خوا و گەیاندنی پەیامەکەی و ئامۆژگاری کردنی بەندەکانی .

* وە **یاخی بووان لە حەق و پێچەوانەکەرانی ڕاستی پێغەمبەرانی خۆیانیان بەدرۆخستووەتەوە** بە بۆچوونی ئەوەی کەوا پێغەمبەرانی خوای گەورە نابێت لە مرۆڤ بن !

وە خوای گەورە ئەم بۆچوونەی باس کردووە و پوچەڵیشی کردووەتەوە بەم فەرمایشتەی : ﴿ وَمَا مَنَعَ ٱلنَّاسَ أَن يُؤْمِنُوٓاْ إِذْ جَآءَهُمُ ٱلْهُدَىٰٓ إِلَّآ أَن قَالُوٓاْ أَبَعَثَ ٱللَّهُ بَشَرًا رَّسُولًا ﴿٩٤﴾ قُل لَّوْ كَانَ فِى ٱلْأَرْضِ مَلَٰٓئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ مَلَكًا رَّسُولًا ﴿٩٥﴾ ﴾ [الإسراء] .

واتە : هیچ شتێك ڕێگری لە خەڵك نەکرد لەوەی کە باوەڕ بێنن لە کاتێکدا کە ڕووناکی و ڕێنماییان بۆ هات تەنها ئەوە نەبێت کە دەیانگووت : ئایا خوا مرۆڤی ناردووە بە پێغەمبەر ؟ ﴿٩٤﴾ تۆش بڵێ : ئەگەر لە زەویدا فریشتە هەبوایەت و بە ئارامی ڕێیان بکردایەت ئەوا ئێمەش لە ئاسمانەوە فریشتەمان بە پێغەمبەرایەتی دادەبەزاند بۆ سەریان .

خوای گەورە ئەم بۆچوونەی پوچەڵ کردەوە بەوەی کەوا پێویستە پێغەمبەر مرۆڤ بێت ، چونکە ئەو نێردراوە بۆ لای خەڵکی سەر زەوی کە بریتین لە مرۆڤ ، وە ئەگەر خەڵکی سەر زەوی فریشتە ببوایەن ئەوا خوا لە ئاسمانەوە فریشتەی بۆ دادەبەزاندن بە پێغەمبەرایەتی بۆ ئەوەی ئەویش وەکو ئەوان بێت .

وە خوای گەورە لە بەدرۆخەرەوانی پێغەمبەرانی گێڕاوەتەوە کەوا بە پێغەمبەرانیان وتویانە : ﴿إِنْ أَنتُمْ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُنَا تُرِيدُونَ أَن تَصُدُّونَا عَمَّا كَانَ يَعْبُدُ ءَابَآؤُنَا فَأْتُونَا بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿١٠﴾ قَالَتْ لَهُمْ رُسُلُهُمْ إِن نَّحْنُ إِلَّا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَمُنُّ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَمَا كَانَ لَنَآ أَن نَّأْتِيَكُم بِسُلْطَٰنٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴿١١﴾ ﴾ [إبراهيم] .

واتە : ئێوە هیچ نین تەنها مرۆڤ نەبێت وەکو ئێمە دەتانەوێت ڕێگریمان لێبکەن لەوەی کە باوباپیرانمان دەیانپەرستن بۆیە بەڵگەی ڕوونمان (موعجیزەیەکمان) بۆ بێنن ﴿١٠﴾ پێغەمبەرانیان پێیانیان فەرموو : ڕاستە ئێمە هیچ نین تەنها مرۆڤ نەبێت وەکو ئێوە ، بەڵام خوا چاکەی خۆی ـ لە پێغەمبەرایەتی ـ دەدات بە هەر کەسێك ویستی لێبێت لە بەندەکانی ، وە ئێمە بۆمان نییە بەڵگەی ڕوونتان (موعجیزەتان) بۆ بێنین ئیللا بە مۆڵەتی (ئیزنی) خوا نەبێت .

باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی

ڕۆژی دوایی : ڕۆژی هەستانەوەیە کەوا خەڵکی تێیدا زیندوو دەبنەوە بۆ لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە .

وە ناو نراوە بە (ڕۆژی دوایی / اليوم الآخر) چونکە هیچ ڕۆژی تری بە دواوە نییە ، لەبەر ئەوەی خەڵکی بەهەشت جێگیر دەبن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان ، وە خەڵکی دۆزەخیش جێگیر دەبن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان .

* **وە باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی سێ بوار دەگرێتەوە** :

یەکەم : باوەڕبوون بە زیندوو بوونەوە (الإيمان بالبعث) : کە بریتییە لە زیندوو کردنەوەی مردووەکان کاتێك کە فوو دەکرێت بە کەڕەنادا فوو کردنی دووەم ، یەکسەر خەڵکی هەڵدەسنەوە بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان بە پێی پەتی بە بێ پێڵاو ، وە بە رووتی بە بێ پۆشتەیی ، وە بەو پێستەوە کە لە کاتی خەتەنەکردندا دەبڕێت بە بێ خەتەنەکراوی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : هەر وەکو چۆن سەرەتا و یەکەم جار دروستمان کردن ئاوەهایش دەیانگێڕینەوە ، بەڵێنێکە بەسەرمانەوە بەڕاستی ئێمە جێبەجێی دەکەین .

وە زیندوو بوونەوە : ڕاستە و سەلمێنراوە ، قورئان و سوننەت و کۆڕا و یەکدەنگی موسڵمانان بەڵگەن لەسەری .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ تُبْعَثُونَ ﴿١٦﴾﴾ [المؤمنون] .

واتە : ئەنجا ئێوە دوای ئەوە بە دڵنیایی دەمردن ﴿١٥﴾ پاشان ئێوە لە ڕۆژی هەستانەوەدا زیندوو دەکرێنەوە .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : «يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلاً»[١٣] .

واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا (هەستانەوە لە گۆڕ بۆ ساحەی مەحشەر) خەڵکی کۆدەکرێتەوە بە پێی پەتی و بە ڕووتی و بە خەتەنە نەکراوی .

وە هەموو موسڵمانان کۆڕا و یەکدەنگن لەسەر سەلماندنی ڕۆژی دوایی ، وە ئەوەیش داخوازیکاری دانایەتییە ، چونکە دانایەتی ئەوە دەخوازێت کەوا خوای گەورە گێڕانەوەیەك دابنێت بۆ ئەم بوونەوەرە ، بۆ ئەوەی تێیدا پاداشتیان بداتەوە لەسەر ئەوەی کە بۆی داناون لەو شەریعەتانەدا کە پێغەمبەرانی خۆیی پێناردووە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾﴾ [المؤمنون] .

واتە : ئایا ئێوە واتان داناوە کەوا ئێمە دروستمان کردوون بە گاڵتە و بێمەبەست و ئێوە ناگەڕێنەوە بۆ لامان ؟

وە خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەیی (ﷺ) فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ ٱلْقُرْءَانَ لَرَآدُّكَ إِلَىٰ مَعَادٍ ۚ ﴿٨٥﴾﴾ [القصص] .

واتە : بەڕاستی ئەو خوایەی کە قورئانی دابەزاندووە بۆت و پێویستی کردووە لەسەرت بیگەیەنیت دەتگێڕێتەوە بۆ ڕۆژی دوایی .

دووەم : باوەڕبوون بە لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە (الإيمان بالحساب والجزاء) : بەندە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەسەر کردەوەکانی و پاداشتی دەدرێتەوە لەسەری ، وە قورئان و سوننەت و کۆڕا و یەکدەنگی (إجماع) موسڵمانان بەڵگەن لەسەر ئەمە .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾﴾ [الغاشية] .

واتە : بەڕاستی گەڕانەوەیان بۆ لای ئێمە ﴿٢٥﴾ پاشان بەڕاستی لێپرسینەوەشیان لەسەر ئێمەیە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦٠﴾﴾ [الأنعام] .

---

[١٣] رواه البخاري ومسلم ، واللفظ لـمسلم ، كتاب الـجنة وصفة نعيمها وأهلها ، باب فناء الدنيا ، رقم : (٧١٢٧) .

واته : هەر كەسێك چاكەیەك بێنێت ئەوە (١٠) دە ئەوەندە پاداشتی بۆ هەیە ، وە هەر كەسێك خراپەیەك بێنێت ئەوە پاداشت نادرێتەوە ئیللا وەكو خۆی نەبێت و ستەمیشیان لێناكرێت .

وە فەرموویەتی : ﴿ وَنَضَعُ ٱلْمَوَٰزِينَ ٱلْقِسْطَ لِيَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْـًٔا ۖ وَإِن كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِّنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا ۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾ [الأنبياء] .

واته : ئێمە تەرازووەكانی دادپەروەری دادەنەین بۆ ڕۆژی هەستانەوە (قیامەت) جا هیچ ستەم ناكرێت لە هیچ كەسێك ، وە ئەگەر بە ئەندازەی كێشی دەنكە خەرتەلەیەكیش بێت دەیهێنین بۆ ئەوەی پاداشتی خاوەنەكەی پێ بدرێتەوە ، وە بەسە كەوا ئێمە كردەوەی بەندەكان بژمێرین و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بكەین .

وە لە (ابن عمر)ەوە (رضي الله عنهما) **پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :** ((إِنَّ اللَّهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ ــ أي سِتْرَهُ ــ وَيَسْتُرُهُ ، فَيَقُولُ : أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا ؟ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا ؟ فَيَقُولُ : نَعَمْ أَيْ رَبِّ ، حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ ، قَالَ : سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا ، وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ ، فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ ، وَأَمَّا الْكُفَّارُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيُنَادَى بِهِمْ عَلَى رُءُوسِ الْخَلَائِقِ : هَؤُلَاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى رَبِّهِمْ ، أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ))[١٤] .

واته : بەڕاستی خوا باوەڕدار نزیك دەكاتەوە ئەنجا بە پاراستنی دەگرێتەوە و دەیپۆشێت ، ئەنجا پێی دەفەرموێت : ئایا فلانە تاوان دەزانیت ؟ ئایا فیسارە تاوان دەزانیت ؟ ئەویش دەڵێت : بەڵێ ئەی پەروەردگار ، هەتاوەكو دانی پێدەنێت بە تاوانەكانیدا و وا دەبینێت كەوا تیاچووە ، خوا دەفەرموێت : من لە دونیادا تاوانەكانتم پۆشی لەسەرت ، وە من ئەمڕۆ لێیان خۆشدەبم لێت ، ئەنجا كتێبی چاكەكانی پێ دەدرێت .

بەڵام بێباوەڕ و دووڕووەكان ئەوا بانگ دەكرێن لە پێش چاوی هەموو بوونەوەردا و پێیان دەوترێت : ئەمانە ئەوانەن كەوا درۆیان كرد لەسەر خوا ، لەعنەتی خوا لەسەر ستەمكاران بێت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ ، ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ : فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ ، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً ، وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللَّهُ لَهُ سَيِّئَةً وَاحِدَةً))[١٥] .

واته : بەڕاستی خوا چاكەكان و خراپەكانی نووسیوە ، ئەنجا ڕوونیشی كردووەتەوە : جا هەر كەسێك نیازی كردنی چاكەیەك هات بە دڵیدا و نەیكرد ئەوا خوا لای خۆی یەك چاكەی تەواوی بۆ دەنووسێت ، وە ئەگەر نیازی كردنی چاكەیەك هات بە دڵیدا و كردی ئەوا خوا لای خۆی بۆی دەنووسێت بە (١٠) چاكە تا (٧٠٠) حەوسەد ئەوەندە تا ئەوەندەی زۆر تریش ، وە هەر كەسێك نیازی كردنی خراپەیەك هات بە دڵیدا و نەیكرد ئەوا خوا لای خۆی یەك چاكەی تەواوی بۆ دەنووسێت ، وە ئەگەر نیازی كردنی خراپەیەك هات بە دڵیدا و كردی ئەوا خوا یەك خراپەی بۆ دەنووسێت .

وە هەموو موسڵمانان كۆڕا و یەكدەنگن لەسەر سەلماندنی لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە لەسەر كردەوەكان ، وە ئەوەیش داخوازیكاری دانایەتیە ، چونكە خوای گەورە كتێبەكانی دابەزاندووە و پێغەمبەرانی

---

(١٤) رواه البخاري ، كتاب المظالم ، باب قول الله تعالى : (أَلَا لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ) ، رقم : (٢٣٠٩) .

(١٥) رواه البخاري ، كتاب الرقاق ، باب من همَّ بحسنة أو سيئة ، رقم : (٦١٢٦) ، ورواه مسلم ، كتاب الإيمان ، باب إذا همَّ العبد بحسنة كتبت و إذا همَّ بسيئة لم تكتب رقم : (٣٣٥) .

ناردووە و پێویستیشی کردووە لەسەر بەندەکان کەوا ئەوە وەربگرن کە پێی هاتوون و کردەوەش بکەن بەوەی کە پێویستە کردەوەی پێبکرێت لێی ، وە خوا پێویستی کردووە کوشتار بکرێت لەگەڵ ئەوانەدا کە بەرهەڵستی لێ دەکەن و خوێنیان و منداڵیان و ئافرەتانیان و سامانیانی حەڵاڵ کردووە ، جا ئەگەر لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە نەبوو بوایەت ئەوا ئەمانە بەشێك دەبوون لە کاری بێ سوود و بێ ئەنجام کە پەروەردگاری دانای لێ بە دوور و پاك ڕادەگیرێت ، وە خوای گەورە ئاماژەی کردووە بۆ ئەمە بە فەرمایشتی :

﴿ فَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلَّذِينَ أُرْسِلَ إِلَيْهِمْ وَلَنَسْـَٔلَنَّ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٦﴾ فَلَنَقُصَّنَّ عَلَيْهِم بِعِلْمٍ ۖ وَمَا كُنَّا غَآئِبِينَ ﴿٧﴾ ﴾ [الأعراف] .

واتە : بە دڵنیایی پرسیار دەکەین لەوانەی پێغەمبەریان بۆ نێردراوە سەبارەت بە وەڵامدانەوەیان بۆیان و پرسیاریش دەکەین لە پێغەمبەران سەبارەت بەوەی کە گەیاندوویانە ﴿٦﴾ بە دڵنیایی بە زانستەوە بۆیان دەگێڕینەوە کە چیان کردووە ، وە ئێمە نادیار و بێ ئاگا نەبووین لێیان .

بواری سێیەم : باوەڕبوون بە بەهەشت و ئاگری دۆزەخ و بەوەش کەوا هەردووکیان دەرئەنجامی هەتاهەتایین بۆ دروستکراوەکان .

بەهەشت ماڵی خۆشگوزرانی‌یە کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ باوەڕداره خۆپارێز و لە خوا ترسەکان ، ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە بەوەی کە خوا پێویستی کردووە لەسەریان باوەڕی پێبهێنرێت و هەستاون بە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی ، بە پاکی پەرستنیان کردووە بۆ خوا و شوێنی پێغەمبەرەکەی کەوتوون .

بەهەشت لە جۆرەها خۆشگوزرانی تێدایە ئەوەی کە : «مَا لاَ عَيْنَ رَأَتْ ، وَلاَ أُذُنَ سَمِعَتْ ، وَلاَ خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ»[١٦] .

واتە : نە چاو بینیویەتی ، و نە گوێ بیستویەتی ، و نە بە خەیاڵیش هاتووە بەسەر دڵی مرۆڤدا .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمْ خَيْرُ ٱلْبَرِيَّةِ ﴿٧﴾ جَزَآؤُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّـٰتُ عَدْنٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ ذَٰلِكَ لِمَنْ خَشِىَ رَبَّهُۥ ﴿٨﴾ ﴾ [البينة] .

واتە : بەڕاستی ئەوانەی کەوا باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکەیان کردووە ئا ئەوانە باشترینی دروستکراوەکانن ﴿٧﴾ پاداشتیان لای پەروەردگاریان باخانێکی هەتاهەتایی‌یە کە ڕووباریان بە ژێردا تێدەپەڕێت و بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە ، ، ئەوانە خوا لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش لەو ڕازی بوون ، ئەو پاداشتە بۆ ئەوانەیە کە لە پەروەردگاریان دەترسن .

وە فەرموویەتی : ﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِىَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾ [السجدة] .

واتە : هیچ کەسێك نازانێت چی هەڵگیراوە بۆ بەهەشتیەکان لەوەی کە چاو ئۆقرەی پێدەگرێت لە پاداشتی ئەو کردەوانەی کە دەیانکردن .

بەڵام **ئاگری دۆزەخ** : بریتی‌یە لە ماڵی سزا کە خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ بێباوەڕە ستەمکارەکان ، ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون بە خوا و سەرپێچی پێغەمبەرەکانیان کردووە .

دۆزەخ لە جۆرەها سزا و تۆڵەی تێدایە ئەوەی کە نەهاتووە بەسەر هیچ بیر و دڵێکدا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِىٓ أُعِدَّتْ لِلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٣١﴾ ﴾ [آل عمران] .

---

[١٦] رواه البخاري ، كتاب بدء الخلق ، باب ما جاء في وصف الجنة وأنها مخلوقة ، ، رقم : (٣٠٧٢) .

واتە : خۆپارێزی بکەن لەو ئاگرەی کە ئامادە کراوە بۆ بێباوەڕەکان .

وە فەرموویەتی : ﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡۚ إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمۡ سُرَادِقُهَاۚ وَإِن يَسۡتَغِيثُواْ يُغَاثُواْ بِمَآءٖ كَٱلۡمُهۡلِ يَشۡوِي ٱلۡوُجُوهَۚ بِئۡسَ ٱلشَّرَابُ وَسَآءَتۡ مُرۡتَفَقًا ٢٩﴾ [الكهف] .

واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ بە خەڵکی : ئەمەی کە پێتانی ڕادەگەیەنم ڕاستە و لای پەروەردگارتانەوە هێناومە ، جا هەر کەسێك دەیەوێت باوەڕ بێنێت با باوەڕ بێنێت وە هەر کەسێکیش دەیەوێت باوەڕ نەهێنێت با باوەڕ نەهێنێت ، بەڕاستی ئێمە ئاگرێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کەوا چواردەوری داون بە پەرژینەکانی و ناتوانن لێی دەرباز ببن ، وە ئەگەر داوای ئاویش بکەن ئەوا ئاوێکیان پێدەدرێت وەکو قوڕقوشمی تواوە وایە کەوا ڕوومەتەکان دەبرژێنێت ، ئەمە خراپترین خواردنەوەیە و دۆزەخیش خراپترین جێ و شوێنە بۆ هاوڕێیەتی .

وە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَعَنَ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَأَعَدَّ لَهُمۡ سَعِيرًا ٦٤ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۖ لَّا يَجِدُونَ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرٗا ٦٥ يَوۡمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمۡ فِي ٱلنَّارِ يَقُولُونَ يَٰلَيۡتَنَآ أَطَعۡنَا ٱللَّهَ وَأَطَعۡنَا ٱلرَّسُولَا۠ ٦٦﴾ [الأحزاب] .

واتە : بەڕاستی خوا نەفرەتی کردووە لە بێباوەڕەکان و دۆزەخی گڕتێبەردراوی بۆ ئامادە کردوون ﴿٦٤﴾ بە هەتاهەتایی تێیدا دەمێننەوە و هیچ دۆست و پشتیوانێکیشیان نییە تکایەکیان بۆ بکات ﴿٦٥﴾ ڕۆژێکە کەوا ڕوومەتیان هەڵدەگەڕێتەوە لە نێو ئاگردا و دەڵێن : خۆزگایە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرمان بکردایەت .

* وە **باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی** چەندین بەرهەمی گەورەی هەیە ، لەوانە :

یەکەم : حەزکردن لە ئەنجامدانی چاکە و سووربوون لەسەری بە ئومێدی پاداشتی ئەو ڕۆژە .

دووەم : ترسان لە ئەنجامدانی خراپە و ڕازی بوون پێی لە ترسی سزای ئەو ڕۆژە .

سێیەم : دڵنەوایی کردنی باوەڕدار سەبارەت بەوەی کە لە دەستی دەردەچێت لە دونیادا بەوەی کە ئومێدی پێی هەیە لە خۆشگوزرانی دواڕۆژ و پاداشتەکانی .

* **وە بێباوەڕەکان نکۆڵی** (ئینکاری) **زیندوو بوونەوەی دوای مردنیان کردووە** ، بۆچوونیان وایە کەوا ئەمە مەحاڵە .

ئەم بۆچوونەش پوچەڵە ، شەرع و هەست و عەقڵ بەڵگەن لەسەر پوچەڵیەتییەکەی .

بەڵگەی شەرع : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ٧﴾ [التغابن] .

واتە : بێباوەڕەکان بۆچوونیان وایە کەوا زیندوو ناکرێنەوە ، تۆش بڵێ : بەڵێ سوێند بە پەروەردگارم بەدڵنیایی زیندوو دەکرێنەوە ئەنجا هەواڵی کردەوەکانیشتان پێ دەدرێت ، وە ئەوەش لای خوا ئاسانە .

وە هەموو کتێبە ئاسمانییەکان پێکهاتوون لەسەر هەبوونی زیندوو بوونەوە لە دوای مردن .

وە **بەڵگەی هەست** : ئەوەیە کە خوا لەم دونیایەدا زیندوو کردنەوەی مردووی پێشانی بەندەکانی داوە ، وە لە سورەتی (البقرة)دا پێنج نموونە هەیە لەسەر ئەمە ، کە بریتین لەمانە :

نموونەی یەکەم : گەلی پێغەمبەر (موسی) کاتێك کە پێیان وت : ﴿لَن نُّؤۡمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهۡرَةٗ ٥٥﴾ [البقرة] .

واتە : ئێمە باوەڕت پێناهێنین تاوەکو بە ئاشکرا خوا نەبینین .

دوای ئەوە خوای گەورە مراندیانی پاشان زیندوویی کردنەوە ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە بە (نەوەکانی ئیسرائیل) دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ ٱلصَّٰعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ۝٥٥ ثُمَّ بَعَثْنَٰكُم مِّنۢ بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ۝٥٦﴾ [البقرة] .

واتە : وە ئێوە وتتان ئەی (موسى) ئێمە باوەڕت پێناهێنین تاوەکو بە ئاشکرا خوا نەبینین ، بۆیە هەورەتریشقە لەناوتانی برد و ئێوەیش سەیرتان دەکرد ۝٥٥ ئەنجا دوای مردنتان زیندووتانمان کردووە بۆ ئەوەی سوپاس و شوکری خوا بکەن .

نموونەی دووەم : لە چیرۆکی ئەو کوژراوەی کەوا (نەوەکانی ئیسرائیل) ناکۆکی کەوتە بەینیانەوە تێیدا ، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێکردن کەوا مانگایەك سەرببڕن و ئەنجا بە هەندێکی بدەن لێی ، بۆ ئەوەی هەواڵیان بداتێ بەو کەسەی کە کوشتویەتی ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَٰٔتُمْ فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ۝٧٢ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ كَذَٰلِكَ يُحْىِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝٧٣﴾ [البقرة] .

واتە : وە ئێوە کەسێکتان کوشت و کەوتنە گومانەوە تێیدا ، وە خوا ئەوە دەردێنێت کەوا ئێوە دەیشارنەوە ۝٧٢ بۆیە فەرموومان : بە هەندێکی بدەن لێی ، ئا بەو شێوەیە خوا مردوو زیندوو دەکاتەوە و نیشانەکانی توانای خۆیتان پێشان دەدات بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و ژیر بن .

نموونەی سێیەم : لە چیرۆکی ئەو خەڵکانەی کەوا بە هەزاران کەس لە وڵاتی خۆیان دەرچوون بە مەبەستی ڕا کردن لە مردن ، کە چی خوای گەورە مراندیانی ، پاشان زیندووی کردنەوە ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ خَرَجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَهُمْ أُلُوفٌ حَذَرَ ٱلْمَوْتِ فَقَالَ لَهُمُ ٱللَّهُ مُوتُوا۟ ثُمَّ أَحْيَٰهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ ۝٢٤٣﴾ [البقرة] .

واتە : ئایا ناڕوانیت بۆ ئەوانەی کە بە هەزاران لە وڵاتی خۆیان دەرچوون لە ترسی مردندا و خوا پێیانی فەرموو : بمرن ئەنجا زیندووی کردنەوە ، بەڕاستی خوا چاکەی زۆرە بەسەر خەڵکەوە بەڵام زۆربەی خەڵکی سوپاس و شوکری ناکەن .

نموونەی چوارەم : لە چیرۆکی ئەو کەسەی کە تێپەڕ بوو بە لای گوندێکی چۆڵ و وێرانی مردوودا و بە دووری دانا کەوا خوای گەورە زیندووی بکاتەوە ، بۆیە خوای گەورە ئەو کەسەی (١٠٠) سەد ساڵ مراند و پاشان زیندووی کردەوە ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَوْ كَٱلَّذِى مَرَّ عَلَىٰ قَرْيَةٍ وَهِىَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا قَالَ أَنَّىٰ يُحْىِۦ هَٰذِهِ ٱللَّهُ بَعْدَ مَوْتِهَا ۖ فَأَمَاتَهُ ٱللَّهُ مِا۟ئَةَ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ ۖ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ ۖ قَالَ لَبِثْتُ يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ ۖ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِا۟ئَةَ عَامٍ فَٱنظُرْ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ ۖ وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ ۖ وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا ۚ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ۝٢٥٩﴾ [البقرة] .

واتە : یان وەکو ئەوەی کە تێپەڕ بوو بە لای گوندێکدا کە چۆڵ و وێران بوو بوو بەسەر یەکدا و وتی : چۆن خوا ئەمە زیندوو دەکاتەوە لە دوای مردنی ؟ بۆیە خوا (١٠٠) سەد ساڵ مراند و پاشان زیندووی کردەوە ، پێی فەرموو : چەندێك مایتەوە ؟ وتی : ڕۆژێك یان هەندێ لە ڕۆژێك ماومەتەوە ، فەرمووی : بەڵکو (١٠٠) سەد ساڵ ماویتەتەوە

بڕوانە بۆ خواردن و خواردنەوەکەت هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووە ، وە بڕوانە بۆ گوێدرێژەکەت ببینە چۆن خوا زیندووی دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی تۆ بکەین بە نیشانە و بەڵگەیەك لەسەر زیندووبوونەوە ، وە بڕوانە بۆ ئێسقانەکان چۆن بەرزیان دەکەینەوە و یەکیان دەخەین و ئەنجا گوشتی بە بەردا دەکەین ، جا کاتێك ئەمەی بۆ روون بووەوە و توانای خوای بۆ دەرکەوت وتی : دەزانم بەڕاستی خوا توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

نموونەی پێنجەم : لە چیرۆکی پێغەمبەر (إبراهيم الـخليل)دا ، لە کاتێکدا کە داوا دەکات لە خوای گەورە کەوا پێشانی بدات چۆن مردوو زیندوو دەکاتەوە ، بۆیە خوای گەورە فەرمانی پێدەکات بە سەربڕینی چوار باڵندە و ئەنجا بەش بەشیان بکاتەوە و پەرتەوازەیان بکات بەسەر شاخەکانی دەوروبەریدا ، پاشان بانگیان بکات ، ئەنجا هەموو بەشەکان یەکدەگرنەوە و بە پەلە دێن بۆ لای (إبـراهيم) ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَالَ إِبْرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِى كَيْفَ تُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰ ۖ قَالَ أَوَلَمْ تُؤْمِن ۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَٰكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِى ۖ قَالَ فَخُذْ أَرْبَعَةً مِّنَ ٱلطَّيْرِ فَصُرْهُنَّ إِلَيْكَ ثُمَّ ٱجْعَلْ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٍ مِّنْهُنَّ جُزْءًا ثُمَّ ٱدْعُهُنَّ يَأْتِينَكَ سَعْيًا ۚ وَٱعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦٠﴾﴾ [البقرة] .

واتە : وە (إبراهيم) وتی : پەروەردگارم پێشانم بدە چۆن مردوو زیندوو دەکەیتەوە ، فەرمووی : باشە ئایا تۆ باوەڕت نەهێناوە؟ وتی : بەڵێ بەڵام بۆ ئەوەی دڵم ئارام بگرێت ، فەرمووی : چوار باڵندە ببە سەریانببڕە و پارچە پارچەیان بکە و ئەنجا لەسەر هەر شاخێك بەشێکیانی لێ دابنێ پاشان بانگیان بکە بە پەلە دێن بۆ لات ، وە بزانە کەوا بەڕاستی خوا بەدەسەڵات و دانایە .

ئەمانە چەند نموونەیەکی هەستپێکراو بوون کە ڕوویان دابوو لە واقعدا ، هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە زیندوو کردنەوەی مردووان شتێکە دەشێت ڕووبدات و مەحاڵ نییە .

وە لە پێشەوە ئاماژە کرا بۆ ئەوەی کە خوای گەورە کردبووی بە بەشێك لە نیشانەکانی (موعجیزەکانی) پێغەمبەر (عيسى بن مريَم) لە زیندوو کردنەوەی مردووان و دەرهێنانیان لە گۆڕەکانیان بە مۆڵەتی (ئیزنی) خوای گەورە .

بەڵام **بەڵگەی عەقڵ** لەسەر هەبوونی زیندوو بوونەوە لە دوای مردن : ئەوا لە دوو ڕووەوەیە :

یەکەمینیان : بەڕاستی خوای گەورە دروستکاری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی کە لە نێوانیاندایە ، دروستکاریانە لە سەرەتاوە ، وە بە توانایە بەسەر سەرەتای دروست کردنی دروستکراودا ، بێدەسەڵات نییە بەسەر گێڕانەوەی ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ ﴿٢٧﴾﴾ [الروم] .

واتە : خوا ئەوەیە کە سەرەتا دروستکراوی دروست کردووە پاشان لە دوای مردنی دەیگێڕێتەوە ، ئەوەیش (واتە : گێڕانەوە لە سەرەتای دروست کردن) ئاسان ترە لەسەری .

وە فەرموویەتی : ﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿١٠٤﴾﴾ [الأنبياء] .

واتە : هەر وەکو چۆن سەرەتا و یەکەم جار دروستمان کردن ئاوەهایش دەیانگێڕینەوە ، بەڵێنێکە بەسەرمانەوە بەڕاستی ئێمە جێبەجێی دەکەین .

وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە وەڵامدانەوەی ئەو کەسەی کەوا نکوڵی کرد لە زیندوو کردنەوەی ئێسقانی ڕزاو و فەرموویەتی : ﴿قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾﴾ [يس] .

واتە : بڵێ ئەو کەسە زیندووی دەکاتەوە کەوا یەکەم جار دروستی کردووە ، وە ئەویش زانایە بە هەموو شتێك .

دووەمیان : بەڕاستی زەوی مردوو و خامۆش و وشکە ، هیچ درەختی سەوزی تێدا نییە ، ئەنجا باران دەبارێت بەسەریدا و لە دوای ئەوە دەجووڵێت بەو ڕووەکانەی ناوی و سەوز و زیندوو دەبێتەوە ، لە هەموو جۆرە ڕووەك و درەختێکی گەشاوە و سەرنجڕاکێشی تێدا دەبێت ، جا ئەو کەسەی کە بە توانایە بەسەر زیندوو کردنەوەی زەویدا لە دوای مردنی (خامۆش و وشك بوونی) ، بە توانایشە بەسەر زیندوو کردنەوەی مردوواندا ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٩﴾﴾ [فصلت] .

واتە : لە نیشانەکانی توانا و دەسەڵاتی خوا ئەوەیە کە تۆ زەوی دەبینیت خامۆشە و هیچ ڕووەکی تێدا نییە وە ئەگەر ئاومان داباراندە سەری دەجووڵێت بەو ڕووەکانەی ناوی و سەوز دەبێتەوە و گەشە دەکات ، بەڕاستی ئەو کەسەی زەوی زیندوو کردەوە بە ڕواندنەوەی ڕووەکەکان بەدڵنیایی مردووەکانیش زیندوو دەکاتەوە ، بەڕاستی ئەو خوایە توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَٰرَكًا فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ جَنَّٰتٍ وَحَبَّ ٱلْحَصِيدِ ﴿٩﴾ وَٱلنَّخْلَ بَاسِقَٰتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ ﴿١٠﴾ رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ ۖ وَأَحْيَيْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا ۚ كَذَٰلِكَ ٱلْخُرُوجُ ﴿١١﴾﴾ [سورة ق] .

واتە : ئێمە لە ئاسمانەوە ئاوی بە پێز و موبارەکمان دابەزاندووە ئەنجا چەندین باخ و تۆوی دروێنە کراومان پێڕوواندووە ﴿٩﴾ وە دارە خورمای بەرزی پێڕوواندووە کە بەروبومی کۆکراوەی هەیە ﴿١٠﴾ هەموو ئەوانە ڕۆزین بۆ بەندەکان ، وە بەو ئاوە داباریوە وڵاتی مردوومان زیندوو کردووەتەوە ، بەو شێوەیەش ئێوە دەهێنینە دەرەوە لە گۆڕەکانتان .

*** وە باوەڕبوون بە هەموو ئەوانەش کە لە پاش مردنەوە ڕوودەدەن دەدرێنە پاڵ باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی** ، وەکو :

(أ) **باوەڕبوون بە تاقیکردنەوەی ناو گۆڕ** : کە بریتییە لە پرسیار کردن لە مردوو دوای ناشتنی سەبارەت بە پەروەردگاری و ئاینەکەی و پێغەمبەرەکەی ، جا خوای گەورە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە جێگیر و دامەزراو دەکات لەسەر وتەی جێگیر ، بۆیە دەڵێت : پەروەردگارم (ٱللَّهُ)یە و ئیسلام ئاینمە و (مُحَمَّد ﷺ) پێغەمبەرمە ، وە خوا ستەمکاران گومڕا دەکات بۆیە بێباوەڕ دەڵێت : چی چی نازانم ، وە دووڕوو یان گومانکاریش دەڵێت : نازانم دەمبیست خەڵکی شتێکیان دەوت منیش دەموت* .

(ب) **باوەڕبوون بە سزا و خۆشی گۆڕ** : کەوا سزای گۆڕ بۆ ستەمکاران دەبێت لە دووڕووان و بێباوەڕان ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾﴾ [الأنعام] .

---

* بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بابەتە : بڕوانە پاشکۆی کتێبی : (**سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان**) بە ناونیشانی : (فەرموودەکەی (البراء بن عازب ﷺ) سەبارەت بە سێ پرسیارەکەی ناو گۆڕ) لاپەڕە : (٤٣ — ٥٦) لە ئامادەکردن و وەرگێڕانی : (محمد عبد الرحمن لطيف) .

واتـه : وه ئەگـەر ببينيـت لـە كاتێكـدا كـە سـتەمكارەكان لـە ناڕەحـەتی و ناهەمواريـەكانی سـەرەمەرگدان و فريشتەكان باڵەكانيان ڕاخستووه بۆ لێدانيان تاوەكو گيانيان بێتەدەرەوه و پێيان دەڵێن : گيانتـان بهێننـە دەرەوه ، ئەمڕۆ پاداشت دەدرێنەوه بە سزای ڕيسواكار لە بەرامبەر ئەو درۆ و ناڕاستييانەی كە لەسـەر خـوا دەتـانوتن ، وه ئێوه خۆتان لەوه بە گەورەتر دەزانی كەوا ملكەچ و پابەند ببوايەن بۆ ئايەتەكانی خوا .

وه خوای گەوره سەبارەت بە (شوێنكەوتوانی فيرعەون / آل فرعـون) فەرموويـەتی : ﴿ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾﴾ [غافر] .

واته : خراپترين سزا كە (شوێنكەوتوانی فيرعەون) توشی دەبن بريتیيە لە ئاگری دۆزەخ كە بەيانيان و ئێواران لە نێو گۆڕەكانياندا نمايش دەكرێن بۆی و ڕۆحەكانيانی پێ سزا دەدرێت ، وه لە ڕۆژی قيامەتيشدا خوا دەفەرموێت : (شوێنكەوتوانی فيرعەون) بخەنە نێو توند ترين سزاوه * .

وه لە (صحيح مسلم)دا لە فەرموودەی (زيد بن ثابت)ەوه (رضي الله عنه) لـە پێغەمبـەرەوه (ﷺ) فەرموويـەتی : ((فَلَوْلاَ أَنْ لاَ تَدَافَنُوا لَدَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُسْمِعَكُمْ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ الَّذِي أَسْمَعُ مِنْهُ ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ فَقَالَ : تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ عَـذَابِ النَّارِ ، قَالُوا : نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ ، فَقَالَ : تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، قَالُوا : نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ ، قَالَ : تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنَ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ، قَالُوا : نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ ، قَالَ : تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ ، قَالُوا : نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ))(١٧) .

واته : ئەگەر لەبەر ئەوه نەبێت ئێوه مردوو نەنێژن ئەوا لە خوا دەپاڕيامەوه و داوام لـێ دەكـرد كـەوا ئـەوەی من دەبيستم لە سزای گۆڕ بيدايەت بە گوێی ئێوەيشدا و بتانبيـستايەت ، ئـەنجا بـە ڕوومـەتی ڕووی تێمـان كـرد و فەرمووی : پەنابگرن بـە خـوا لـە سـزای ئـاگر ، وتيـان : پـەنادەگرين بـە خـوا لـە سـزای ئـاگر ، ئـەنجا فـەرمووی : پەنابگرن بە خوا لە سزای گۆڕ ، وتيان : پەنادەگرين بە خوا لە سزای گۆڕ ، ئەنجا فەرمووی : پەنابگرن بە خـوا لـە تاقيكردنەوه و ئاشووب ئەوەی كە ئاشكرايە و ئەوەشی كە نادياره ، وتيان : پەنادەگرين بە خوا لـە تاقيكردنـەوه و ئاشووب ئەوەی كە ئاشكرايە و ئەوەشی كە نادياره ، ئەنجا فەرمووی : پەنابگرن بە خوا لە تاقيكردنەوەی دەجال ، وتيان : پەنادەگرين بە خوا لە تاقيكردنەوەی دەجال .

---

* قال ابن كثير : (هذه الآية أصل كبير في استدلال أهل السنة على عذاب البرزخ في القبور) .

واته : ئەم ئايەتە بنەمايەكی گەورەيە لە بەڵگەهێنانەوەی ئەهلی سوننەدا لەسەر سەلماندنی سزای بەرزەخ لە نێو گۆڕدا .

(١٧) رواه مسلم ، كتاب الـجنة وصفة نعيمها وأهلها ، باب عرض مقعد الـميت من الـجنة أو النار عليه وإثبات عذاب القبر والتعوذ منه ، رقم : (٧١٤٢) .

* وه بۆ تێگەيشتنی زياتر هۆی وتنی ئەم فەرموودەيە باس دەكەين كە لە سەرەتای فەرموودەكەدا روون كراوەتەوه :

عن زيد بن ثابت (رضي الله عنه) قال بَيْنَمَا النَّبِيُّ (ﷺ) فِي حَائِطٍ لِبَنِي النَّجَّارِ عَلَى بَغْلَةٍ لَهُ وَنَحْنُ مَعَهُ إِذْ حَادَتْ بِهِ فَكَادَتْ تُلْقِيهِ ، وَإِذَا أَقْبُرٌ سِتَّةٌ أَوْ خَمْسَةٌ أَوْ أَرْبَعَةٌ – قَالَ : كَذَا كَانَ يَقُولُ الْجُرَيْرِيُّ – فَقَالَ : مَنْ يَعْرِفُ أَصْحَابَ هَذِهِ الأَقْبُرِ ؟ فَقَالَ رَجُلٌ : أَنَا ، قَالَ : فَمَتَى مَاتَ هَؤُلاَءِ ؟ قَالَ : مَاتُوا فِي الإِشْرَاكِ ، فَقَالَ : إِنَّ هَذِهِ الأُمَّـةَ تُبْتَلَى فِي قُبُورِهَا فَلَوْلاَ ...)) .

واته : لەكاتێكدا كە پێغەمبەر (ﷺ) لە نێو باخێكی دار خورمای چواردەورگيراوی (بنـي النَّجار)دا بـوو بەسـەر قـاترێكی خۆيـەوه و ئێمـەش لەگەڵيدا بووين ، لە ناكاودا قاترەكە پێغەمبەری (ﷺ) دا بە لادا و نزيك بوو لەوەی كە فڕێی بداتە خوارەوه ، لەو كاتەدا شەش يـان پێـنج يـان چـوار گـۆڕی بـينی ـ بەم شێوەيە (الجريري) دەيگێڕايەوه ـ ، جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : كێ خاوەنی ئەم گۆڕانە (واتە ئەوانەی تێيانـدا نێـژراون) دەناسـێت ؟ پياوێك وتـی : من ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : جا ئەمانە هی چ سەردەمێكن ؟ وتی : لەسەردەمی شەريك بۆ خوا ئەنجامداندا (واتـە لـە پـێش هـاتنی ئيسلام) مـردوون ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : بەڕاستی ئەم ئوممەتە تاقيدەكرێتەوه و سزا دەدرێت لە نێو گۆڕەكانياندا ، جا ئەگەر لەبەر ئەوه نەبێت ...

بەلام **خۆشی گۆڕ** : ئەوا بۆ باوەڕدارە ڕاستگۆكانە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُواْ تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ أَلَّا تَخَافُواْ وَلَا تَحْزَنُواْ وَأَبْشِرُواْ بِٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِي كُنتُمْ تُوعَدُونَ ﴿٣٠﴾﴾ [فصلت] .

واتە : بەڕاستی ئەوانەی كە وتویانە : پەروەردگارمان (**الله**)یە و ئەنجا بەردەوام بوون لەسەری تاوەكو مردن ئەوانە لە كاتی سەرەمەرگدا فریشتە دادەبەزێتە سەریان و پێیان دەڵێن : ترستان نەبێت و خەمبار و دڵگرانیش نەبن و مژدەتان لێبێت بەو بەهەشتەی كەوا بەڵێنتان پێدەدرا پێی .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَلَوْلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلْحُلْقُومَ ﴿٨٣﴾ وَأَنتُمْ حِينَئِذٍ تَنظُرُونَ ﴿٨٤﴾ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنكُمْ وَلَٰكِن لَّا تُبْصِرُونَ ﴿٨٥﴾ فَلَوْلَآ إِن كُنتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ ﴿٨٦﴾ تَرْجِعُونَهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٨٧﴾ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلْمُقَرَّبِينَ ﴿٨٨﴾ فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّتُ نَعِيمٍ ﴿٨٩﴾﴾ [الواقعة] .

واتە : لە كاتی سەرەمەرگدا كە گیان دەگاتە قورگ ﴿٨٣﴾ وە ئێوەش لەو كاتەدا سەیری دەكەن ﴿٨٤﴾ وە ئێمەیش (بە فریشتەكانمانەوە) نزیك ترین لێیەوە تاوەكو ئێوە بەلام ئێوە نایانبینن ﴿٨٥﴾ وە ئەگەر ئێوە باوەڕتان نییە بە زیندوو بوونەوە و لێپرسینەوە و پاداشت وەرگرتنەوە ﴿٨٦﴾ ئەوا ئەو گیانە بگێڕنەوە بۆ ناو ئەو لاشەیەی كە لێیەوە دەرهێنرا ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن ﴿٨٧﴾ جا ئەگەر ئەو كەسە لەوانە بێت كەوا زۆر نزیكن لە خواوە * ﴿٨٨﴾ ئەوا خۆشی (ئیسراحەت و ئارامی) و بۆنی ڕەیحان و بەهەشتی خۆشگوزرانییان پێدەدرێت .

وە لە (البراء بن عازب)ەوە (رضي الله عنه) : پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە باوەڕدار ئەگەر وەلامی دوو فریشتەكەی دایەوە فەرموویەتی : «فَيُنَادِي مُنَادٍ مِنْ السَّمَاءِ أَنْ صَدَقَ عَبْدِي ، فَأَفْرِشُوهُ مِنْ الْجَنَّةِ ، وَأَلْبِسُوهُ مِنْ الْجَنَّةِ ، وَافْتَحُوا لَهُ بَابًا إِلَى الْجَنَّةِ ، قَالَ : فَيَأْتِيهِ مِنْ رَوْحِهَا وَطِيبِهَا ، وَيُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ مَدَّ بَصَرِهِ»[18] .

واتە : بانگكارێك بانگ دەكات لە ئاسمانەوە : بەندەكەم ڕاستی كرد ، ڕاخەن بۆی لە فەرشی بەهەشت ، بیپۆشن لە پۆشاكی بەهەشت ، دەرگایەكی بۆ بكەنەوە بەرەو بەهەشت ، فەرمووی : لە خۆشی و بۆنی بەهەشتی بۆ دێت و گۆڕەكەی بۆ فراوان دەكرێتەوە تاوەكو چاو بڕبكات .

* **وە خەڵكانێك لە لارێبووان گومڕا بوونە و نكۆڵی** (ئینكاری) **سزا و خۆشی گۆڕ دەكەن** : بۆچوونیان وایە كەوا ئەمە مەحاڵە چونكە پێچەوانەی واقعە ، دەڵێن : ئەگەر مردووەكە سەرهەڵدرێتەوە و دەربخرێت لە نێو گۆڕەكەیدا ئەوا دەبینرێت چۆن بووە هەر وەكو خۆی وایە ، وە گۆڕەكە نەگۆڕاوە نە بە فراوان بوونەوە و نە بە تەنگ بوونەوەش .

ئەم بۆچوونەش پوچەڵە ، بە پێی شەرع و هەست و عەقڵ :

لایەنی شەرع : ئەوا ئەو دەقانەی كەوا بەڵگەن لەسەر سەلماندنی سزا و خۆشی گۆڕ لە پێشەوە باس كران .

وە لە (صحيح البخاري)دا لە فەرموودەی (ابن عباس)ەوە (رضي الله عنهما) فەرموویەتی : «خَرَجَ النَّبِيُّ (ﷺ) مِنْ بَعْضِ حِيطَانِ الْمَدِينَةِ ، فَسَمِعَ صَوْتَ إِنْسَانَيْنِ يُعَذَّبَانِ فِي قُبُورِهِمَا» باسی تەواوی فەرموودەكەی كرد كە تێیدا هاتووه : «**كَانَ أَحَدُهُمَا**

---

* (ئەوانەن كەوا فەرز و سوننەتەكانیش ئەنجام دەدەن و وازدەهێنن لە حەرام و مەكروهەكانیش) . بڕوانە : (تفسير ابن كثير) و (تفسير السعدي) .

[18] رواه أحمد ، مسند البراء بن عازب ، رقم : (١٨٠٦٣) ، وأبو داود ، كتاب السنة ، باب المسألة في القبر وعذاب القبر ، رقم : (٤٧٥٣) .

لاَ يَسْتَتِرُ مِنَ الْبَوْلِ» ـــ وفي رواية : «مِنْ بَوْلِهِ» ، وفي رواية لـــمسلم : «لاَ يَسْتَنْزِهُ مِنْ بَوْلِــهِ» ـــ ، **وَكَــانَ الآخَــرُ يَمْــشِي بِالنَّمِيمَةِ**»[١٩] .

واته : پێغەمبەر (ﷺ) لە هەندێك لە باخەكانی دەوروبەری مەدینەدا هاتەدەرەوە و لە ناكاودا دەنگی دوو مرۆڤی بیست كەوا لە نێو گۆڕەكانیاندا سزا دەدران ...

وە فەرمووی : یەكێكیان خۆی نەدەپاراست و خۆی پاكڕانەدەگرت لە میزەكەی ، وە ئەوەی تریان قسەی لە نێوان خەڵكدا دەهێنا و دەبرد بە مەبەستی زیان گەیاندن .

وە **لایەنی هەست** : ئەوا بەڕاستی مرۆڤی خەوتوو لە كاتی خەوتنیدا دەبینێت كەوا لە نێو شوێنێكی فراوان و زۆر خۆشدایە و خۆشدەگوزرێت تێیدا ، یان لە نێو شوێنێكی تەنگ و سامناكدایە و ئازاری پێ دەچێژێت ، وە لەوانەیە هەندێك جار بەخەبەر بێتەوە بە هۆی ئەوەوە كە بینیویەتی لە خەوەكەیدا ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەر لەسەر جێگەكەی خۆیدایە لە نێو ژوورەكەی خۆیدا بەو شێوەیەی كە لەسەری بووە ، وە خەو برای مردنە ، لەبەر ئەمە خوای گەورە ناوی ناوە بە (مردن) ، خوای گەور فەرموویەتی : ﴿ ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلْأَنفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَٱلَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا ۖ فَيُمْسِكُ ٱلَّتِى قَضَىٰ عَلَيْهَا ٱلْمَوْتَ وَيُرْسِلُ ٱلْأُخْرَىٰٓ إِلَىٰٓ أَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ ﴿٤٢﴾ ﴾ [الزمر] .

واتە : خوا گیانەكان دەكێشێت لە كاتی مردنیاندا و ئەوەش كە نەمردووە لە كاتی خەوتنیاندا ، جا ئەوەیان دەگرێتەوە كەوا بڕیاری مردنی بەسەردا داوە و ئەوەی تریشیان بەردەدات بۆ كاتی ناو براوی خۆی .

وە **لایەنی عەقڵ** : ئەوا بەڕاستی مرۆڤی خەوتوو لە كاتی خەوتنیدا خەوی ڕاست دەبینێت كەوا لەگەڵ واقعدا دەقاودەق وەك یەكن ، وە هەندێك جار پێغەمبەر (ﷺ) دەبینێت لەسەر شێوازی خۆی ، وە هەر كەسێكیش ببینێت لەسەر شێوازی خۆی ئەوا بەڕاستی بینیویەتی ، لەگەڵ ئەوەشدا كەسی خەوتوو هەر لە نێو ژوورەكەی خۆیدایە و لەسەر جێگەكەی خۆیدا دوورە لەوەی كە بینیویەتی ، جا ئەگەر ئەمە ڕوودانی شیاو بێت لە بوارەكانی دونیادا ، ئایا ڕوودانی شیاو نییە لە بوارەكانی دواڕۆژدا ؟

وە ئەوەی كە پشتیان پێبەستووە لە بۆچوونەكەیاندا كەوا ئەگەر مردووەكە سەرهەڵدرێتەوە و دەربخرێت لە نێو گۆڕەكەیدا ئەوا دەبینرێت چۆن بووە هەر وەكو خۆی وایە ، وە گۆڕەكە نەگۆڕاوە نە بە فراوان بوونەوە و نە بە تەنگ بوونەوەش ، ئەوا **وەڵامەكەی لە چەند ڕوویەكەوەیە** :

یەكەم : ئەوەیە كە بەڕاستی نابێت بەرهەڵستی ئەوە بكرێت كە شەرع پێی هاتووە بە نموونەی ئەم گومانە هەڵوەشێنراوانە كەوا ئەگەر ئەو كەسەی بەرهەڵستكاریان پێدەكات تێڕابمێنێت تێڕامانێكی پێویست و بە ووردی بیربكاتەوە لەو بەڵگانەی كەوا شەرع پێیان هاتووە ئەوا بەدڵنیایی پووچەڵێتی ئەم گومانانە دەزانێت ، وە وتراوە :

وكَمْ مِنْ عائِبٍ قولاً صحيحاً وآفتهُ من الفَهمِ السقيمِ

واتــە : چــەندین كــەس هەیــە وتەیــەكی ڕاســت لەكــەدار (عەیبــدار) دەكــات .. نەهامەتێكەشــی لــە لاوازی تێگەیشتنەكەیەتی .

---

[١٩] رواه البخاري ، كتاب الأدب ، باب النميمة من الكبائر ، رقم : (٥٧٠٨) ، ورواه مسلم ، كتاب الطهارة ، باب الدليل على نجاسة البول ووجوب الاســتبراء منه ، رقم : (٦٧٦) .

دووەم : بەڕاستی بارودۆخەکانی (حاڵەتەکانی) ژیانی نێو گۆڕ (بەرزەخ) بەشێکن لە بوارەکانی پەنهانی (غەیب) کەوا هەست پەییان پێنابات و دەرکیان پێناکات ، وە ئەگەر بوارەکانی غەیب بە هەست پەییان پێببرایەت و دەرکیان پێبکرایەت ئەوا سوودی باوەڕهێنان بە غەیب نەدەما و لەو کاتەشدا باوەڕهێنەران بە غەیب و نکۆڵیکەران لە بەڕاستخستنەوەیدا یەکسان دەبوون .

سێیەم : بەڕاستی سزا و خۆشی و فراوانی و تەنگی گۆڕ تەنها مردووەکە هەستی پێدەکات و بەس ، وە ئەمەش وەکو ئەوە وایە کە خەولێکەوتوو لە خەوەکەیدا خۆی دەبینێت کەوا لە شوێنێکی تەنگ و سامناکدایە یان لە شوێنێکی فراوان و خۆشدایە ، بەڵام ئەو کەسەی کە لە دەوروبەریدایە ئەمە نابینێت و هیچ هەستی پێناکات ، وە پێغەمبەر (ﷺ) وەحیی بۆ دەنێردرا لە کاتێکدا کە لە نێوان هاوەڵەکانیدا بوو ئەو وەحییەکەی دەبیست بەڵام هاوەڵانی نەیاندەبیست ، وە هەندێك جار فریشتەکە خۆی بۆی دەنواند لە شێوەی پیاوێکدا و قسەی لەگەڵیدا دەکرد کە چی هاوەڵانیش فریشتەکەیان نەدەبینی و گوێیشیان لێی نەدەبوو .

چوارەم : بەڕاستی پەیپێبردن و توانای هەست کردنی دروستکراو سنووردارە بە ئەوەندەی کە خوای گەورە توانای پێداون لە پەیپێبردن و هەست پێ کردن ، وە مەحاڵە بتوانن هەست بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە بوونیان هەیە ، ئەوەتە هەر حەوت ئاسمانەکە و زەوی و ئەوانەش کە لە نێوانیاندا هەن و هەموو شتێك تەسبیحات و ستایشی خوا دەکەن تەسبیحاتێکی ڕاستەقینە ، کە خوای گەورە هەندێك جار دەیدات بە گوێی ئەوانەی کە ویستی لێیبێت لە دروستکراوەکانی ، وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە داپۆشراوە و شاردراوەتەوە و پەنهانکراوە لە ئێمە ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ ﴿٤٤﴾﴾ [الإسراء] .

واتە : هەر حەوت ئاسمانەکە و زەوی و ئەوانەش کە لە نێوانیاندا هەن تەسبیحاتی خوا دەکەن ، وە هیچ شتێك نییە ئیللا تەسبیحات و ستایشی خوا دەکات ، بەڵام ئێوە لە تەسبیحاتی ئەوان تێناگەن .

هەروەها شەیتانەکان و جنۆکە بە سەر زەویدا دێن و دەڕۆن ، وە جنۆکە ئامادە بوون لە لای پێغەمبەر (ﷺ) و گوێیان گرت بۆ قورئان خوێندنەوەکەی و بێدەنگ بوون بۆی ، پاشان گەڕانەوە بۆ لای گەلەکەیان و ئاگاداریانییان کردەوە ، وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان شاردراونەتەوە و پەنهانکراون لە ئێمە ، وە سەبارەت بەمەش خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمۡ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنۡ حَيۡثُ لَا تَرَوۡنَهُمۡۗ إِنَّا جَعَلۡنَا ٱلشَّيَٰطِينَ أَوۡلِيَآءَ لِلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٢٧﴾﴾ [الأعراف] .

واتە : ئەی ئادەمیزاد وریا بن شەیتان هەڵتان نەخەڵەتێنێت بە ڕازاندنەوەی تاوان بۆتان وەکو چۆن باوە و دایە گەورەتانی (ئادەم و حەوا) لە بەهەشت دەرهێنایە دەرەوە و پۆشاکەکانیانی پێداکەندن بۆ ئەوەی عەورەتی خۆیانیان پێپیشان بدات ، بەڕاستی ئەو و هاوشێوەکانی لە جنۆکە ئێوە دەبینن لە کاتێکدا کە ئێوە ئەوان نابینن ، بەڕاستی ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە دۆست بۆ ئەوانەی کە باوەڕ ناهێنن .

جا ئەگەر دروستکراوەکان پەی نەبەن و هەست نەکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە هەن ، ئەوا بە دڵنیایی نابێت ئینکاری ئەو شتانە بکەن کە سەلمێنراون لە بوارەکانی پەنهانی (غەیب) و ئەوان پەییان پێنابەن و دەرکیان پێناکەن .

باوەڕبوون بە قەدەر

قەدەر : بریتییە لە ئەندازەگیری خوای گەورە بۆ بونەوەران ، بە پێی زانستی پێش وەختی بۆ ئەو ئەندازەگیریە ، وە بەو شێوەیەی کە دانایی خوا خواستویەتی .

وە **باوەڕبوون بە قەدەر چوار بوار دەگرێتەوە** :

یەکەم : باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە زانایە بە هەموو شتێك ، بە گشتی و بە ووردیش ، بە هەمیشەیی و هەتاهەتاییش ، جا ئەمە لەوانەدا کە پەیوەندییان بە کردارەکانی خواوە هەبێت یان بە کردارەکانی بەندەکانیەوە هەبێت یەکسانن .

دووەم : باوەڕبوون بەوەی کە خوای گەورە ئەو زانیارییانەی نووسیوەتەوە لە نێو کتێبی پارێزراودا (اللوح المحفوظ) ، وە سەبارەت بەم دوو بوارە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ۗ إِنَّ ذَٰلِكَ فِى كِتَٰبٍ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٧٠﴾﴾ [الحج] .

واتە : ئایا نەت زانیوە کە بەڕاستی خوا زانا و ئاگادارە بە هەموو ئەو شتانەی لە نێو ئاسمان و زەویدایە ، بەڕاستی ئەمە لە کتێبی (لوح المحفوظ)دایە ، بەڕاستی ئەمە بە لای خواوە ئاسانە .

وە لە (صحيح مسلم)دا لە (عبد الله بن عمرو بن العاص)ەوە (رضي الله عنهما) فەرموویەتی : بیستم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : ((كَتَبَ اللَّهُ مَقَادِيرَ الْخَلاَئِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ))[٢٠].

واتە : خوا چارەنووسی دروستکراوەکانی نووسیوە پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ .

سێیەم : باوەڕبوون بەوەی کە هەموو ڕووداوەکان (ئەو شتانەی کە دەبن) ڕوونادەن و نابن ئیللا بە ویستی خوای گەورە نەبێت ، جا چ ئەوە لەو شتانەدا بێت کە پەیوەندیان هەیە بە کرداری خواوە یان پەیوەندیان هەیە بە کرداری دروستکراوەکانەوە یەکسانن ، خوای گەورە سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە کرداری خۆیەوە هەیە فەرموویەتی : ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ وَيَخْتَارُ ۗ ﴿٦٨﴾﴾ [القصص] .

واتە : وە پەروەردگارت ئەوەی کە ویستی لێی ببێت دروستی دەکات و ئەوەش هەڵدەبژێرێت کە ویستی لێیەتی .

وە فەرموویەتی : ﴿وَيَفْعَلُ ٱللَّهُ مَا يَشَآءُ ﴿٢٧﴾﴾ [إبراهيم] .

واتە : خوا ئەوەی کە ویستی لێی ببێت دەیکات .

وە فەرموویەتی : ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى ٱلْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَآءُ ۚ ﴿٦﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : خوا ئەو کەسەیە کە شێوەتان دیاری دەکات لە منداڵدانی دایکاندا بەو شێوازەی کە ویستی لێی ببێت .

وە خوای گەورە سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە کرداری دروستکراوەکانەوە هەیە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقَٰتَلُوكُمْ ۚ ﴿٩٠﴾﴾ [النساء] .

---

[٢٠] رواه مسلم ، كتاب القدر ، باب حجاج آدم وموسى عليهما السلام ، رقم : (٦٦٩٠) .

واتە : وە ئەگەر خوا ویستی لێ ببێت ئەوا بێباوەڕەکان دەسەڵاتدار دەکات بە سەرتانەوە و ئەنجا لەگەڵتاندا دەجەنگان .

وە فەرموویەتی :﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ مَا فَعَلُوهُ فَذَرْهُمْ وَمَا يَفْتَرُونَ ﴿١١٢﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : وە ئەگەر پەروەردگارت ویستی لێ ببێت ئەوا ئەو کارانەیان نەدەکرد ، بۆیە تۆ وازبێنە لە خۆیان و لەوەش کە هەڵیدەبەستن .

چوارەم : باوەڕبوون بەوەی کە هەموو بونەوەر و ڕووداوەکان (ئەو شتانەی کە دەبن) دروستکراوی خوای گەورەن بە خوودی خۆیان و سیفەتەکانیان و جموجوڵیانیشەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ ﴿٦٢﴾﴾ [الزمر] .

واتە : خوا بەدیهێنەر و دروستکاری هەموو شتێکە ، وە بەسەر هەموو شتێکەوە وەکیلە .

وە خوای پاك و بێکەم وکوڕی فەرموویەتی : ﴿وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴿٢﴾﴾ [الفرقان] .

واتە : وە خوا هەموو شتێکی دروست کردووە و ئەندازەشی بۆ داناوە .

وە خوای گەورە سەبارەت بە پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه الصلاة والسلام) کە بە گەلەکەیی وتوە : فەرموویەتی : ﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾﴾ [الصافات] .

واتە : خوا ئێوەی دروست کردووە و ئەوەش کە دەیکەن .

* وە **باوەڕبوون بە قەدەر** ـ بەو شێوەیەی کە باسمان کرد ـ ئەوە ڕەد ناکاتەوە کەوا بەندە ویستی هەبێت لەو کردارانەیدا کە هەڵبژاردەی خۆیین و توانای هەبێت بەسەریاندا ، چونکە شەرع و واقع هەردووکیان بەڵگەن لەسەر سەلماندنی ئەمە بۆی :

لایەنی شەرع : ئەوا خوای گەورە سەبارەت بە ویستی بەندە فەرموویەتی: ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾﴾ [النبأ] .

واتە : هەر کەسێ ویستی لێ بێت گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگاری هەڵدەبژێرێت .

وە فەرموویەتی : ﴿فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ ﴿٢٢٣﴾﴾ [البقرة] .

واتە : بچنە لای جێی تۆوەکانتان چۆن دەتانەوێت (ویستان لەسەری هەیە) .

سەبارەت بە توانای بەندەیش خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ وَٱسْمَعُوا۟ وَأَطِيعُوا۟ ﴿١٦﴾﴾ [التغابن] .

واتە : لە خوا بترسن ئەوەندەی لە تواناتاندا هەیە ، وە گوێ بگرن و گوێڕایەڵ بن .

وە فەرموویەتی : ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ﴿٢٨٦﴾﴾ [البقرة] .

واتە : خوا ئەرك ناخاتە سەر هیچ کەسێك ئیللا بە پێی توانای نەبێت ، پاداشتی ئەوەی بۆ هەیە کە کردوویەتی لە چاکە و پاداشتی ئەوەشی لەسەرە کە کردوویەتی لە خراپە .

وە **لایەنی واقع** : ئەوا بەڕاستی هەموو مرۆڤێك دەزانێت کە خۆی ویست و توانای هەیە ، بە هەردووکیان کردار دەکات ، وە بە هەردووکیان واز دێنێت لە کردار کردن ، وە بە هەردووکیان جیاوازی دەکات لە نێوان ئەوەی کە ڕوودەدات بە پێی ویستی خۆی وەکو ڕێکردن لەگەڵ ئەوەدا کە ڕوودەدات بە بێ ویستی خۆی وەکو لەرزلێهاتن ،

بەڵام ویست و توانای بەندە بە ویست و توانای خوای گەورە بەدیدێن ، لەبەر فەرمایشتی خوای گەورە : ﴿لِمَن شَآءَ مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ ﴿٢٨﴾ وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٩﴾﴾ [التكوير].

واتە : بۆ هەر کەسێك لە ئێوە کە ویستی هەبێت ڕاست بێتەوە ﴿٢٨﴾ وە ناتوانن ویستان هەبێت ئیللا مەگەر خوای پەروەردگاری هەموو جیهان ویستی لەیَ ببێت .

وە لەبەر ئەوەی گەردوون هەمووی موڵکی خوایە هیچ شتێك لە نێو موڵکی خوادا نابێت بە بێ زانیاری و ویستی ئەو .

* وە **باوەڕبوون بە قەدەر** ـ بەو شێوەیەی کە باسمان کرد ـ بەڵگە و بیانو نابەخشێت بە بەندە بۆ وازهێنانی لەو کارانەی کە پێویست کراون لەسەری ، یان بۆ ئەنجامدانی تاوانەکان ، بە پێی ئەمە کردنی قەدەر بە بیانو لە لایەن ئەو جۆرە کەسانەوە پووچەڵە لە چەند ڕوویەکەوە :

یەکەم : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ لَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشْرَكْنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِن شَىْءٍ ۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا۟ بَأْسَنَا ۗ قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَآ ۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إِلَّا تَخْرُصُونَ ﴿١٤٨﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەوانەی کە هاوبەش بۆ خوا دادەنێنن دەڵێن : ئەگەر خوا بیویستایە ئێمە و باب و باپیرانمان هاوبەشمان (بۆ خوا) دانەدەنا ، وە هەروەها ئەگەر خوا نەی ویستبایە ئێمە هیچ شتێکمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد ، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆیان دەکرد و هەمان قسەیان دەوت هەتا سزا و تۆڵەی ئێمەیان چەشت ، (ئەی پێغەمبەر) بڵێ : ئایا هیچ بەڵگە و زانیاریەکتان لایە دەری خەن بۆمان ، ئێوە شوێنی هیچ شتێك ناکەون جگە لە گومان نەبێت ، وە ئەوەی ئێوە دەیڵێن لە درۆ زیاتر هیچ شتێکی تر نیی یە .

کەواتە ئەگەر قەدەر بەڵگە ببوایەت بۆیان ئەوا خوا سزا و تۆڵەی پێیان نەدەگەیاند .

دووەم : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾﴾ [النساء] .

واتە : پێغەمبەرانێك کە موژدەدەر و ئاگادارکەرەوەن بۆ ئەوەی خەڵکی بیانویان بە دەستەوە نەبێت لە لای خوا لە پاش ناردنی پێغەمبەران ، وە خوا بەدەسەڵات و دانایە .

کەواتە ئەگەر قەدەر بەڵگە ببوایەت بۆ پێچەوانەکەرانی پێغەمبەران ئەوا ئەو بیانووە بە ناردنی پێغەمبەران لانەدەچوو ، چونکە پێچەوانە کردن دوای ناردنیان ڕووی داوە بە قەدەری خوای گەورە .

سێیەم : ئەوەی کە (البخاري ومسلم ــ واللفظ للبخاري ــ) **گێڕاویانەتەوە** لە (علي بن أبـي طالب)ەوە (رضي الله عنه) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلاَّ وَقَدْ كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ الْجَنَّةِ وَمَقْعَدُهُ مِنَ النَّارِ ، فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ نَتَّكِلُ ؟ قَالَ : لاَ ، اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ ، ثُمَّ قَرَأَ : ﴿فَأَمَّا مَنْ أَعْطَىٰ وَٱتَّقَىٰ ﴿٥﴾ وَصَدَّقَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٦﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْيُسْرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسْتَغْنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ بِٱلْحُسْنَىٰ ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلْعُسْرَىٰ ﴿١٠﴾﴾ [الليل]))[٢١] .

---

[٢١] رواه البخاري ، كتاب التفسير ، باب تفسير (فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى) رقم : (٤٩٤٧) ، ورواه مسلم ، كتاب القدر ، باب كيفية خلق الآدمي وكتابة أجله ، رقم : (٦٦٧٥) .

واتە : هیچ یەكێك لە ئێوە نی‌یە ئیللا جێگای لە بەهەشتدا و جێگای لە دۆزەخدا نووسراوە ، وتمان : ئەی پێغەمبەری خوا : ئایا بۆ پاڵیلێنەدەینەوە و پشت بەو نووسینە ببەستین ؟ فەرمووی : نەخێر ، كردەوە بكەن چونكە هەموو كەسێك بەڕێخراوە ، ئەنجا ئەم ئایەتانەی خوێندەوە : بەڵام ئەو كەسەی كەوا دەبەخشێت و خۆپارێزی دەكات لە تاوان و لە خوا دەترسێت ﴿٥﴾ وە باوەڕی هەیە بە (لا إلــهَ إلاَّ الله / واتە : هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ـ **الله** ـ نەبێت) [یان باوەڕی هەیە بە (بەهەشت و پاداشتی چاكەكاری)] ﴿٦﴾ ئەوا هەموو چاكەكاری‌یەكی بۆ ئاسان دەكەین و یارمەتی دەدەین بۆ ئەنجامدانی هەموو خێرێك و دووركەوتنەوە لە هەموو خراپەیەك ﴿٧﴾ بەڵام ئەو كەسەی كەوا ڕەزیلی دەكات و خۆی بێ‌پێویست دەكات لە خوا (پێویستی خۆی بۆ خوا دەرنابڕێت) ﴿٨﴾ وە باوەڕی نی‌یە بە (لا إلــهَ إلاَّ الله / واتە : هیچ پەرستراوێك نی‌یە شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوا ـ **الله** ـ نەبێت) [یان باوەڕی نی‌یە بە (بەهەشت و پاداشتی ڕۆژی دوایی)] ﴿٩﴾ ئەوا هەموو خراپەكاری‌یەكی بۆ ئاسان دەكەین و یارمەتی نادەین بۆ ئەنجامدانی خێر و چاكە و دووركەوتنەوە لە خراپە .

(وفي لفظ لـمسلم) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ((اعْمَلُوا فَكُلٌّ مُيَسَّرٌ لِـمَا خُلِقَ لَـهُ)) [صحيح مسلم رقم : (٢٦٤٧)] .

واتە : كردەوە بكەن چونكە هەموو كەسێك بەڕێخراوە بۆ ئەوەی كە بۆی دروستكراوە .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كردووە بە كردەوە كردن ، و ڕێگری كردووە لە پشت بەستن بە قەدەر .

چوارەم : بەڕاستی خوای گەورە فەرمانی كردووە بە بەندە و ڕێگریشی لێ‌كردووە ، وە ئەركی نەخستووەتە سەر جگە لەوە نەبێت كە لە توانایدایە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ وَٱسۡمَعُواْ وَأَطِيعُواْ ﴿١٦﴾﴾ [التغابن] .

واتە : لە خوا بترسن ئەوەندەی لە توانAتاندا هەیە ، وە گوێ بگرن و گوێڕایەڵ بن .

وە فەرموویەتی : ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ ﴿٢٨٦﴾﴾ [البقرة] .

واتە : خوا ئەرك ناخاتە سەر هیچ كەسێك ئیللا بە پێی توانای نەبێت .

كەواتە ئەگەر بەندە ناچاركراو و زۆرلێكراو ببوایەت لەسەر كردووە كردن ، ئەوا ئەرك لەسەر (تەكلیفلێكراو) دەبوو بەوەی كە لە توانایدا نی‌یە ڕزگاری ببێت لێی ، وە ئەمەش پووچەڵە ، وە لە بەر ئەوە ئەگەر سەرپێچی‌یەكی لێ‌وەشایەوە بە نەزانی یان بە لەبیرچوونەوە یان بە زۆرپێ‌كردن ئەوا تاوانی لەسەر نی‌یە ، چونكە بیانووی هەیە .

پێنجەم : بەڕاستی قەدەری خوا نهێنی‌یەكی شاراوەیە پێی نازانرێت ئیللا دوای ڕوودانی ئەوە نەبێت كە دانراوە ببێت ، وە ویستی بەندە بۆ ئەو كارەی كە دەیكات پێش كردنەكەی كەوتووە ، بۆیە ویستی بەندە بۆ كردار بنیات نەنراوە لەسەر زانیاری ئەو بەندەیە بە قەدەری خوا ، كەواتە لەم كاتەدا قەدەر كردن بە بیانو لە لایەن ئەو كەسەوە نامێنێت و پووچەڵ دەبێتەوە ، چونكە بەڵگە و بیانو نی‌یە بۆ كەسێك لە شتێكدا كە نایزانێت .

شەشەم : بەڕاستی ئێمە دەبینین مرۆڤ سوورە لەسەر ئەوەی كە گونجاوە بۆی لە بوارەكانی دونیایدا تاوەكو پێی دەگات و دەستی دەكەوێت ، وە لەوە لانادات بۆ ئەوەی كە نەگونجاوە بۆی ، ئەنجا بۆ ئەم لادانەی قەدەر بكات بە بەڵگە !

باشه بۆ چی خۆی لادەدات لەوەی کە سوودی بۆی هەیە لە بوارەکانی ئاینەکەیدا بۆ ئەوەی کە زیانی پێدەگەیەنێت ئەنجا قەدەر دەکاتە بەڵگە ؟ ئایا باری هەردوو بوارەکە یەکێك نین* ؟

ـ ئەوە نموونەیەکە بۆ تۆ کە ئەمەت بۆ ڕوون دەکاتەوە :

ئەگەر لەبەر دەستی مرۆڤدا دوو ڕێگا هەبێت :

یەکێکیان : دەیگەیەنێتە وڵاتێك کە هەمووی پشێوی و هەر کەس بۆ خۆیە : کوشتن و تاڵان کردن و ئابڕووبردنی ناموس و ترس و برسێتی تێدایە .

دووەمیان : دەیگەیەنێتە وڵاتێك کە هەمووی یاسا و ئاسایش تێیدا بەرقەرارە و ژیانی خۆشە و ڕێز گرتنی تێدایە بۆ گیان و ناموس و ماڵ و سامانەکان ، ئایا کام ڕێگایەیان دەگرێتەبەر ؟

بەدڵنیایی ڕێگای دووەمیان دەگرێتەبەر کە دەیگەیەنێتە وڵاتی یاسا و ئاسایش ، وە هەرگیز مومکین نییە بۆ هیچ کەسێکی ژیر کەوا ڕێگای وڵاتی پشێوی و هەر کەس بۆ خۆی و ترس بگرێتەبەر و قەدەر بکات بە بەڵگە و بیانو !

ئایا لەبەر چی لە بواری دواڕۆژدا ڕێگای ئاگری دۆزەخ دەگرێتەبەر جگە لە بەهەشت و قەدەر دەکات بە بەڵگە ؟

ـ نموونەیەکی تر : دەبینین نەخۆش فەرمانی پێدەکرێت بە دەرمان خواردنەوە ، ئەویش دەیخواتەوە لە کاتێکدا کە دڵی نایبات و ئارەزووی ناکات ، وە ئەو خواردنەی لێ قەدەغە دەکرێت کە زیانی پێدەگەیەنێت ، ئەویش وازی لێ دێنێت لە کاتێکدا کە دڵی دەیبات و ئارەزووی دەکات ، هەموو ئەمانە ئەنجام دەدات بە مەبەستی داخوازی شیفا و چاك بوونەوە و سەلامەتی ، وە مومکین نییە کەوا خۆی بگرێتەوە لە خواردنەوەی دەرمان ، یان ئەو خواردنە بخوات کە زیانی پێدەگەیەنێت و قەدەر بکات بە بەڵگە و بیانو !

ئایا لەبەر چی مرۆڤ واز دێنێت لەوەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێکردووە یان ئەوە ئەنجامدەدات کە خوا و پێغەمبەرەکەی قەدەغەیان کردووە ئەنجا قەدەر دەکات بە بەڵگە ؟

حەوتەم : بەڕاستی ئەو کەسەی کە قەدەر دەکات بە بیانو بۆ وازهێنانی لەوەی کە وازی لێهێناوە لە پێویستکراوەکان (الواجبات) ، یان ئەوەی کە ئەنجامی دەدات لە تاوانەکان ، ئەگەر کەسێك دەست درێژی بکاتە سەری و ماڵەکەی ببات یان ئابڕوی ببات و ناوبانگی بڕوشێنێت ، ئەنجا قەدەر بکاتە بەڵگە و بڵێت : سەرزەنشتم مەکە ! چونکە دەست درێژی کردنەکەم بە قەدەری خوا ڕوویداوە ! ئەوا بیانوەکەی لێقبوڵ ناکرێت .

باشە چۆن بیانو هێنانەوە بە قەدەر لە جگە لە خۆی قبوڵ ناکات بۆ دەست درێژی کردنی بۆ سەری ، وە خۆی بۆ خۆی قەدەر دەکاتە بیانو لە دەست درێژی کردنیدا بۆ سەر مافی خوای گەورە ؟!

وە دەگێڕنەوە لە پێشەوای باوەڕدارانەوە (عمر بن الخطاب ﷺ) کەوا دزێکیان هێناوە بۆ لای کە شایستەی دەست بڕینەوە بووە ، بۆیە فەرمانی کرد بە بڕینەوەی دەستی ، ئەویش وتی : پەلەمەکە ئەی پێشەوای باوەڕداران

---

* مەبەستی ئەوەیە بۆ هەڵبژاردنی لایەنی چاکە و دوور کەوتنەوە لە خراپە لە بواری دونیادا دەڵێت بە ویست و بڕیار و توانای خۆم کردوومە و خۆم سەرپشك بوومە تێیدا ، بەڵام لە بواری ئاین و دینداری دا بۆ ئەنجامدانی خراپە و دوور کەوتنەوە لە چاکە ناڵێت بە ویست و بڕیار و توانای خۆم کردوومە بەڵکو دەڵێت بە پێی قەدەر بووە و خوا لە چارەمی نووسیوە کە من خراپەکار بم و چاکەکار نەبم ! ! !

بەڕاستی ئەمە بانێکە و دوو هەوا ! چونکە لە بواری ئاین و دینەکەیشدا هەر بە ویست و بڕیار و توانای خۆی خراپەی کردووە و چاکەی نەکردووە ، کەس نییە بتوانێت نکۆڵی لە ئەمە بکات مەگەر کەسێکی زۆر بێعەقڵ و گێل و گەمژە نەبێت . ـ وەرگێڕ ـ

چونکە بەڕاستی من بە قـەدەری خـوا دزیـم کـردووە ! عومـەریش فـەرمووی : بەڕاسـتی ئێمـەیش بـە قـەدەری خـوا دەستت دەبڕین .

وە **باوەڕبوون بە قەدەر** چەندین بەرهەمی گەورەی هەیە ، لەوانە :

یەکەم : پشت بەستن بە خوای گەورە لە کاتی ئەنجامدانی هۆکارەکاندا ، بە شێوەیەك کـە پـشت نەبەسـترێت بە خوودی هۆکارەکە خۆیەوە ، چونکە هەموو شتێك بە قەدەری خوای گەورە دەبێت .

دووەم : کـەوا مرۆڤ سەرسـام نـەبێت بـە خۆیـەوە لـە کـاتی بـەدیهاتنی مەبەسـتەکەیدا ، چـونکە بـەدیهاتنی مەبەسـتەکەی نیعمەتێکـە لـە لایـەن خـوای گـەورەوە بـەوەی کـە ڕێکیخـستووە و دایـنـاوە لـە هۆکارەکـانی چاکە و سەرکەوتن ، بەڵام سەرسام بوونی بە خۆیەوە شوکر و سوپاسی ئەم نیعمەتەی لە بیر دەباتەوە .

سێیەم : ئارامی و ئیسراحەتی دەروونی بەوەی کە دێت بەسەریدا لە قـەدەرەکانی خـوای گـەورە ، جـا بێـزار و شپرز نابێت بە لەدەست چوونی خۆشویستراوێك یـان بـە ڕوودانـی نەخواسـتراوێك ، چـونکە ئەمـە بـە قـەدەری خـوا دەبێت کە موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هی ئەوە ، وە ئەوە دەبێت ببێت و هیچ ڕێگاچارەیەك نـیـە بـۆ ڕوونـەدانی ، وە سەبارەت بەمە خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ﴿٢٢﴾ لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾﴾ [الحديد] .

واتە : هـیچ بەڵایـەك ڕوونـادات لـە زەویـدا و لـە خـوودی خۆیشتاندا ئیللا لـە کتێبی (اللوح المحفوظ)دا نووسراوەتەوە پێش ئەوەی دروستی بکەین ، بەڕاستی ئەمە بە لای خواوە ئاسانە ﴿٢٢﴾ بۆ ئـەوەی خـەم نـەخۆن بـۆ ئەوەی کـە لـە دەسـتان دەچـێت و دڵخۆشـیش نـەبن بـەوەی کـە پێتـان دراوە ، وە خـوا هـەموو خۆبەگەورەزان و شانازیکەرێکی خۆش ناوێت .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی : ((عَجَبًا لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ ، وَلَيْسَ ذَاكَ لأَحَدٍ إِلاَّ لِلْمُؤْمِنِ ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ))[٢٢] .

واتە : سەرسوڕمان بۆ باری باوەڕدار بەڕاسـتی هـەموو بـارێکی خێـرە ، وە ئەمـەش بـۆ کـەس نـیـە تـەنها بـۆ باوەڕدار نەبێت ، ئەگەر خۆشییەکی تووش ببێت سوپاسی خـوا دەکـات ئەمـەش خێـرە بـۆی ، وە ئەگـەر زیـانێکی تووش ببێت ئارام دەگرێت ئەمەش خێرە بۆی .

*** وە لە بواری قەدەردا دوو تاقم گومڕا بوون :**

یەکەمینیان : (الجبرية) : ئەوانەی کە وتویانە بەندە ناچار و زۆرلێکراوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەکانی ، وە هـیچ ویست و توانای خۆیی تێدا نییە .

دووەمینیان : (القدرية) : ئەوانـەی کـە وتویانـە بەنـدە بـە ویست و توانـای خـۆی سـەربەخۆیە لـە ئەنجامـدانی کردەوەکانیدا ، وە هیچ کاریگەری ویست و توانای خوای گەورەی لەسەر نییە تێیدا .

---

[٢٢] رواه مسلم ، كتاب الزهد والرقائق ، باب المؤمن أمره كله خير ، رقم : (٧٤٢٥) .

وەڵامدانەوەی تاقمی یەکەم (الـجبرية) **بە شەرع و واقع دەبێت :**

لایەنی شەرع : ئەوا بەڕاستی خوای گەورە ئەوەی سەلماندووە کەوا بەندە ویستی هەیە ، وە کردەوەشی داواتە پاڵییەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۚ ﴿١٥٢﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : هەندێك لە ئێوە دونیای دەوێت و هەندێکی دیکەیشتان دواڕۆژی دەوێت .

وە فەرموویەتی : ﴿وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ إِنَّآ أَعْتَدْنَا لِلظَّٰلِمِينَ نَارًا أَحَاطَ بِهِمْ سُرَادِقُهَا ﴿٢٩﴾﴾ [الكهف] .واتە : ئەی پێغەمبەر بڵێ بە خەڵکی : ئەمەی کە پێتانی ڕادەگەیەنم ڕاستە و لای پەروەردگارتانەوە هێناومە ، جا هەر کەسێك دەیەوێت باوەڕ بێنێت با باوەڕ بێنێت وە هەر کەسێکیش دەیەوێت باوەڕ نەهێنێت با باوەڕ نەهێنێت ، بەڕاستی ئێمە ئاگرێکمان ئامادە کردووە بۆ ستەمکاران کەوا چواردەوری داون بە پەرژینەکانی و ناتوانن لێی دەرباز بن .

وە فەرموویەتی : ﴿مَّنْ عَمِلَ صَٰلِحًا فَلِنَفْسِهِۦ ۖ وَمَنْ أَسَآءَ فَعَلَيْهَا ۗ وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٤٦﴾﴾ [فصلت] .

واتە : هەر کەسێك کردەوەی چاکە ئەنجامبدات ئەوە بۆ خۆی کردوویەتی ، وە هەر کەسێك خراپە بکات ئەوە لەسەری دەکەوێت ، وە پەروەردگارت هەرگیز ستەمکار نییە لە بەندەکان .

وە **لایەنی واقع** : ئەوا بەڕاستی هەموو مرۆڤێك دەزانێت جیاوازی هەیە لە نێوان کردارە هەڵبژێردراوەکانی کە بە ویستی خۆی ئەنجامیان دەدات : وەکو خواردن و خواردنەوە و کڕین و فرۆشتن ، لەگەڵ ئەو کردارانەیدا کە دەکەونە سەری بە بێ ویستی خۆی : وەکو لەرزلێهاتن لە کاتی تالێهاتن و کەوتنە خوارەوە لە سەربانەوە ، ئەو لە یەکەمیاندا (فاعِلٌ مُختارٌ بإرادتهِ من غير جَبْرٍ) ئەنجامدەر و سەرپشکە بە ویستی خۆی بە بێ زۆر لێکردن ، وە لە دووەمیاندا (غيرُ مُختارٍ ولا مُريدٍ لـما وقع عليهِ) سەرپشك نییە و ئەوەی ناوێت کەوا کەوتووەتە سەری .

وە **وەڵامدانەوەی تاقمی دووەم** (القدرية) **بە شەرع و عەقڵ دەبێت :**

لایەنی شەرع : ئەوا بەڕاستی خوای گەورە بەدیهێنەر و دروستکاری هەموو شتێکە ، وە هەموو شتێك بە ویستی ئەو دەبێت ، وە خوای گەورە لە کتێبەکەیدا (قورئان) ڕوونی کردووەتەوە کەوا کرداری بەندەکان بە ویستی ئەو ڕوودەدەن ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلَ ٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا جَآءَتْهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ وَلَٰكِنِ ٱخْتَلَفُوا۟ فَمِنْهُم مَّنْ ءَامَنَ وَمِنْهُم مَّن كَفَرَ ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا ٱقْتَتَلُوا۟ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ ﴿٢٥٣﴾﴾ [البقرة] .

واتە : وە ئەگەر خوا ویستی لێ ببوایەت ئەوا ئەوانەی دوای ئەوان کوشتاریان نەدەکرد دوای ئەوەی کەوا بەڵگەی ڕوونیان بۆ هات بەڵام ئەوان جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە بۆیە هەندێکیان باوەڕی هێنا و هەندێکی تریان باوەڕی نەهێنا ، وە ئەگەر خوا ویستی لێ ببوایەت کوشتاریان نەدەکرد بەڵام خوا ئەوە دەکات کە دەیەوێت .

وە فەرموویەتی : ﴿وَلَوْ شِئْنَا لَـَٔاتَيْنَا كُلَّ نَفْسٍ هُدَىٰهَا وَلَٰكِنْ حَقَّ ٱلْقَوْلُ مِنِّى لَأَمْلَأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ ٱلْجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ أَجْمَعِينَ ﴿١٣﴾﴾ [السجدة] .

واتە : وە ئەگەر بمانەوێت ڕێڕەوی ڕووناکیمان (باوەڕهێنان) دەدا بە هەموو کەسێك ، بەڵام من بەڵێنی جێگیر و یەکلاییم داوە بەوەی کەوا دۆزەخ پڕ بکەمەوە بە جنۆکە و مرۆڤ هەموویان .

وە **لایەنی عەقڵ** : ئەوا بەڕاستی گەردوون هەمووی خوای گەورە خاوەنیەتی ، وە مرۆڤیش بەشێکە لەم گەردوونە ، وە مومکینیش نییە بۆ خاوەندار ڕەفتار بکات لە نێو موڵکی خاوەنەکەیدا ئیللا بە مۆڵەت (ئیزن) و ویستی خاوەنەکەی نەبێت .

مەبەستەكانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی

(أهداف العقيدة الإسلامية)

وشەی (الــهدف) لە زمانی عەرەبیدا بۆ چەند واتایەك بە كار دەهێنرێت لەوانە : (نیشانە : جێگیر دەكرێت بۆ تێگرتنی ، وە هەموو شتێكی خواستراو) .

مەبەستەكانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی : بریتین لە ئامانج و مەبەستە چاك و ڕێزدارەكان كە لـە ئـەنجامی پەیوەست بوون پێیەوە دەست دەكەون ، وە ئەو (**ئامانج و مەبەستانە**)ش زۆرن و جۆراوجۆرن ، لەوانە :

یەكەم : پاك كردنەوەی نییەت و پەرستن بۆ خوای گەورە بە تەنها ، چونكە ئەو دروستكارە و شەریكی نـیـە ، بۆیە پێویستە كەوا نییەت و پەرستن بۆ ئەو بێت بە تەنها .

دووەم : ئازاد كردنی عەقڵ و بیر لە بێسەروبەری و سەرلێتێكچوونی پەیدابوو لە نێو دڵی خاڵی لـەم بیروباوەڕە ، چونكە هەر كەسێك دڵـی خـاڵی بـوو لـێی ئـەوە یـان دڵـی خـاڵیـە لـە هـەموو بیروباوەڕێك و تـەنها كەرەستەی هەستپێكراو (مادەی بەرجەستە) دەپەرستێت ، وە یـان سـەری‌لێتێكچووە لـە نێـو گومڕایـەتی بیروبـاوەڕە پـووچ و ئەفسانەكاندا .

سێیەم : ئاسـوودەیی دەرونـی و بـیری ، دەرونـی هـیچ هەسـت بـە دوو دڵـی ناكـات و بیریـشی شـڵۆق نابێـت و تێكناچێت ، چـونكە ئـەم بیروبـاوەڕە بـاوەڕدار پەیوەسـت دەكـات بـە دروسـتكار و بەدیهێنەرەكەیـەوە ، بۆیـە بـە دروستكارەكەی ڕازی دەبێت كەوا ئەو پەروەردگار و بەڕێوەبەر و فەرمانڕاوە و بەرنامەدانەر ببێت بۆی ، ئەنجا دڵـی ئارام دەگرێت بە قەدەری خوا و سنگی دەكرێتەوە بۆ ئیسلام و خوازیاری هیچ بەرنامەیەكی تر نابێت جگە لەو .

چوارەم : سەلامەتی و بێگەردی مەبەست و كردەوە لە لادان و لاڕێبوون لە پەرستنی خـوای گـەورەدا ، یـان لـە مامەڵە كردن لەگەڵ دروستكراوەكاندا ، چـونكە یـەكێك لـە بنـەماكانی ئـەم بیروباوەڕە بـریتـیـە لـە بـاوەڕبوون بـە پێغەمبەران كە شوێنكەوتنی ڕێبازە سەلامەتەكەیان لە مەبەست و كردەوەدا دەگرێتەوە .

پێنجەم : یەكلایی و گورج بوون لە شتەكاندا ، بە شێوەیەك كەوا هیچ دەرفەتێك بۆ كردەوەی چاكە لـە دەسـت نادات و ئیللا بە كاری دێنێت تێیدا بە ئوومێدی پاداشت وەرگرتنەوە ، وە هیچ جێیەكی تاوان نابینێـت ئـیللا خـۆیی لێ دوور دەخاتەوە لە ترسـی سزا و تۆڵـەی خـوادا ، چـونكە یـەكێك لـە بنـەماكانی ئـەم بیروبـاوەڕە بـریتـیـە لـە باوەڕبوون بە زیندوو بوونەوە و پاداشت وەرگرتنەوە لەسەر كردەوەكان .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُواْۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا يَعۡمَلُونَ ١٣٢﴾ [الأنعام] .

واتە : وە چەندین پلە هەیە بۆ هەریەكێكیان لە پاداشتی ئەوەدا كە كردوویانە ، وە پەروەردگارت بێئاگا نـیـە لەوەی كە دەیكەن .

وە پێغەمبەر (ﷺ) هانی باوەڕدارانی داوە بۆ ئەم مەبەستە لـەم فەرموودەیەیـدا : ((الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ ، احْــرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ وَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَلَا تَعْــجِزْ ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ فَلَا تَقُلْ : لَوْ أَنِّي فَعَلْت كَذَا كَانَ كَذَا وَكَذَا ، وَلَكِنْ قُلْ : قَدَّرَ اللَّهُ وَمَا شَاءَ اللَّهُ فَعَلَ ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ))[٢٣] .

واتە : باوەڕداری بەهێز چاكترە و خۆشەویسترە لای خوا لە بـاوەڕداری بـێهێز ، وە هـەردووكیان هـەر خێریـان تێدایە ، سووربە لەسەر ئەوەی كە سوودی تێدایە بۆت و داوای یارمەتی لە خوا بكە و بێدەسەڵات مەبە ، وە ئەگـەر

[٢٣] رواه مسلم ، كتاب القدر ، باب في الأمر بالقوة وترك العجز والاستعانة بالله وتفويض الــمقادير لله ، رقم : (٦٧١٦) .

ناهەمواری و بەڵایەکت تووش بوو ئەوا مەڵێ : "ئەگەر من ئاوام بکردایەت ئاوەها و ئاوەها دەبوو" ، بەڵکو بڵێ : خوا وای دانا بوو (قەدەری خوا وا بوو) وە خوا ویستی لە هەر شتێك ببێت دەیکات ، چونکە وتەی "ئەگەر ..." دەرگا دەکاتەوە بۆ کاری شەیتان .

شەشەم : پێکهاتنی ئوممەتێکی بە توانا و بەهێز کە هەموو شتێکی بە نرخ و کەم نرخ ببەخشێت لە پێناوی جێگیر کردنی ئاینەکەی و تۆکمە و بەهێز کردنی پایەکانیدا ، وە گوێنەدەر بەوەی کە تووشی دەبێت لە پێناوی ئەمەدا ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ١٥﴾ [الحجرات] .

واتە : بەڕاستی باوەڕداران تەنها بریتین لەوانەی کە باوەڕیان هێناوە بە خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەنجا گومانیان نییە لەوەدا و تێکۆشاون بە ماڵ و خۆیانەوە لە پێناوی خوادا ، ئا ئەوانە بریتین لە ڕاستگۆیان .

حەوتەم : گەیشتن بە بەختەوەری دونیا و دواڕۆژ بە چاك کردنی تاکەکان و کۆمەڵەکان ، وە دەست خستنی پاداشت و ڕێزەکان لای خوا ، وە سەبارەت بەمە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧﴾ [النحل] .

واتە : هەر کەسێك کردەوەی چاکە ئەنجامبدات چ نێر یاخود مێ بێت و باوەڕدار بێت ئەوا بەدڵنیایی ژیانێکی خۆش و بەلەزەتی بۆ دەڕەخسێنین لە دونیادا ، وە بەدڵنیایی لە دواڕۆژیشدا پاداشتیان دەدەینەوە بە باشتر لەوەی کە کردوویانە .

ئەمانە هەندێك بوون لە **مەبەستەکانی بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ... ئوومێدەوارین لە خوای گەورە کە بۆ ئێمە و هەموو موسڵمانانی بە دی بێنێت ، بەڕاستی خوا دەستکراوە و بەخشندەیە ، وە سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهان .

وصلَّى اللهُ وسلَّمَ على نبيِّنا مُحَمَّدٍ
وعلى آلِهِ وصحبِهِ أجمعين

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار تەواو بووم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە زۆر بەسوودە لە ڕۆژی سێ شەمەی مانگی موحەڕەمی پاش هەزار و چوارسەد و سی ساڵ لە کۆچ کردنی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) لە مەککەوە بۆ مەدینە کە دەکاتە بەرواری : (١٠ / ١ / ١٤٣٠) کۆچی .

وەرگێڕ
محمد عبد الرحمن لطيف
کوردستان / کەلار : (٠٧٧٠١٩٨٨٦٢٣)

(اللهُمَّ اجعلْ خيرَ عمري آخرهُ ،
وخيرَ أعمالي خواتِمَهُ ،
وخيرَ أيامي يوم ألقاك)

لە بەرهەمەکانی وەرگێڕ

١ ـ **سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان** ـ چاپی دووەم ـ .

٢ ـ **بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت** ـ چاپی شەشەم ـ .

٣ ـ **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ـ چاپی یەکەم ـ .

٤ ـ **کورتەیەك لە فیقهی سوننەت و قورئانی ئازیز** ، لە بریتییە لە وەرگێڕانی کتێبی : (الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز) ـ ئامادە دەکرێت بۆ چاپ ـ .

٥ ـ **برایەتی نێوان موسڵمانان** ... ـ چاپی چوارەم ـ .

٦ ـ **لە گەڵ کێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی کێ دەکەیت ؟** ـ چاپی چوارەم ـ .

٧ ـ **چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی چوارەم ـ .

٨ ـ **کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ)ـ چاپی سێیەم ـ .

٩ ـ **حوکم و ئادابەکانی قەرزدان و قەرزکردن و قەرزدانەوە** ... ـ چاپی یەکەم ـ .

١٠ ـ **فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی** ـ چاپی دووەم ـ .

١١ ـ **گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٢ ـ **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٣ ـ **حوکمی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگای موسلماناندا / فەتوای هەردوو شێخ : (ابن باز) و (ابن العثيمين)** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٤ ـ **زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا :**

یەکەم : **ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی** ـ چاپی چوارەم ـ .

دووەم : **زانا ترین ئافرەتی دونیا** ـ چاپی چوارەم ـ .

سێیەم : **لە دایك بوونی کچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێکی سەردەمی نەفامی و جاهلی لە سەدەی پێشکەوتووی بیست و یەکدا !!!** ـ چاپی سێیەم ـ .